داینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٠٦
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٣
٣ی فیبریوەی ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## پەیامی پیرۆزبایی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی کۆتایی سەرکەوتوانەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە

دوابەدوای کۆتایی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ژانویەی هەرێمی کوردستان و عێراق، هاوڕێی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پەیامی تایبەتیی بۆ هەرکام لە بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و کاك مەسعوود بازرانی سەرۆك پارتی دێموکراتی کوردستان نارد. جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەو پەیامانەدا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ئەو هەڵبژاردنانە، هیواداریی دەربڕی کە ئەو هەڵبژاردنانە سەرەتایەك بن بۆ سەقامگیریی دێموکراسی و سیستمی فیدراڵی و هاتنەدیی هەرچی زیاتری مافەکانی گەلی کورد لە عێراق. دەقی تەواوی ئەو پەیامانە لە لاپەڕە ٢دا خراوەتە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.

# بیرەوەریی کۆماری کوردستان پاشی ٥٩ ساڵ هەروا گوڕوتینمان پێدەبەخشێ



لە ٥٩ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دا، درێژەدەرانی ڕێگاو ڕێبازی ئەو کۆمارەو ئەوگرانی ئازادیی گەلی کورد، راشکاوانەتر لە هەمیشەو بەشکۆیەکی هەرچی زیاترەوە، ڕێزیان لە بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ گرت. لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئێران، کارێکی تەبلیغی بەربڵاو بەم بۆنەیەوە لەلایەن لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و ئەوگرانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستانەوە، بەڕێوەچوو. لە شاری مەهاباد، بە سەدان کەس لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان دا چوونە سەر گڵکۆی سەرکۆماری شەهید پێشەوا قازی محەممەد. لە دەرەوەی کوردستان، لە ئوروپا، ئەمریکا و کانادا و ئوستڕالیا چەندین ڕێورەسم و بەرنامەی سیاسی و فەرهەنگی و شاد بە بەشداریی هەزاران کورد بەڕێوەچوون.

لە بنکەی دەفتەری سیاسی و ناوەندەکانی دیکەی حیزب مراسمی تایبەتی بەو بۆنەیەوە پێك هات. ڕاپۆرتی بەشێك لەو ڕێورەسمانە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا هاتوون. لە ڕێورەسمی پێکهاتوو لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب دا، کە ژمارەیەکی یەگجار زۆر لە تێکۆشەران و بنەماڵە حیزبییەکان تێیدا بەشدار بوون، هاوڕێی بەڕێز عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو پێوەندییەدا پێشکێش کرد. لەدرێژەی مراسمەکەدا چەندین سروودی شۆڕشگێڕانە و گۆرانیی شاد لەلایەن هونەرمەندانی دەنگخۆش بە هاوکاریی هونەرمەندانی کۆڕی هونەریی حیزب پێشکێش کران. مراسمەکە لەنێو هەڵپەرکێ و شادی و خۆشیی بەشداران دا کۆتایی پێهات. دەقی پەیامی پێشکێش کراو لەلایەن هاوڕێی بەڕێز عەلی مێهرپەروەر لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیە دایە.

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە ٢
دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵاتی ئاڵمان ٣
هەڵبژاردنی عێراق، یەکەم پڕشنگ و تروسکەکانی دێموکراسی لەو وڵاتەدا ٥
ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨
فیدراڵیزم و دژایەتیی شۆڤینیستانە لەگەڵی ٩
دەربازبوون لە بەندی کۆنە پەرستی ١٠

## گەلی کورد بەراستی شایانی ئازادی و دێموکراسییە

قادر وریا

بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٣٠ی ژانویەی عێراق، وەك زۆر لە چاوەدێران و شارەزایانی سیاسی لەنێو خۆو دەرەوەی عێراق ئاماژەیان پێکرد، نیشانەی تەسلیم نەبوونی عێراقییەکان لەبەرامبەر تیرۆریستان و دوژمنانی دێموکراسی و پێشکەوتن دابوو. ئەم هەڵبژاردنانە هەنگاوێکی گرنگ بوون لە نزیك کردنەوەی عێراقییەکان لە بنیاتنانی عێراقێکی نوێدا. بەشداریی زیاتر لە سەدی ٦٠ی خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەڵبژاردن دا ئەویش لە هەلومەرجێك دا کە پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشوو، تیرۆریستان و دوژمنانی عێراقێکی دێموکراتیك و فیدراڵی بە هەموو توانایانەوە خەریکی ئاژاوەنانەوەو پێکهێنانی نائەمنی و وەڕێخستنی تەقینەوەو هێرش و پەلامار بۆ سەر دەنگدەران و سندووقەکانی دەنگ بوون، ئیرادەی پتەو ئەوگریی زۆری ئەوان بۆ دەست پێکردنی ژیان لە سێبەری ئازادی و ئاشتی و پێکەوە ژیانی هێمنانە دەگەیەنێ.

بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردن و جۆری هەڵسوکەوت و بەشداریی گەلی کورد لەم پرۆسەیەدا، چەند شتێکی گرنگی دیکەشی سەلماند:

١ـ دانانی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی دیکەوە، هەر لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە بگرە تا دەگاتە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوان کاتێك نۆرە گەیشتە سەر بەرژەوەندە گرنگە نەتەوەییەکانی وەك سەنگ و قورسایی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی عێراق دا، یەکلا کردنەوەی کێشەی کەرکوك بە قازانجی کوردستان و دابینکردنی تەبایی و هاوکاریی هەرچی پتری دوو حیزبە سەرەکییە بۆ ئەم قۆناغە ئاستەم و چارەنووسازە، هەڵوێست و سیاسەتی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان گرتەبەرو بە مە خۆیان لە ئاستی نەتەوەی کورد بەگشتی و لە هەمبەر مێژوودا، سەربەرزو ڕووسوور کرد.

٢ـ سەرەڕای گیرانەپێشی تاکتیك و هەڵوێستی لێبڕاوانەو بەجێ لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیی کوردەوە لەپێناوی دابین بوونی زیاتری ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە عێراقی داهاتوودا، ڕێبەران و نوێنەرانی کورد نەك هەر هیچ کات داوای زەوتکردن و پێشێلکردنی مافی ئەو کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییانەیان نەکردوە کە لەگەڵ کورد لە کوردستان و لە عێراق دا دەژین، بەڵکوو لە ئەزموون و سەنگ و توانایی خۆشیان بۆ چەسپاندن و دابین بوونی مافەکانی ئەوان کەلکیان وەرگرتوە.

٣ـ گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە بەربەرەکانی و ڕاوەستان بەدژی زۆرداری و سەرەڕۆیی حکوومەتە دیکتاتۆرو ئازادیکوژەکان، هەمیشە لە پێشەوەی هەموو هاونیشتمانانی خۆی بووەو لە هیچ چەشنە قوربانییەك درێغی نەکردوە. گەلی کورد لە عێراق بەو مێژووە خوێناوییەو بەو هەموو کارەسات و ئازارو مەینەتەی بینیویەتی، نموونەیەکی هەرە دیاری ئامادەیی بۆ خۆبەخت کردن لەپێناوی ئازادی و دێموکراسییە. ئەوەتا لە ڕووبەڕوو بوونە لەگەڵ هەڵبژاردن و دەنگدان و پێشبڕکێی دێموکراتیك و شارستانییانەش دا، نموونەیەکی کەم هاوتا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دایە. ئەو هێمنی و ئاسایشەی لە کوردستان هەیە، کەشوهەوایەکی دێموکراتیك کە لە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردن دا هەبوو، تامەزرۆیی کۆمەڵانی خەڵك بۆ دەنگدان و دروشم و بەرنامە تەبلیغاتییەکانی حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکان و زۆر ڕاستیی دیکەی تایبەت بە کوردستان و گەلی کورد، جارێکی دیکە نیشانیان دایەوە کە ئەم گەلە بەڕاستی شایانی ئەوەیە ئازادی و دێموکراسی هەبێ و، بەو پلەیە لە تێگەیشتن و پێگەیشتن گەیشتوە کە چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ.

## پەرەگرتنی فشارو سەرکوت لە کورستان

ماڵپەڕی "اخبار روز" وێڕای ئاماژە بە "بانگ کردنەکان و گرتنی بەکۆمەڵی تێکۆشەرانی کورد" و "ڕاگەیەندرانی شەڕی ڕەوانی دژی توێژو سینفە جۆراوجۆرەکان" لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە، نیشانەکانی پەرەگرتنی سەرکوتی سیستماتیك لە کوردستانی ئێرانی بەمجۆرە ناوبردوە:

١ـ هێزە سیاسی ـ ئەمنییەتییە جۆراوجۆرەکان و دامودەزگاکانی سەر بەوان، شانبەشانی یەکترو بە جیاجیا، هەواڵی پێکهێنانی کەشوهەوایەکی "نائاسایی" دەدەن.

٢ـ هێزەکانی سوپای پاسداران، پێگە نیزامییە چۆڵکراوەکانیان ڕێکوپێك و ئامادە کردۆتەوەو مەیدانی خۆیان بەربڵاوتر کردوە (لە ناوچەی مەنگوڕان و لە دێیەکانی خەلیفان، باگردان و...)

٣ـ ئیدارەی سەبت و ئەحوالیش بە نۆرەی خۆی، ئەم ڕۆژانە ڕێگای دانانی ناوی کوردی لەسەر منداڵان ناداو لە کاتێك دا ناوی هەموو شەقام و گۆڕەپانەکان بە زمانی عەرەبین، دەیەوێ ناوی منداڵانیش بە زمانی فارسی بن.

٤ـ فەرمانداری و [ئیدارەی] "ئەماکین"یش لە ترسی پێشبڕکێی ئیدارەی سەبت و ئەحواڵ و، سوپای پاسداران، دەسەڵاتی خۆیان بە کوردەکان نیشان دەدەن و وەپێش ئەوان کەوتوونەوە. مەئموورانی ئەماکین و فەرمانداری هەڕەشەیان کردوە کە ئەگەر لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ناوی کوردیی دوکانەکان نەکرێن بە فارسی، پەروانەی کەسبیان لێ وەردەگیرێتەوە.

## ئێعدام و بەردبارانی کەسانی خوار ١٨ ساڵ بوەستێنن

کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکی ١٧ لاپەڕیدا، پاش هێنانەگۆڕی وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، داوای لەو ڕێژیمە کردوە سزای ئێعدام، شەللاق لێدان، پەڕاندنی ئەندامەکانی لەش و بەردبارانی تاوانبارانی خوار ١٨ ساڵ هەڵوەشێنێتەوە. هەواڵدەریی ڕویتێرز لەو بارەوە گوتی: کۆمیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێرانی ڕوون کردۆتەوە کە: کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مافەکانی منداڵانەوە، ئەم جۆرە سزایانەی بۆ تاوانبارانی خوار ١٨ ساڵ قەدەغە کردوە، بەڵام قانوونی ئێران ڕێگای بەڕێوەبردنی ئەم سزایانە دەداو بەشێوەیەکی سیستماتیك لەلایەن کاربەدەستانی قەزاییەوە، بەکار دەهێنرێن.

## ئێران لە سەرووی لیستی شوێنە ژانەسەر خوڵقێنەکان دایە

**ڕادیۆ ئەمریکا(بەشی فارسی):** دیك چینی جێگری سەرکۆماری ئەمریکا گوتی ئێران لەسەرەوەی لیستی ناوچە ژانەسەر خوڵقێنەکانی جیهان دایە. بەڵام ناوبراو ئەگەری هەنگاوی نیزامی لەدژی کۆماری ئیسلامیی بە لاواز زانی و گوتی هیوادارە دیپلۆماسی ئاکامی هەبێ.

دیك چینی ئەم بۆچوونەی چەند سەعات بەر لە ڕێورەسمی سوێندخواردنی دووهەمین دەورەی جێگریی سەرکۆماری ئەمریکا هێنابە گۆڕێ. ناوبراو بە تۆڕی تەلەویزیۆنیی MSNBCی گوت: زۆر نیگەرانی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانەو ئەوەش لەو ڕاستییە سەرچاوە دەگرێ کە ئێران پشتیوانێکی ناسراوی تیرۆریزمە. جێگری سەرکۆماری ئەمریکا هەروەها نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕی کە ئیسرائیل ئەگەر بێتە سەر ئەم باوەڕە کە ئێران بووە بە خاوەنی توانایەکی گەورەی ئەتۆمی، دەستی خۆی پێش بخا. خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پێشتر لە قسەکانی خۆی لە ئۆگانددا گوتبووی، بە بڕوای من ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لاوازە. بەو حاڵەش ئێران هەرچەشنە هەنگاوێکی دوژمنانە وەڵام دەداتەوە.

## هەڵبژاردنی عێراق لە ڕوانگەی جیهانییەکانەوە:



**نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (فرید ئەیار):** لەگەڵ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق، لەڕاستیدا هەنگاوی یەکەم بەرەو بنیاتنانی عێراقێکی نوێ هاویژرا.

**جۆرج واکێر بووش (سەرکۆماری ئەمریکا):** خەڵکی عێراق بە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئازاددا، ئیدئۆلۆژیی دژی دێموکراتیکی تیرۆریستانیان بە تەواوی ڕەت کردەوەو هەڵبژاردنیان کرد بە سەرکەوتنێکی گەورە.

**خاویەر سۆلانا (نوێنەری پایەبەرزی سیاسەتی دەرەکیی یەکیەتی ئوروپا):** سەرەڕای هەمو گیروگرفتەکان، ئەم هەڵبژاردنە نیشانەی چوونەپێش بەرەو عێراقێکی دێموکراتیك، ئازادو سەرانسەر تەبایی بوو.

**کاندولیزا ڕایس (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا):** هەڵبژاردنی عێراق لەوە کە پێش بینی دەکرا، باشتر بەڕێوەچوو و بە هەنگاوێکی گەورە بەرەو دێموکراسی دادەنرێ.

**ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط":** ئاکامەکانی هەڵبژاردن بەپێچەوانەی ئەو لێکدانەوانەی تا ئێستا کراون، دەتوانن لەکۆتایی هێنان بە ناکۆکییە قەومییەکانی ئەو وڵاتەدا کاریگەر بن.

**ڕۆژنامەی کوەیتیی "القبس":** هەڵبژاردنەکانی عێراق، نوختەگۆڕانێکی گرنگ لەمێژووی ئەو وڵاتە دابوون. عێراق بەرە بەرە لە داهاتوویەکی پڕاوپڕ لە دێموکراسی و هاوژیانی نزیك دەبێتەوە.

## ناڕەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر گەڵاڵەی ئاریەل شارۆن

هەزاران ئیسرائیلی وەك ناڕەزایەتی دەربڕین لە گەڵاڵەی بەجێهێشتنی نەواری غەززەو بەشێك لە لێواری ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن، ڕۆژی یەکشەمە ٣٠ی ژانویە، خۆپێشاندانێکیان لەبەر دەرکی پارلمانی ئیسرائیل بەڕێوەبرد. خۆپێشاندەران داواکار بوون کە بۆ ئەم گەڵاڵەیە لەنێو ئیسرائیلییەکان دا ڕاپرسیی گشتی بکرێ. ئاریەل شارۆن گەڵاڵەیەکی بۆ چۆلکردنی چوار شارۆچکە لە ٢١ شارۆچکەی جوولەکەنشینی هەڵکەوتوو لە باریکەی غەززەو چوار شارۆچکەی دیکە لە لێواری ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن ئامادە کردوە.

ئەم خۆپێشاندانە، یەکێك لە گەورەترین ناڕەزایەتی دەربڕینەکان بەدژی گەڵاڵەی سەرۆك وەزیری ئیسرائیل بوو. لەو پێوەندییەدا ڕێوشوێنی ئەمنییەتیی قایم و قوڵ بۆ پارێزگاری لەگیانی شارۆن ڕەچاو کراوە، چونکە نیگەرانیی ئەوە هەیە کە لەلایەن نارازییانی ئەم گەڵاڵەوە تیرۆر بکرێ. شارۆچکەنشینانی ئیسرائیلی و توندڕەوانی دەستی ڕاستی، لێواری ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن بە بەشێك لەو مافە بێ ئەملاو ئەولایەی خۆیان دەزانن کە گۆیا لە تەورات دا ئاماژەی پێکراوە. ئەوان دەوڵەتی ئیسرائیلیان ئاگادار کردۆتەوە کە لەوانەیە لەکاتی چۆلکردنی ئەم شارۆچکانەدا، لەنێوان شارۆچکەنشینەکان و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئیسرائیل تێکهەڵچوون ڕوو بدا.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب

## بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان،

### لەلایەن هاوڕێ عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە



**خوشک و برایانی هێژا!**
**بەشدارانی ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان!**

بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە پیرۆزبایی لە گەلی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان، زیندانییە سیاسییەکان، کادرو پێشمەرگەکان، تێکۆشەرانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردو بە ئێوە بەشدارانی بەڕێزی ئەم ڕێوڕەسمە دەکەم.

سەبارەت بە ٢ی ڕێبەندان و هۆی پێکهاتنی و هەلومەرجی تایبەتی و دەسکەوتەکانی و هۆی تێکشکانی و جوانەمەرگبوونی، زۆر باس کراوەو زۆر بابەت نووسراوەو توێژینەوەی لەسەر کراوە. بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری ئەو ڕووداوە مێژوویییە و دەسکەوتە درێژماوەکانی بکەین، لەوانەیە بێسوود نەبێ.

وەک لای هەمووان ڕوونە، دامەزرانی کۆماری کوردستان، هاتنە دیی خەونێکی دەیان ساڵەی گەلی کورد بوو. کورد لە کوردستانی ئێران، بە پێکهێنانی کۆماری کوردستان، هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورتیش هەستی بە بوون و کەسایەتیی سیاسیی خۆی کرد، هەستی بە خۆشی و شادی خو ئیدارەکردن و خۆسالاری و خۆسەروەری کرد. لەو ماوەدا لە ئەزموونی ئازادژیان و ئازادیخوازیدا سەر بڵیند هاتە دەرو ئەو ئەزموونەی دەستاودەست بۆ نەوەکانی داهاتووی گوازتەوە.

ئێستا کە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و جێژنی ئەو بیرەوەرییە مەزنە وەک ڕۆژێکی مێژوویی و جێژنێکی نەتەوەیی گەلی کورد چاوی لێ دەکرێ، ڕەمزەکەی لە کوێ دایە؟ پێم وایە ڕەمزی ئەو جێگرتوویە لە مێشک و زەینی نەوەکانی گەلی کورددا، لە خاوێنی، ئەوین بە خزمەت، شەفافییەت لە گوتارو کردار، بەشدارکردنی خەڵک لەو دەسکەوتە پڕبایەخەدا، باڵکێشانی ئەمنییەت و ئاسایش بەسەر ناوچەکەدا، پێنانە مەیدانی ژنان بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی و پەیداکردنی ناسنامەی خۆیان و تێکۆشان لەو پێناوەدا، بایەخدان بە لاوان وەک هیوابەخشانی داهاتوو، ڕێکخستنیان لە تەشکیلاتی تایبەت بە خۆیاندا، شەکاندنەوەی ئاڵای کوردستان وەک سەمبولی سەروەریی گەل، هاتنەدیی ئاواتی بە کوردیخوێندن و بەکوردی نووسین و بەرزبوونەوەی زایەڵەی سروودی "ئەی ڕەقیب" و "خوایە وەتەن ئاوا کەی" بڵاو بوونەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب بە زمانی زگماکیی کوردی، پەروەردەکردنی هونەرو بایەخدان بە هونەرمەندان و... دەیان دەسکەوتی پڕبایەخی دیکە لە ماوەیەکی کورتدا، کە بەڕاستی ئەو ڕۆژەی لە بیرەوەریی مێژوویی گەلی کورد، واتە کۆیادی مێژوویی "حافظە تاریخی"دا سەقامگیرو جێگرتوو کردوە.

حیزبی دێموکرات وەک پێکهێنەری ئەو کۆمارە پڕبایەخە، بە دەستپێکێکی مەزنەوە پێی نایە مەیدانی تێکۆشانی سیاسی. هەرچەندە دەسکەوتەکەی لەباری زەمانەوە کەمتەمەن و جوانەمەرگ بوو، بەڵام گوڕوتین و ڕیسالەتێکی وای بە ڕێڕەوانی ئەو حیزبە بەخشی کە کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێیان، هەرچەند گەورەو گران بووبن، ببڕن و لە دەرفەتە لەبارەکانی مێژووی نزیک لە ٦٠ ساڵ خەباتدا، پتانسیلی بەهێزی خۆیان نیشان داوەو کۆمەڵانی خەڵکیان کێشاوەتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و نەیانهێشتوە ئەو چرای هیوایە کە لە کۆماری کوردستاندا، بە دەست پێشەوای هەمووکات زیندوو، هەڵگیرسا، بکوژێتەوە.

سەردەمی ئێستا، سەردەمی ئەوکاتی کۆمار نیە. کۆمەڵگای کورد گەشەی کردووە و قەدی کێشاوە، هەستی ئازادیخوازی و ئازادژیان و خۆسالاری و بیری نەتەوەیی تێکەڵ بە خۆناسین و گەشەی وشیاریی سیاسی بووە. حیزبەکەی قازییش و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بە پێی سەردەم خۆی کێشاوەتە سەرو پێویستە لەوەش زیاتر خۆی لەگەڵ ڕەوتی سەردەم ڕێک بخا تا بتوانێ بەباشی وەڵامدەری هەلومەرجی تایبەتی دەورانی خۆی بێ.

دەرسەکانی ٢ی ڕێبەندان و سەردەمی کۆمار، پێشینەی خاوێن، فیداکاری و خەباتی درێژخایەن، پێگەی قایم و پتەوی کۆمەڵایەتی، پرێستیژو ئیعتیباری نێوخۆیی و دەرەوەیی، دروشم و ڕێبازی دروست و گونجاو لەگەڵ ڕاستییەکان، خۆڕاگری و کۆڵنەدان، بوونی ئەندامانی خەباتکارو لە خۆبردوو، و دەیان تایبەتمەندیی دیکە سەرمایەی لەبڕان نەهاتووی حیزبن کە دەبێ بە لێزانی، لێهاتوویی و لێوەشاوەیی لە ساختارێکی پتەوو موحکەم و لە ژێر سێبەری عەقڵی جەمعیدا لە پێناوی وەدیهێنانەوەی ئامانجی بەرزی کۆمارو سەرکۆمارە شەهیدەکەیدا کەڵکی بەسوودیان لێوەربگیرێ.

**بەشدارانی بەڕێز!**

٥٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا پەیامەکانی کۆمار گوڕوتینمان پێ دەبەخشن. لەو ماوەدا گۆڕانکاریی یەکجار زۆر هاتوونەتە کایەوە. ئێستا سەردەمی جیهانگیری و عەولەمەیە. چەرخی گەشەی سەرسووڕهێنەری ئێرتیباتاتە. تۆڕی ئینتێرنێت جیهانی تەنیوەو پێکەوە گرێی داوە. سەردەمی دواقۆناغی ڕزگاریی گەلانە. کەم ماون لەو گەلانەی کە هێشتا بەدەستی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری نەکردوە. بەداخەوە یەک لەوانە گەلی کوردی چوارقاژ کراوە. لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆدا ڕێز لە بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان دەگرین کە جیهان هەروەها ڕوو لە گەشەو ڕوو لە گۆڕانە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ژێر کاریگەریی تەک جەمسەری و دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی گەورەترین دەسەڵاتی نیزامی و ئابووریی جیهان، واتە ئەمریکاو هاوپەیمانانیدا ڕووبەڕووی گۆڕان و نووسینەوەی ناسنامەیەکی تازە بۆتەوە. لە ئەفغانستان تاڵیبان و ئەلقاعیدەی هاوپەیمانی، جێیان پێ لێژ کراو لە دەسەڵات وەلانران و خەڵک لە تەمرینی دیموکراسیدا و لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە سەرۆکی خۆیان هەڵبژارد. هەرچەند لەچاو وڵاتانی پێشکەوتوو کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام بە نیسبەت ئەفغانستانی دواکەوتووە، هەنگاوێکی مەزن و جێگای سەرنج بوو.

چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە گەرمەی بەربەرەکانێیەکی خوێناوی و لە فەلەستینیشدا "مەحموود عەبباس" جێگەی ڕێبەری لەمێژینە و کاریزمای واتە "یاسر عەرەفات" لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە پڕ کردەوە، کە هیوادارین سەرەتای دەورێکی نوێ بێ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕو کوشتار لە نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان، و ئاشتی و ئازادی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ و گەلی فەلەستینیش ئاڵای وڵاتی سەوزی خۆیان بشەکێننەوە.

لە عێراق و پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعسیش هەرچەند، ڕۆژ نیە لەلایەن تیرۆریستانەوە خوێنی خەڵکی بێتاوانی عێراق نەڕژێ، بەڵام هەوڵی جیددی و هەمەلایەنەش بۆ دانانی مەجلیس و دانانی یاسای بنچینەیی وڵات و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی یاسایی بۆ ئیدارەی وڵات لەلایەن خەڵکەوە لە ئارادایە و بازاڕی هەڵبژاردن گەرمە. تا چەندە گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، دەتوانن لەو ئەزموونەدا سەر بکەون، داهاتوو نیشانی دەدا، بەڵام هەڵبژاردن و ڕووکردنە سندووقەکانی دەنگدان، خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی دێموکراتیک و دروستە. بەهیواین ئەمنییەت و ئاسایش و پێکەوەژیانێکی دێموکراتیک لە عێراق دابین ببێ و لەو نێوەشدا گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان، بە ئاواتە لەمێژینەکانی بگا و بە یەکجاری لە مەینەتی دوور بکەوێتەوە.

بەڵام لە ئێران، گومان لەوەدا نیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ دەدا کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بەگشتی و عێراق بەتایبەتی هەبێ. یەکەم، بۆ ئەوەی ئەزموونی عێراق لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بکا" دووهەم، هەرچی زیاتر ئەمریکاو هاوپەیمانانی ناچار بە دانی نرخێکی زۆرتر بکا" سێهەم، بەربەرەکانیی خۆی لەگەڵ ئامریکا گواستبێتەوە نێو خاکی وڵاتێکی دیکە. لەو پێوەندییەدا زیرەکانەو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لە نانەوەی ئاژاوەو پشتیوانی لە تیرۆریستان ساتێک ڕانەوەستاوە. جگە لەو مەسەلانە، گرنگترین مەسەلە، هەوڵی ئەو ڕێژیمەیە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی بەو بیانوە کە دەیهەوێ بەو شێوە مانەوەی ڕێژیمەکەی مسۆگەر بکا و باڵادەستیی خۆی لە ناوچەکەدا نیشان بدا و هاوسەنگییەک لەنێوان خۆی و وڵاتانی گەورەی دنیا پێک بێنێ. بەڵام ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپا، دەستپێڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئێران بە چەکی ناوکی بە مەترسییەکی گەورە بۆسەر ئاشتیی جیهانی دەزانن و هەوڵ دەدەن کە نەهێڵن ئێران دەستی بەو چەکە ڕابگا. ئەگەر ڕێژیم ئەزموونی یەکیەتیی شۆڕەویی پێشووی لەبەرچاو بوایە، بۆی دەردەکەوت کە بوونی زەڕاتخانەی ئەتۆمی ناتوانێ مانەوەی ڕێژیمەکەی دەستەبەر بکات و بەر ڕووخانی بگرێ و ئەو سەرمایە مەزنەی لەو ڕێگایەدا بەفیڕۆ نەدەدا.

سەرکوتی ئازادییەکان هەروەها بەتوندی درێژەی هەیە. پارلمانی ئورووپا بە تازەیی هاودەنگ لەگەڵ ئەمریکا، بۆ جارێکی دیکە ئێرانیان بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادییەکان مەحکووم کردوەو نیگەرانیی خۆیان لەو پێوەندییەدا دەربڕیوە. ڕێژیم کە وەک هەمووکات بایەخێک بەو نارەزایەتییانە و بیروڕای گشتی چ لە ناوخۆ و چ لە ڕادەی نێونەتەوەییدا نادا، هەروەها بۆ سەرکوتی ئازادیخوازان و ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسان، هەر ڕۆژ پیلانێکی نوێ دەگێڕێ. یەک لەوانە داخستنی سایتە ئینتێرنێتییەکان و گرتن و زیندانیکردنی وێبلاگنووسان و خاوەنانی ئەو سایتانەیە. پاش داخستنی ڕۆژنامەکان، ئەوجار نۆبە گەیشتۆتە سایتە ئینتێرنێتییەکان و لەو بارەوە هەڵایەکی نوێیان ساز کردوە.

مەجلیسی حەوتەمیش کە لە دەستە ڕاستییەکان و موحافیزەکارەکان پێک هاتوەو کەمترین ڕادەی پشتیوانی خەڵکیان لە پشتە، بۆ بەرتەسکردنی هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی ئیسلاحخوازی، قانوون دادەنێ و لە ڕێگای یاسای داتاشراوەوە بەگژ ئازادیخوازاندا دەچێتەوە.

مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمدا ئیشارەی پێ بکەین، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆمارە لە ساڵی داهاتوودا. چەند مانگی دیکە دەورەی سەرکۆماریی خاتەمی تەواو دەبێ و سەرکۆماری نوێ هەڵدەبژێردرێ. پاش دەرکەوتنی هەرچی زیاتری ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خاتەمی و، تێگەیشتنی بیروڕای گشتی لەو مەسەلە کە لەو ڕێژیمەدا هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی موسبەت ئیمکانی نیەو قۆڵی ڕیفۆرمخوازو قۆڵی پاوانخواز دوو دیوی دراوێکن، خەڵکی هەروەک لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم و هەڵبژاردنی شووراکانی شارودێدا، چوونە سەر سندووقەکانی تەحریم کرد. گومان لەوەدا نیە کە ئەمجارەش نارەزایەتیی خۆی بە نەچوونە سەر سندووقی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری نیشان دەدەن.

مەسەلەیەک کە جێگای خۆشحاڵی و هیوایە، ئەوەیە کە بەرەبەرە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لەنێو گەلانی ئێراندا سەرەڕای کوردستان تەوژمێک بە خۆوە دەگرێ. داوای چارەسەریی کێشەی گەلانی ئێران ئێستا زیاتر لە هەرکاتێک باسی لێدەکرێ و دەتوانین بڵێین دروشمی فیدرالیزم بۆتە دروشمی گەلانی ئێران و گەلی کورد وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی لە هەر کاتێک زیاتر هیوادار بە سەرکەوتنە. گومان لەوەدا نیە هاوخەباتیی گەلانی ئێران دەتوانێ نەختێ کاریگەری لە گۆڕانکارییە قووڵ و بنەڕەتییەکان لە ئێراندا هەبێ.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای داوارۆژێکی گەشتان بۆ دەخوازم.

*

# پەیامی پیرۆزبایی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بۆ سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بە بۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان

**زۆر بەڕێزو تێکۆشەر جەنابی کاک مەسعوود بارزانی!**
**سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان**
**بە سڵاوێکی گەرم:**

بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەو دێموکراتیانەی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەم.

ئاواتەخوازین ئەم هەنگاوە پیرۆزە سەرەتای سەقامگیربوونی یەکجارەکیی دێموکراسی، فیدراڵی و دابین بوونی مافەکانی گەلی کورد لە عێراق و لەو بەشە لە کوردستان بێت و ئاسایش و بەختەوەریی سەرجەم دانیشتووانی عێراق بەتایبەتی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکا.

**لەگەڵ ڕێزو حورمەتی تایبەتی**
**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی، ٢٠٠٥/٢/٢**

**زۆر بەڕێزو تێکۆشەر جەنابی مام جەلال تاڵەبانی!**
**سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان**
**بە سڵاوێکی گەرم:**

بە بۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەو دێموکراتیانەی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەم.

ئاواتەخوازین ئەم هەنگاوە پیرۆزە سەرەتای سەقامگیربوونی یەکجارەکیی دێموکراسی، فیدراڵی و دابین بوونی مافەکانی گەلی کورد لە عێراق و لەو بەشە لە کوردستان بێت و ئاسایش و بەختەوەریی سەرجەم دانیشتووانی عێراق بەتایبەتی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکا.

**لەگەڵ ڕێزو حورمەتی تایبەتی**
**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی، ٢٠٠٥/٢/٢**

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵاتی ئاڵمان

## دیدار لەگەڵ نوێنەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئاڵمان "حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان (SPD)و حیزبی سەوزەکان و حیزبی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن، حیزبی دێموکرات مەسیحیی ئاڵمان (CDU)

بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی سەفەرەکەیدا بۆ دەرەوەی وڵات، گەیشتە وڵاتی ئاڵمانو چەند دیداری گرنگی لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتی ئاڵمانو نوێنەرانی حیزبی دەسەڵاتداری ئاڵمان "حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان" (SPD)و حیزبی سەوزەکانی ئاڵمانو حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی ئاڵمان، حیزبی دێموکرات مەسیحیی ئاڵمان (CDU) پێك هێنا.

سکرتێری گشتی لەو دیدارو چاوپێکەوتنانەدا، تیشکی خستە سەر بارودۆخی ئێرانو کوردستانو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچەکەو جیهان بە وردی سیاسەتەکانی حیزبی شی کردەوەو حیزبو کاربەدەستە ئاڵمانییەکانیش بیروڕای خۆیان سەبارەت بەو پرسە پێوەندیدارانە خستە ڕوو و لە سەر پێوەندی دۆستانەی هەردوولا پێ داگیرایەوە.

## دیدار لەگەڵ "ڕێشت پۆڵینتس"، ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمان

بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی سەفەرەکەیدا بۆ وڵاتی ئاڵمان، رۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٦ی ژانویەی٢٠٠٥، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز "ڕیشت پۆلینتس"، ئەندامی پایەبەرزی "کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئاڵمان" پێك هێنا. سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارەدا بە وردی تیشکی خستە سەر دوائاڵوگۆڕەکانی کوردستان، ئێرانو ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتە ئوسولییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییەکاندا بە ئاگاداری بەڕێز "ڕیشت پۆلێنتس" گەیاندو بەڕێزیشیان بیروڕای خۆیان سەبارەت بەو پرسانە دەربڕیو جەختی لەسەر پێوەندییە دۆستانەکانی هەردوولا کردەوە. شایانی باسە ناوبراو پێشتر سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات مەسیحیی ئاڵمان (CDU) بووە و کارناسێکی شارەزای مەسەلەی ئێرانو دۆزی کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستانە.

## دیدار لەگەڵ چەند پارلمانتێری پایەبەرز لە پارلمان

رۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ٢٧ی ژانویەی ٢٠٠٥، ژمارەیەك پارلمانتێرو نوێنەرانی حیزبی دەسەڵاتداری ئاڵمان، بە مەبەستی بەخێرهێنانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاك مستەفا هیجری، کۆبوونەوەیەکیان لە پارلمانی ئەو وڵاتە پێك هێنا تا لەگەڵ خواردنی نانی فراویندا لە زمانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، گوێبیستی سیاسەتەکانی حیزب، داوی ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان، ئێرانو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن. لەو دیدارەدا کە بەڕێزان، خاتوو "ئووتا تسایۆف"، ئەندامی پارلمانو ئەندامی "فراکسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارلمانی ئاڵمان"و بەرپرسی گرووپی کاری کوردان لە فراکسیۆنی SPDو "رۆلف مووت چێنیتس"، ئەندانی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئاڵمانو، خاتوو "ئەنگلیکا گراف"، ئەندامی کومیسیۆنی مافی مرۆڤو یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانی پارلمانی ئاڵمانو، "مارتین وایس"، یەکێك لە بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوەی فراکسیۆنی SPDو "هارالد بێروانگێر"، ئەندامی گرووپی کاری سیاسەتی دەرەوەی فراکسیۆنی SPD ئامادە بوون، بە وردی پرسە پێوەندیدارەکان تاوتوێ کرانو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کراو لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکان پێ داگیرایەوە.



## دیدار لەگەڵ جێگری سەرۆکی کومیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پارلمان

دوانیوەڕۆی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ٢٧ی ژانویەی ٢٠٠٥، بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاوی بە بەڕێز "هانس ئوولریش کلۆزە"، جێگری سەرۆکی "کومیسیۆنی کاروباری دەرەوەی پارلمانی ئاڵمان" کەوتو لەو دیدارەدا، هاوڕێ سکرتێری گشتیی حیزب بە وردی تیشکی خستە سەر ئاڵوگۆڕە گرنگەکانی کوردستان، ئێرانو ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییە پێوەندیدارەکاندا بە ئاگاداری "هانس ئوولریش کلۆزە" گەیاندو ناوبراویش بیروڕای خۆیو وڵاتی ئاڵمانی لەسەر پرسە پێوەندیدارەکان شی کردەوەو لە کۆتاییدا لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکان پێ داگیرایەوە.

## دیدارلەگەڵ "غیاسەدین سایان"، نوێنەری حیزبی سوسیالیزمی دێموکراتیك" (PDS) لە پارلمانی ئەیالەتی بێرلین

رۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١/٢٨ی زایینی، بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی ئاڵمان، چاوی کەوت بە بەڕێز "غیاسەدین سایان"، نوێنەری حیزبی سوسیالیزمی دێموکراتیك (PDS) لە پارلمانی ئەیالەتی بێرلین. لەو چاوپێکەوتنەدا رەوشی ئێستای ئێرانو ئەو ئاڵوگۆڕانەی پاش پێکهاتنی مەجلیسی حەوتەمو شکستو پاشەکشەی قۆڵی ناسراو بە ڕێفورمخوازانی حکوومەتی بە وردی تاوتوێ کرانو تیشك خرایە سەر خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستانی ئێرانو سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستانو داوئاڵوگۆڕەکانی عێراقو کوردستانی عێراق بەتایبەت داوی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١/٣٠و چۆنیەتیی کاریگەریو شوێندانانی لەسەر وڵاتی ئێرانو دۆزی کوردو ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕووداوەکانی عێراق بۆ چێکردنی پێگەیەکی نفوز لە داهاتووی عێراقدا. هەروەها لەو دانیشتنەدا سیاسەتی وڵاتانی ئورووپایی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەتایبەت لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تاوتوێ کران.

تەوەرەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکە سەبارەت بە هۆکانی گۆڕانی دروشمی ئیستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبدا بوو کە بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب بە وردی هۆیەکانی گۆڕانی دروشمی ئیستراتیژیکی حیزبەکەمانی شی کردەوە.

شایانی باسە لەو سەفەرانەدا، بەڕێزان کاك شاهۆ حسێنی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتو میرۆ عەلیار، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئاڵمانو ئوتریش هاوڕێیەتی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبیان دەکرد.

## دیدار لەگەڵ نوێنەرانی چەند حیزبو ڕێکخراوی کوردستانی

بەڕێز کاك مستەفا هیجری لە درێژەی گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی ئاڵمان، چاوی بە نوێنەرانی چەند حیزبو ڕێکخراوی کوردستانی کەوت. سکرتێری گشتیی حیزب لەو دیدارانەدا، رەوشی ئێرانو کوردستانو هۆیەکانی گۆڕانی دروشمی ئیستراتیژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبدا خستە بەرباسو جارێکی دیکە جەختی لەسەر تەباییو هاوکاریی هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناوی خزمەت بە دۆزی رەوای نەتەوەی کورد کردەوە.

## دیدار لەگەڵ ژمارەیەك ئەندامو لایەنگری حیزب

بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی ئاڵمان، لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئاڵمان کۆبۆوەو گوێبیستی بیروڕاو پێشنیارەکانی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب بوو و لە کۆتاییدا وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی بەشداربووانی دایەوە. شایانی باسە ئەو کۆبوونەوەیە ٢ سەعات درێژەی کێشا.

***

## سەردانی هەیئەتێکی پێوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەعات ٣/٥ی دوانیوەڕۆ، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢٩ی هەتاوی، ٢٠٠٥/١/١٨ی زایینی، هەیئەتێکی پێوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە سەرپەرستیی بەڕێز کاك قادر جەباری، بەرپرسی پێوەندییەکان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردو لە لایەن بەڕێزان کاك حەسەن شەرەفی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو ئەندامانی دەفتەری سیاسییەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا بەڕێز کاك قادر جەباری باسێکی لەسەر بارودۆخی کوردستانو هەوڵو کۆششی ڕێبەرانی کوردو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو شێلگیربوونیان لە سەر پاراستنی پرنسیپە نەتەوەییەکانی کورد پێشکەش کردو تیشکی خستە سەر بەرنامەو سیاسەتەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانو هاوکاریو هەماهەنگیی خۆیان لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا.

پاش ئەو باسە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەماهەنگیو هاوکارییەی هێزە کوردستانییەکانیان لەم دۆخە هەستیارەدا بە هەنگاوێکی پیرۆزو هەست بە بەرپرسایەتیکردنی مێژوویی ئەو لایەنانە نرخاند بۆ خزمەت بە دۆزی رەوای کورد لە کوردستانی عێراقدا.

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازیی لە هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد

کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢٩ی هەتاوی، بەرابەر بە ٢٠٠٥/١/١٨ی زایینی، هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز کاك قادر عەزیز، سکرتێری گشتیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو ئەندامانی بەڕێزی دەفتەری سیاسییەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. هەردوولا لە کۆبوونەوەیەکی دۆستانەدا بارودۆخی ئێستای ناوچەو پرسە پێوەندیدارەکان بە دۆزی کوردیان تاوتوێ کردو لەسەر بەرنامەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بیروڕایان گۆڕییەوە.

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی رزگاریی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرلەبەیانیی رۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢٩ی هەتاوی، بەرابەر بە ٢٠٠٥/١/١٨ی زایینی، هەیئەتێکی حیزبی رزگاریی کوردستان بە سەرپەرستیی کاك ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتیی حیزبی رزگاریی کوردستان، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن کاك حەسەن شەرەفی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لە کۆبوونەوەیەکی دۆستانەدا کاك ڕێکار ئەحمەد باسێکی لەسەر گرتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی رزگاریو گۆڕینی دروشمەکانی حیزب پێشکەش کردو تیشکی خستە سەر هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقو رۆڵی کورد لەو پێوەندییەداو هەردوولا لەسەر ئەو بابەتانە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

# بەڕێوەچوونی جەژنی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناوەندی ١و ناوەندی ٣ی کورستان

### ناوەندی ١ی کوردستان

بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانو بەرزڕاگرتنی هەرچی زیاتری ئەو بۆنە مێژوویی ـ نەتەوەییە ڕێورەسمێك بە بەشداری کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی سەر بە ناوەندی ١، لە بنکەی ناوەندی ١ پێك هات.

دەسپێکی ڕێورەسمەکە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی حیزبو گەل بوو. پاشان لە لایەن بەڕێز مامۆستا ئەحمەد رەحیمی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەرپرسی ناوەندی ١ پەیامی ناوەندی بەم بۆنە پیرۆزەوە پێشکەش کرا.

دوابەدوای پەیامی ناوەند، لە لایەن خاتوو نافیعە رەحیمییەوە، پەیامی یەکیەتیی ژنانو لە لایەن کاك حەسەن سەلیمییەوە، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا. لە درێژەدا تیپی شانۆی "سابات" شانۆیەکی کۆمێدییان بۆ ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە نمایش کرد کە لەگەڵ سەرنجو پێشوازیی بەشداراندا رووبەڕوو بوو. نمایشکردنی چەند جۆر لە جۆرەکانی هەڵپەڕکێی رەسەنی کوردی لە لایەن بەشدارانەوە، بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکە بوو.

پێویستە بگوترێ نێوئاخنی ڕێورەسمەکە بە گۆرانی، شێعرو پەخشان رازابۆوە. ڕێورەسمەکە پاش ٢ کاتژمێر لە نێو خۆشحاڵیو بە هەڵپەڕکێیەکی گەرمو گشتی کۆتایی پێهات.

هەر بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ناوەندی ١، لە لایەن بەشی وەرزشییەوە پێشبڕکێیەکی "فوتباڵی ریزگوڵ" کە لە ٨ تیم پێك هاتبوو، لە رۆژەکانی ٢١ تا ٢٦ی بەفرانبار بەڕێوەچووو لە ئاکامدا تیمی "ساراڵ" توانی پلەی یەکەمی ئەو پێشبڕکێیە بەدەست بێنێ. یاریزانانی ئەم تیمە لە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە ٢ی ڕێبەندان لە لایەن ناوەندەوە خەڵات کران.

شایانی باسە هەر بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە، لە ناوەندی یەك، پێشانگایەکی نیگارکێشی لە لایەن وێنەکێش "حەیدەر رەحمانی" لە رۆژانی ٤و٥ی ڕێبەندان لە بنکەی ناوەندی یەك بەڕێوەچوو.

### ناوەندی ٣ی کوردستان

رۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١١/٢ی هەتاوی، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٥٩هەمین ساڵڤەگەری دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، ڕێورەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی ئەو رۆژە مێژووییەی گەلی کورد بەڕێوەچوو.

ڕێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێکردو دواتر دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردستان راگەیەندرا. پاشان پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان لە لایەن بەڕێز کاك محەممەدساڵح قادری ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبو بەرپرسی ناوەندی ٣ ـ یەوە پێشکەش کرا.

پاش پێشکەش کرانی پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان، ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی پەخشانو هەڵبەستو پێشکەش کرانی چەند سروودی شۆڕشگێڕانەو نمایشکردنی "شانۆ" درێژەی کێشاو کۆتاییهێنەری ڕێورەسمەکەش گۆڤەندو هەڵپەڕکێی رەسەنی کوردی بوو.

شایانی باسە لەو ڕێورەسمەدا، هەیئەتێکی پایەبەرزی "حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە"ش بەشدار بوون.

***

# هەواڵەکانی کوردستان

## خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو یادی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستانیان بەرز ڕاگرت

بەپێی ئەو هەواڵانەی بە "کوردستان" گەیشتوون، خەڵکی بەشەرەف‌و مافخوازی کوردستان بە گشتی‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، ساڵیادی ٢ی ڕێبەندان، ٥٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت‌و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی نەتەوەیی دێموکراتدا نوێ کردەوە کە هەردەم وەفادار دەبن بە ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان. ئەندامان‌و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە بە کردنەوەی ئاگر لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان‌و بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی‌و وێنەی شەهیدانی سەربەرزی حیزب‌و گەل‌و نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە‌و نەتەوەیی، بە دوژمنانیان سەلماند کە هەرچەند ٥٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا تێدەپەڕێ، بەڵام یادو ئامانجە بەرزەکانی ئەو کۆمارە دێموکراتیکە لە دڵ‌و مێشکی جەماوەری کوردستاندا هەر سەوزە‌و خەڵکی کوردستان وێڕای سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی، سوورن لەسەر پێوانی ئەو ڕێبازەی کە شەهیدانی سەربەرز قازی‌و قاسملوو و شەرەفکەندی هێڵە گشتی‌یەکانیان دەستنیشان کرد.

بە پێی ئەو هەواڵانەی بە دەستمان گەیشتوون، لەم شارو ناوچانەی کوردستان، بەو بۆنە پیرۆزەوە کارو چالاکیی تەبلیغی ئەنجام دراوە:

### سنە :

چیای ئاویەر، حاجی‌ئاوا، تەپەی گەلێنییەکان، پیرغەریب، ئاغازەمان، شارەکی زاگرۆس، فەیزاوا، فەرەح، شەقامی گوڵشەن، شەقامی ئەدەب، شەقامی ٢٨ی دەی، شەریف ئاوا، چوارڕێیانی چوارباغ‌و بازاڕی سەوزی‌فرۆشەکان‌و گوندەکان: نیەر، تەنگی‌سەر، نزاز، شیان، کەرجۆ، کێلانە، کانی‌مشکان‌و دادانە، ڕێگای سەرەکیی نێوان شارەکانی سنە، دێگولان، قوروە‌و هەمەدان.

### سەقزو گوندەکانی دەوروبەری :

گوندەکانی مزرا، ئارەبەلەنگ، دەگاگا، بەرزایی‌یەکانی گردی قۆخ، کەلی چوارئاوێنە‌و ناردنی نامەی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان بۆ زۆربەی ئیدارەکانی شار لە ڕێگای پۆستەوە.

### مەریوان :

شارۆچکەی کانی دینارو گوندەکانی: نێ، شێخەکوێرە، مرگ، شارانی، چۆڕ، نەنە، ئاڵمانە، خێرئابات، بالك، دەرزیان‌و سەردۆش‌و... .

### گوندی هوویە

کووچە‌و کۆڵانەکانی گوندو بەرزایی‌یەکانی دەوروبەری.

### شوێشە :

دەوروبەری پاسگا، بەسیج‌و کۆڵانەکانی دەوروبەری، دەرك‌و دیواری بەخشداری‌و هەموو کۆڵانەکانی شوێشە. شایانی باسە دروشمی "پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان" سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

### نۆدشە :

مەیدانی ئازادی، شەقامی سەرەکیی شار، بازاڕی کۆنی شار، شەقامی کەمەربەندی، شەقامی ملەگا، تەواوی دووکان‌وی بازاڕی شار، گەڕەکی بێهداری‌و دەوروبەری، خابگای بەناو چەمران، گەڕەکی بن دەگا، گەڕەکی لای مەڕان، قوتابخانەی حەوتی تیر، قوتابخانەی سومەییە، خانەقای شێخ حسامەدین، زۆربەی مزگەوتەکانی شارو ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامی.

### بۆکان :

سێڕێیانی خاوەران، شارەکی فەرهەنگیان، بیمارستانی قەدیم، فەلەکەی فەرمانداری، شارەکی نەساجی، قەڵای سەردار، شەقامی مامۆستا هێمن، کووی فەرهەنگییان‌و عەلیاوا و میراوا، مەجبووراوا، مەیدانی ئازادەگان، دەوروبەری تەرمینالی تاران‌و مەهاباد، مەیدانی فووتباڵ لە کاتی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە کەماڵ خاهئازەر کاراتەکاری بۆکانی‌و کولتەپە.

### دیواندەرە :

شەقامی ساحیلی، بیمارستان، مەیدانی ئەسڵیی شارو جادەی ١٦مێتری‌و زۆربەی کووچە‌و کۆڵانەکانی شاری دیواندەرە.

### کامیاران و گوندەکانی دەوروبەری :

فەرهەنگسەرا، ٦ی بەهمەن، ١٢ مێتری، باڵاتەپە‌و جادەی ئەڵك‌و گوندەکانی تروەرێز، ئاسنگەران، گۆمتە، ماویان، کەڕەگڵ، گورەیەرە، گەشکی، کاوانە، چرۆسانە، زیویە‌و کاشتەر.

### شارەدێی "دزە"ی مەرگەوەڕی ورمێ :

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەدێی "دزە"ی مەرگەوەڕی ورمێ بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ـ ٥٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ـ دەوە بە کردنەوەی ئاگرو شەکاندنەوەی ئاڵای سێ ڕەنگ‌و پیرۆزی کوردستان‌وسازکردنی کۆڕی هەڵپەڕکێ‌و گۆڤەندو بە دانی دروشمی نەتەوەیی‌و دەربڕینی پشتیوانی لە حیزبی خۆشەویستی خەلکی کوردستان، یادو بیرەوەریی ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یەیان بەرز نرخاند.

لە گەرمەی ئاهەنگەکەدا، هێزە دژی‌گەلی‌یەکانی سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم گەیشتە شوێنی ئاهەنگەکە‌و هێرشیان کردە سەر ئاپۆرەی خەڵك‌و لاوانی بەهەست‌و نیشتمانپەروەر، لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا شەڕێکی دەستەویەخە دەستی پێ‌کرد. خەلکی بەشەرەفی "دزە"ش کە شایەتی هێرشی دڕندانەی دژی‌گەلی‌یەکان بۆ سەر لاوەکان بوون، هاتن بە هانای ڕۆڵەکانیان‌و بە داروبەرد هێرشیان کردە سەر سیخوڕەکانی ڕێژیم. سیخوڕەکانی ڕێژیمی دژی‌گەلی کە لە بەرامبەر بەرخۆدانی قارەمانانەی خەڵکدا خۆیان پێ‌ڕانەدەگیرا، دەستیان دایە چەکەکانیان‌و تەقەیان لە خەڵکەکە کردو هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر ماڵەکانی "دزە"، کە لە ئاکامدا ماڵی هاووڵاتی‌یەك بە ناوی "ئیبراهیم پوورشەمسی" زەرەرێکی زۆری لێ‌کەوت‌و ٢ ژنی بێ‌دیفاع بە ناوەکانی "نادیە مەولەوی"و "جەواهیر" بە توندی بریندار بوون‌و هەر ئێستا لە نەخۆشخانەی شاری ورمێ بەستەری کراون. شایانی باسە لەو تێکهەڵچوونەدا، سەروگوێلاکی هەندێ لە سیخوڕەکانی ڕێژیم شکاو، ناچار کران بگەڕێنەوە مۆڵگەکانی خۆیان.

### ورمێ :

بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان ـ ٥٩هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ـ بە شێوەیەکی ڕێکوپێك‌و بە جلوبەرگی یەكدەستەوە لە ڕێکەوتی ٨٣/١١/٣دا، ڕژانە سەر شەقامی "ئاپادانا"و هەڵپەڕکێ‌و گۆڤەندی کوردانەیان ساز کردو یادی ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یەی خەباتی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەرز نرخاند. کاتێ هاووڵاتییانی شاری ورمێ بەو گۆڤەندو هەڵپەڕکێیەیان زانی، تێکەڵ بە ئاپوورەی لاوە بەهەست‌و نیشتمانپەروەرەکان بوون‌و پیرۆزبایی جەژنی ٢ی ڕێبەندانیان لە یەکدی دەکرد. ئەوخۆپیشاندانە جەماوەرییە ماوەیەك درێژەی کێشا و ڕق‌وتووڕەیی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی هێنایە کوڵ‌و بەکرێگیراوانی شەوپەرست هێرشیان کردە سەر جەماوەری نیشتمانپەروەرو چەند لاوێکی شۆڕشگێڕیان لەو پێوەندییەدا دەستگیر کرد.

شایانی باسە تا ئێستا ژمارەی دەستگیرکراوەکان نەزانراوەو تا گەیشتنی ئەم هەواڵە لاوە دەستگیرکراوەکان ئازاد نەکراون.

### مەهابادو گوندەکانی ناوچەی شاروێران :

گەڕەکی بەهارستان، تەپەی قازی، مەیدانی ئیستقلال، گەڕەکی خڕێ‌و چوارڕێیانی ئازادی، بەری شیلانان‌و قەبرستان، قوتابخانەی سەلاحەدین، قوتابخانەی حەسەنزادە لە مەیدانی حەیوانان، خیابانی سەرداران‌و مەزاری پێشەوا قازی، دەورووبەری زانستگا، مەجبوورئاوای سەرێ، مەهدی کودەك، ناوچەی ئینتیزامیی مەرکەزی، گەڕەکی پشت سیلوو، قوتابخانەی تاڵەقانی، قەسابخانە، شەهرەکی کارمەندان، فەلەکەی هەژار، بازاڕچەی گەورەی مەهاباد، مزگەوتی سوور و دەبیرستانی کارودانشی فەرهەنگییان.

### سەردەشت :

گەڕەکی فەرهەنگیان، مەیدانی وەحدەت، دەوروبەری فەرمانداری، دەوروبەری قوتابخانەی مەنوچێهری، گەڕەکی گردەسوورو دۆڵتانچك، دەوروبەری مزگەوتی سوور، گەڕەکی سەرچاوێ، دەوروبەری بیمارستان، دەوروبەری مزگەوتەکانی شێخ مەولانە‌و قیبلە.

### هەوشار:

ساین قەڵا، دەوروبەری پردی شەریف ئاوا لە نێو شاری تیکاب، مزگەوتی ئیمامی شافیعی لە شەریف ئاواو گوندەکانی داش بلاغ، چۆپلی، نەبی‌کەند، داش بەرات، گوێ ئاغاج، قسقۆپی، تومەرئاغاج، قوزلووی هەوشارو گوێزبلاغ، قازانلوو، ساروجە، داشکستان، ئەحمەدئاوا، سەفاخانە، حەسەنلوو، ئاختەپە‌و گەڕەکی کوشتارگا، گاراجی تیکاب.

## مەزاری سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، بووە مەکۆی ئەویندارانی ئازادی

ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، مەزاری سەرکۆماری شەهیدی کوردستان بووە مەکۆی ئەویندارانی ئازادی‌و لە ساڵیادی ٥٩هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا، جەماوەری بەهەست‌و نیشتمانپەروەری شاری مەهابادو دەورووبەری بە کۆبوونەوە لەسەر مەزاری ڕێبەری زانای حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و سەرکۆماری شەهید پێشەوا قازی محەممەد، پەیمانی وەفاداری‌و ئەمەکیان لەگەڵ ڕێبەری شەهیدی حیزبی دێموکراتدا نوێ کردەوە‌و سەری ڕێزیان بۆ شەهید قازی محەممەدو میناخانمی هاوسەری‌و شاعیرانی نەتەوەیی کۆمار (مامۆستا هێمن‌و هەژار) دانەواندو یادو بیرەوەریی کۆماری کوردستان‌و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی کوردستانیان بەرز نرخاند. جەماوەری نیشتمانپەروەر لەو کۆبوونەوە نەتەوەیی‌یەدا، سروودی دوژمن شکێنی "ئەی ڕەقیب"یان خوێندەوە‌و ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد.

شایانی باسە کیژێکی تەمەن ٧ ساڵ‌و کوڕێکی ١٣ ساڵە، بە خوێندنەوەی شێعری شۆڕشگێڕانە کۆبوونەوەکەیان ڕازاندەوە.

## خەڵکی نیشتمانپەروەری گوندی "هوویە"ی ژاوەڕۆی مەریوان دەستی ڕەتیان بە سینگی بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە نا

ڕۆژی یەکشەممۆ، ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٣ی هەتاوی، هێزێکی سوپای پاسداران هاتنە نێو گوندی هوویە‌و خەڵکیان لە مزگەوت کۆکردەوە‌و قسەیان بۆ کردن. قسەکانی ئەوان سەبارەت بە سیاسەتەکانی ڕێژیم‌و بۆ ڕاکێشانی لاوان‌و خەڵکی گوند بوو بۆ لای سیاسەتە چەوتەکانیان. بەڵام خەڵکی گوندی هوویە بەبێ گوێدان بە هێزەکانی ڕێژیم، دەستە دەستە لە مزگەوت هاتنە دەرێ‌و بەمجۆرە ناڕەزایەتیی خۆیان لەم کردەوە چەپەڵەی ڕێژیم دەربڕی. بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە ئەم هەڵوێستە بوێرانەیەی خەڵکی گوندی هوویە تووڕەیان دەکا، بە قسەی ناشیرین‌و تۆمەت لێدان، هێرش دەکەنە سەر خەڵك‌و بە دژی حیزبی دێموکرات قسە دەکەن. بەڵام خەڵکی ئازاو بەورەی هوویە، بڕیار دەدەن کە مزگەوت بەجێ بهێڵن‌و قسەی ناحەزانی کوردو حیزبی دێموکرات پشت گوێ بخەن.

شایانی باسە کە قسە‌و داواکاری ئەو هێزەی سوپای پاسداران بە ڕوونی ئەوە بووە کە لاوان‌و خەڵکی گوندی هوویە بچنە نێو سوپای پاسداران‌و کار بۆ ڕێژیم بکەن، بەڵام خەڵکی کوردپەروەری ئەو گوندە بەو هەڵوێستە بوێرانەیەی خۆیان، بە دوژمنانی کوردو بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستانیان سەلماند کە گەل بە تەواوی وشیار بۆتەوە‌و چیتر بەکرێگیراوانی ڕێژیم ناتوانن خەڵکی کوردستان بکەنە سووتەمەنی ئامانجە نامرۆڤانەکانیان.

## هاووڵاتی‌یەکی بێ‌تاوانی گوندی "بانەدار" لە لایەن پاسدارەکانی ڕێژیمەوە دەستڕێژی لێ‌کرا

شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی بەفرانباری ١٣٨٣، هاووڵاتی‌یەکی بێ‌تاوان بەناوی "عەلی مەلامەحموود"، خەڵکی گوندی "بانەدار" کە بۆ کاسبی چووبووە کوردستانی عێراق لەسەر سنووری بانەدار بۆ بڕوێن، کەوتە بۆسەی جاش‌و پاسدارەکانی ڕێژیم‌و لە ئاکامی ەستڕێژی دژی‌گەلی‌یەکاندا بەداخەوە گیانی لەدەست دا. شایانی باسە کە ئەو هاووڵاتی‌یە پێشتر وەك پەنابەر لە ئۆردووگای ڕومادیی عێراق دەژیاو لەبەر نەبوونی ئاسایش‌و هێمنی لەو ئۆردووگایە گەڕابۆوە ئێران.

## کوژرانی پزیشکێك لە شاری سەقز

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١٠/٢٦، پزیشکێکی خەڵکی مەراغە بە ناوی "ناسر موحەڕەمی" بە دەستی دوو کەس بە ناوەکانی فەرهادو ئارام کوژرا. پزیشکی ناوبراو لەگەڵ فەرهادو ئارامدا، کە هەردووکیان سافکاری ماشین بوون، پێوەندی‌و دۆستایەتی پێشتری هەبووە.

ڕووداوەکە بەمجۆرە دەست پێ‌دەکات کە فەرهاد بە پزیشکەکە دەڵێ لە نزیك شاری سەقز ماشینێکی عێراقییان هێناوە‌و بە نرخێکی هەرزان دەیفرۆشن، پزیشکەکەش حەوت ملیۆن تمەن لەگەڵ خۆی دێنێ‌و بە ماشینێك لەگەڵ ئەو دوو کەسە بەرەو دەرەوەی شار وەڕێ دەکەون‌و لە ڕێگادا فەرهاد پزیشکەکە لە ماشینەکە دادەبەزێنێ‌و چەند چەقۆ لە پزیشکەکە دەوەشێنێ، ئارام کە شاگردی فەرهاد دەبێ، هەوڵ دەدات کە فەرهاد ئەو پزیشکە نەکوژێ بەڵام هەوڵەکانی بێ‌سوود دەبن‌و تەرمی پزیشکەکە هەرلەوێ فڕێ دەدەن‌و دێنەوە دوکانەکەی خۆیان لە شاری سەقز. دواتر فەرهادو ئارام دەستگیر دەکرێن‌و دان بە تاوانەکانیاندا دەنێن‌و دادسەرای سەقزیش حوکمی قەساس بۆ فەرهاد دەبڕێتەوە‌و ئارامیش زیندانی دەکرێت. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بووە هۆی خەم‌و پەژارەی خەڵکی ئینساندۆستی سەقزو ئێمەش بە توندی ئەو مرۆڤکوژی‌یە ڕەت دەکەینەوە.

## ڕێژیم ڕێگا نادا مزگەوتی سونی‌یەکانی شاری سەلماس تەواو بکرێ

ماوەیەك لەمەوبەر بڕیار بوو کە مزگەوتێك بۆ هاووڵاتیانی سونیی شاری سەلماس دروست بکرێ، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ هەنگاوێکی لەو پێوەندی‌یەدا هەڵنەگرت‌و هەرجارە بە بیانوویەك خۆی لەم کارە دەبوارد. بۆیە خەڵك بە کۆکردنەوەی پارە، خۆیان بۆ دروستکردنی مزگەوتەکە دەستبەکار بوون. بەڵام کاتێ مزگەوتەکە بەرەو تەواوبوون دەچوو، کاربەدەستانی ڕێژیم دەستیان بەسەر مزگەوتەکەدا گرت‌و تا ئێستا نەیانهێشتووە کە مزگەوتەکە تەواو بکرێ. ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون‌و ئاشکرایە لە سیاسەتی هەڵاواردنی مەزهەبی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژی بیروباوەڕی ئایینی خەڵکی کوردستان پەیڕەوی دەکا. ئەم کردەوەیەی ڕێژیم بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی خەڵکی شاری سەلماس‌و دەوروبەری.

## دەیان کەس لە بەسیجی‌یەکانی ناوچەی "بەری مێرگان"ی پیرانشار، چەکەکانیان تەحویلی ڕێژیم دایەوە

بەپێی هەواڵێ کە لە پیرانشارەوە بەدەستمان گەیشتووە، نزیکەی ٧٠ کەس لە جاش‌و بەسیجی‌یەکانی ناوچەی "بەری مێرگان"ی پیرانشار کە لەم دواییانەدا بە شێوەی ئاشکراو نهێنی لە لایەن ڕێژیمی ڕوو لە هەرەسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە چەکدار کرابوون چەکەکانیان تەحویلی سوپای پاسدارانی ڕێژیم دایەوە.

## هاووڵاتی‌یەکی ناوچەی سەلماس، لە لایەن چەکدارەکانی ڕێژیمەوە دەستڕێژی لێ‌کرا

ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٣٨٣/١١/٩، کاسبکارێکی بێ‌تاوان بە ناوی "ئەبوتالیب"، خەڵکی گوندی "ستوون ڕەس"ی سەلماس، کە گازوئیلی دەبرد بۆ سنووری تورکیە، لە شوێنێك بە ناوی "کولۆزەن" کەوتە بەر دەستڕێژی چەکدارە دژی‌گەلی‌یەکانی ڕێژیم‌و بەداخەوە، دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. شایانی باسە کە بەکرێگیراوانی ڕێژیم ڕۆژ نیە کاسبکارێکی بێ‌تاوانی کورد لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستاندا نەدەنە بەر گوللەی دەمارگرژانەی خۆیان‌و خێزانێکی کورد داخدار نەکەن.

## هەڵوێستی کوردانەی خەڵکی جوانرۆ لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر هەوڵی دەدا کە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێژەی دەنگدەرانی کوردی پەنابەری عێراقی لە ئێران کەم بکاتەوە، جگە لەوەی کە هیچ بنکەیەکی دەنگدانی لە ئوستانی کوردستان دانەنا، هیچ ئیمکاناتێکی نەخستە خزمەت کوردە پەنابەرەکانەوە تا بتوانن خۆیان بگەیەننە سندووقەکانی دەنگدان لە شارەکانی کرماشان‌و ورمێ. کوردە پەنابەرە عێراقی‌یەکانی دانیشتووی شاری جوانرۆ لەو پێوەندی‌یەدا گرفتێکی زۆر هاتە سەر ڕێگایان، بەڵام خەڵکی کوردپەروەری شاری جوانرۆ بە فەراهەم کردنی ئیمکاناتی پێویست، بەتایبەت "ماشین"، کوردە عێراقی‌یەکانیان گواستەوە بۆ شاری کرماشان تا بتوانن لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتەکەیاندا بەشدار بن. ئەم هەڵوێستە نیشتمانپەروەرانەیەی خەڵکی کوردپەروەری جوانرۆ جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە چارەنووسی کوردان لە هەر پارچەیەکدا ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە هەمووی نەتەوەی کوردەوە هەیە.

# هەڵبژاردنی عێراق،

## یەکەم ترووسکەو پرشنگی دێموکراسی لەم وڵاتەدا

عەلی بداغی

رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/١/٣٠ی زایینی، گەلانی عێراق دوای نزیك بە نیو سەدە، لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا بەشدارییان کرد. سەرەڕای ئەوەی تیرۆریستانو گرووپە تێکدەرەکان، هەوڵیان دەدا بە هەڕەشەو گوڕەشە لە چوونی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان پێشگیری بکەن، بەڵام گەلانی عێراق بە ورەو باوەڕبەخۆبوونێکی کەموێنەوە بەرەو پیلی ئەو پرۆسەیەوە چوونو نوێنەرانی خۆیان لە نێوان پتر لە سەد حیزبو لایەنی سیاسیی ئەو وڵاتەدا هەڵبژارد.

گەرچی بەشداریی کوردەکان لە باکوورو شیعەکان لە باشووری عێراق، زۆر بەرچاوتر لە ناوچەی سوننی ناوەندی ئەو وڵاتە بوو، بەڵام بەشداری‌نەکردنی سوننی‌یەکان رەوایی ئەو هەڵبژاردنە ناباتە ژێر پرسیار، لەبەر ئەوەی ئیرادەی گشتیی گەلانی عێراق سوورە لەسەر ئەوەی رەوتی دێموکراسی لەو وڵاتەدا پتر گەشە بستێنێو بەرەبەرە بە چەسپاندنو باڵادەستکردنی یاسایەك، کە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراق تێیدا رەنگی دابێتەوە، ئەوان لە ئامانجەکانیان نیزیك بکاتەوە. ئامانجی گەلانی عێراقیش بێگومان لە پراکتیزەکردنی دێموکراسی، رێزگرتن لە مافی مرۆڤ، دەستەبەربوونی ژیانێکی ئازاد لە سێبەری سەروەریی یاسایەکی دێموکراتیکدا خۆی دەبینێتەوە.

پرۆسەی هەڵبژاردن لای کوردەکان هەڵگری گەلێك تایبەتمەندیی جیاوازو گرینگی‌یەکی تایبەتی‌یە. لەم رووەوە کە ئەو هەڵبژاردنە نوێنگەی سەرژمێری‌یەکە بۆ رێژەی کوردو هەروەها سەنگی بوونی کورد لە هاوکێشە سیاسی‌یەکانی ئەمڕۆی عێراقدا دەردەخاو ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە، بەشی کورد لە کەرتەکانی دەسەڵاتی سیاسی، دابەشکردنی سامانو دیاریکردنی بودجەی کوردستانو لە هەموویان گرنگتر ئاستی هاتنەدیی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی دیاری دەکا.

گەلی کورد بەو هیوایە پێی نایە گەمەی هەڵبژاردن تا لە سایەیدا چارەنووسی نەتەوەیی روون بێتەوەو نرخی پێشکێش‌کردنی قوربانی‌یە بێ‌ئەژمارەکانی لەپێناو دەستخستنی ئازادیو مافی نەتەوەیی‌دا دەست کەوێو نیشتمانەکەی بەرەو ئاوەدانیو هێمنی هەنگاو بنێ.

گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بەوەی کە ئەزموونی پۆزێتیڤی لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا هەیەو هەڵبژاردنەکانی پارلمانی کوردستانو شارەوانی‌یەکانی وەك دوو نموونەی سەرکەوتوو لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کردوە، سەرەڕای ئەوەی سەرەکی‌ترینو گرنگترین کێشەی، واتە کێشەی کەرکووكو جێبەجێنەکرانی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبەریی دەوڵەتی کاتیو بە هەڵپەسێراوەی مانەوەی کێشەی ناوچە تازەرزگارکراوەکانی هەروا لەبەر دەم بە ئاوەڵایی ماوەتەوە، بەڵام بە پرۆشەوە بەرەو پیلی ئەو پرۆسەیە چوو" ئەوەشی ئەوە دەگەیەنێ کە کورد گەلێکی دێموکراتو ئازادیخوازەو هەموو کات پێشڕەوی ئاشتیخوازی لە کوردستانو عێراقدا بووە.

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ژانویەی عێراق ئەنجومەنێکی گشتی لێ دەکەوێتەوە کە گرنگترین ئەرکی ئەو ئەنجومەنە دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقو دیاریکردنی چارەنووسی پێکهاتە جیاجیاکانی ئەم وڵاتە دەبێو بەکردەوە لایەنەکانی بەشدار لەو پرۆسەی هەڵبژاردنەدا هەموویان هەوڵیان لە پێناو پتر بەدەستهێنانی کورسی‌یەکانی ئەو پارلمانەو زیاتر دەرخستنی سەنگی سیاسیو بەو پێیەش پتر جێهێشتنی دەسپەنجەیان لە نووسینو دارشتنی یاسای بنەڕەتیی وڵات ئەویش لە پێناو بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیاندا بووە. لەو نێوەدا دارشتنی یاسای بنەڕەتیی عێراق بۆ کورد گرنگی‌یەکی لەرادەبەدەری هەیەو کوردان لە دەورگێڕانو کارتێکردن لەو دەستوورو یاسایەدا بۆ دوو ئامانجی زۆر سەرەکی هەوڵ دەدەن. یەکەمیان، پاراستنی دەسکەوتە سیاسی‌یەکانی تا ئێستایانو ئەزموونی سێزدە ساڵ خۆبەڕێوەبەریی سەربەرزانەو نیشاندانی نموونەیەکی بەرچاو لە ئەزموونی دێموکراسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست" دووهەمیان، چەسپاندنی ئەو مافو داخوازی‌یانەی کە نەیانتوانی لە یاسای بەڕێوەبەریی دەوڵەتی کاتی‌دا جێیان بکەنەوەو بیانسەلمێنن. ئەوەش لە قۆناغی چەسپاندنو جێبەجێکردندا تووشی کۆمەڵێك گرفتی نێوخۆییو دەرەکی دەبێتەوە. لە ئاستی نێوخۆیی‌دا زۆربەی هێزو لایەنە سیاسی‌یەکانی ئەمڕۆی عێراق بەتایبەت لە باشووری ئەو وڵاتە تا ئێستاش ئامادە نەبوون کە دان بە مافە رەواکانی گەلی کوردی عێراقدا بنێنو بە کردەوەش ئەوەیان سەلماندوە. (هەڵبەت ئەو هێزو لایەنانەش لە پرۆسەی رزگاریی عێراق لە پێوەندیی لەگەڵ مافە سیاسی‌یەکانی گەلی کورد لەگەڵ حیزبە سیاسی‌یەکانی کورد رێككەوتبوون، بەڵام دواجارو ئێستا لە مەوزوعی دەسەڵاتدا بێ‌هەڵوێستی‌یان نواندوەو پابەندی بەڵێنو رێککەوتنەکانی خۆیان نەماونەتەوە). هەر ئەو هێزو لایەنانە، چالاکانە لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ژانوویەدا بەشدارییان کردوەو ئەگەری پاوانکردنی زۆرایەتیی کورسی‌یەکانی پارلمان بەهۆی ئەوانەوە دەکرێ.

وڵاتانی دراوسێی عێراقیش بەتایبەت ئێرانو تورکیە کۆسپەکانی دیکەی کوردەکانن لە پێناو سەرخستنی ئامانجەکانیان. ئێران بە پشتگیری‌کردنی شیعەکان لە رەوتی هەڵبژاردنداو دەستتێوەردانی بەردەوام لە کاروباری نێوخۆیی عێراق وێڕای پێکانی مەبەستە سەرەکی‌یەکانی وەك پەکخستنی هێزەکانی ئامریکاو رەوتی دێموکراسی لەو وڵاتەدا، بەشوێن بەهێزکردنی گرووپە سیاسی‌یەکانی گوێ‌لەمستی خۆی بۆ بەگژداکردنیان لەدژی خواستی کورداندا عەودالەو بەگوڕ هەوڵی بۆ دەدا. تورکیاش کە بە ئاشکرا هەڕەشە دەکاو رادەگەیەنێ کە لە بەرامبەر بەهێزبوونی کوردو چەسپاندنی ئامانجەکانی کوردەکانی عێراق بێدەنگ نابێو تەنانەت هەڕەشەی هێرشی نیزامی بۆسەر کوردستان دەکا.

لە وەها رەوشێکدا کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوتی نەتەوەیی لەو قۆناغە هەستیارەداو زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگو گرفتانەدا پێویستیی بە یەکڕەنگی، یەکدەنگی، یەك هەڵوێستیو بەگوڕکردنی ئیرادەی نەتەوەیی هەموو تاکەکانی کوردو هێزە سیاسی‌یەکانی هەیە. پێویستیی بە بەهێزترکردنی پێوەندی‌یەکانی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانان لە عێراقو وەگەڕخستنی تواناکانی خۆی لە بواری دیپلۆماسیو رەهەندەکانی‌تر هەیە. لەو نێوەدا کورد خۆی لە جەرگەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پرۆژەی دێموکراتیزەکردنی ناوچەکەدا دەبینێتەوە کە وەك پاڵپشتێكو بزوێنەرێکی کاریگەر دەتوانێ پشتی بێ بەستیو ژیرانە لەگەڵی هەڵسوکەوت بکا. ئەمڕۆ کوردستانی عێراق فاکتەری سەرەکیی رەوتی گۆڕانەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو لە هەمان کاتدا ناڕاستەوخۆ فاکتەری جێگیرکردنو چەسپاندنی مافی نەتەوەیی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانە. هەر بۆیەش سەرکەوتنی کورد لە رەوشی ئاڵۆزی ئەمڕۆی عێراق واتای بەرهەمهاتنی بەری سەدان ساڵ خەباتو گیانبەخشین لە پێناو مافو ئازادی‌یەکانی گەلی کوردە لەو بەشەی کوردستاندا دەگەیەنێ.

*

# دەوری دووهەمی سەروکایەتیی بووش و سیاسەتەکانی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران

ئا: عەبباس ئەحمەدی



پاش رووخانی رێژیمەکانی تالیبان و بەعس, ئێران لە روانگەی کۆشکی سپی‌یەوە دەبێتە گەورەترین کۆسپ و بەربەست لە بەرانبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بەم پێیە چاوەڕوان دەکرێ لە دەورەی دووهەمی سەرۆکایەتی بووشدا, ئەمریکا بەشێك لە ئێنرژی خۆی بۆ روبەروو بوونەوە لە گەڵ سیاسەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرخان بکا. چونکە لە چەندین لاوە بەرژەوەندی‌یەکانی ئەو وڵاتە لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە خراونەتە بەر مەترسی‌یەوە:

یەکەم: ئێران بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی هەوڵێکی بەرچاوی داوەو چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوویش دا هەوڵەکانی بەردەوام بن. دەست پێڕاگەیشتنی ئەم وڵاتە بە چەکی ناوکی بۆ کۆمەڵگای جیهانی بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی مەترسیدارە, چونکە تەنانەت دوور نیە گرووپە تیرۆریستی‌یەکانیش بەم چەکە تەیار بکا. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکە بەرەو پێشبڕکێی ناوکی دەبا یان ئێران دەکاتە هێزێکی گەورە لە ناوچەکە, هەر یەك لەم حاڵەتانەش روو بدەن دژی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەمریکایە لەم ناوچە هەستیار و ئیستراتژیکەی جیهاندا کە بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە.

دووهەم: ئەم رێژیمە پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستی‌یەکان دەکا, بۆ وینە دەتوانین لە زاری بەرپرسانی عێراقی‌یەوە ئاماژە بە دەست تێوەردانەکانی ئەم دوایی‌یەی ئەم رێژیمە لەو وڵاتەدا بکەین کە هەوڵەکانی بۆ پێشگیری لە دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك و فیدراڵ لەم وڵاتەدا بەڵگەیەکی روون و ئاشکران و هیچ گومان و دوو دڵی‌یەکی بۆ ئەمریکا و گەلانی عێراق لەم پێوەندی‌یەدا نەهێشتوەتەوە.

سێهەم: تەگەرە خستنە بەردەم ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین, کە لە رێگای پشتیوانی کردن لە گرووپە توندڕەوەکانی فەلەستینی‌یەوە جێبەجێی دەکا. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئەمریکا دەیهەوێ چارەسەری ئەم کێشەیە بکا بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێك لە پرۆژەی ناسراو بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە لە ناوچەکە بەڕێوە بەرێ و یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی تێرۆر و توندوتیژی کە لە پلەی یەکەمدا دووکەڵەکەی رۆیشتوەتە چاوی گەلانی ناوچەکەوە, وشك بکا.

چوارەم: کۆماری ئیسلامی مافی مرۆڤ لە نێوخۆدا پێشێل دەکا, لە حاڵێکدا یەکێك لە ئامانجە راگەیەندراوەکانی ئەمریکا دێمۆکراتیزە کردنی ناوچەکەیە بۆ سەرهەڵدانی بیروبۆچوونی پێشکەوتنخوازانەو وشك‌کردنی ریشەکانی تیرۆریزم کە هۆکارەکانی دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی دێمۆکراسی, هەژاری و خراپیی سیستمی پەروەردی ئیستاندارد.

بە سەرنجدان بە ملهۆڕی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لە گەڵ دەست هەڵ نەگرتن لە سیاسەتە چەوتەکانی‌دا, پێدەچێ ئەمریکا ناچار ببێ لە دەورەی دووهەمی سەرۆك کۆماری جۆرج بووش‌دا پرۆسەی رووبەروو بوونەوە لە گەڵ رێژیم بگرێتە پێش. لەم پێوەندی‌یەدا لە دەورەی یەکەمی سەرۆکایەتیی بووش‌دا بە سەرپەرستیی مایکل لێدینو یارمەتی کۆشکی سپی و پشتیوانیی وەزارەتی دەرەوە, دامەزراوەیەك بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رێگاکانی گۆڕینی رێژیمی ئێران پێك هات و لە سەر رێگاکانی گۆڕینی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لێکۆڵینەوە کراوە[١].

هەروەها لە دوای هەڵبژاردنی بووش بۆ دەوری دووهەمی سەرکۆماری, بابەتێك لە لایەن یەکێك لە راوێژکارانی کۆشکی سپی‌یەوە بڵاو کرایەوە کە حەوت پێشنیار بە کابینەی بووش دەکا کە یەکێك لەو پێشنیارانە رووخانی کۆماری ئیسلامی‌یە.[٢]

بەڵام سەرەڕای ئەو دەنگ و باسانەی لەم ماوەیەدا بڵاو بوونەتەوە چاوەڕوانیی ئەوە ناکرێ ئەمریکا هەمان شێوە بگرێتە پێش کە لە بەرانبەر رێژیمەکانی تالیبان و بەعسدا بەکاری هێنا, چونکە ئەمریکا بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی نیزامی لە گەڵ چەندین بەربەست بەرەو روو دەبێ کە بریتین لە:

یەکەم: ئێران تەواوی سنووری باکووری کەنداوی فارسی بە تەنگەی هۆرمزەوە لە بەردەست دایە کە ئەگەر تەنیا بۆ ماوەی یەك مانگ بتوانێ پێش بە هاتوچۆی کەشتی‌یە نەوت هەڵگرەکان بگرێ، ئابووریی رۆژئاوا لە گەڵ مەترسی‌یەکی زۆر بەرەو روو دەکا.

دووهەم: ئێران وڵاتێکی پانوبەرینە و بە ئاسانی بۆ ئەمریکا کۆنتڕۆڵ ناکرێ.

سێهەم: کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵدا بە تەواوی خۆی تەیار کردووە, بە تایبەت کە توانیویەتی شەبەکەی تیرۆرستیی پان و بەرین لە دنیادا دامەزرێنێ.

چوارەم: پاش ئەو دوو شەڕەی کە ئەمریکا لە ناوچەکە کردنی و رێژیمی دڵخوازی خۆی هێنایە سەر کار و پێگەی وڵاتانێ وەکو رووسیە و ئۆرووپای لە ناوچەکەدا لێژ کرد, چی دیکە هێزە گەورەکان وەکوو ئۆرووپا و رووسیە و چین کە بەرژەوەندی گەوریان لە ئێران دا هەیە و تەنانەت ئێران وەکوو سەکۆیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لەو ناوچەیە چاو لێ‌دەکەن، زیاتر دژایەتی هێرشی نیزامی بۆ سەر یەکێك لە سەرچاوەکانی بەرژەوەندی‌یان دەکەن. بۆیە هێرشێکی لەو چەشنە سنووربەندیی نێوان هێزە گەورەکان لەگەڵ ئەمریکا بەتەواوی زەق دەکاتەوەو دەیباتە قۆناغێکی نوێ و ئاستەنگەوە.

هەر ئەم هۆکارانەش کارێکی وەها دەکەن کە کۆندالیزا رایس لە بەرامبەر کۆمیسیۆنی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی سێنادا بڵێ:" ئێمە درێژە بە کار لە گەڵ هاوپەیمانە ئۆرووپایی‌یەکانمان دەدەین بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی دیپلۆماتیك بۆ مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران". هەروەها ئاماژە بە بە هێز کردنی پەیوەندی‌یەکانی ئەمریکا لە گەڵ هاوپەیمانەکانی‌یان دەکا.

بەڵام لە بەرانبەردا خەڵکی ئێران کە رابردووی نزیك بە ١٥٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی و دێموکراسییان لە پشتە و تا ئیستا دوو شۆرشی گەورەی مەشرووتە و ٥٧ یان بە ئەنجام گەیاندوە, دەخوازن و دەتوانن ئالوگۆڕ لە وڵاتەکەیاندا پێك بێنن.

وادەردەکەوێ ئەمریکاش دەستی لە سەر ئەم خاڵە داناوەو لە راگەیەندراوەکانیان باس لەوە دەکەن کە دەیان هەوێ بە پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵك، رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕ بە سەردا بێنن. ئەمریکا دەیهەوێ لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا ئێران تووشی قەیرانی زیاتر بکا و بە تەواوی گۆشەگیری بکا, لە رێگای راگەیاندنو ئاشکراکردنی جینایەتەکانی ئەم رێژیمەوە نێوەرۆکی بۆ خەڵکی جیهان دەر بخا, ئەو دەمە دەتوانێ یارمەتی بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی و دەرەکیی رێژیم بکا. ئەمەش بە ئاشکرا لە ئەدەبیاتی رێبەرانی ئەمریکادا دەردەکەوێ. بۆ وێنە پێش شەڕی رزگاریی عێراق بووش بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە ئێمە لە عێراقدا دێمۆکراسی دادەمەزرێنین. واتە ئەمریکای بە ئەنجامدەردەزانێ بەڵام بە نیسبەت ئێرانەوە سەرەڕای ئەوەی وەکوو عێراق لە تەوەرەی شەڕدا بوو بەڵام تاکۆ ئیستا چەندین جار بووش رای گەیاندوە کە ئێمە پشتیوانی لە خەڵکێك دەکەین کە لە ئێراندا بۆ ئازادی و دێمۆکراسی خەبات دەکەن واتە ئەنجامدەر لە نێوخۆی ئێران دایە.

### گرنگیی رووخانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەمریکا

سەرەڕای ئەوەی رووخانی کۆماری ئیسلامی بە مانای نەمانی گەورەترین دوژمنی ئەمریکاو ئیسرائیل لە ناوچەکەدایە, رووخانی ئەم رێژیمە لە چەندین لاوە بۆ بەدی هاتنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا گرینگیی هەیە. لە لایەکەوە رێگە بۆ ئاشتیی ئیسرائیل و فەلەستین خۆش دەکا و توندرەوەکانی فەلەستین گەورەترین پشتیوانی خۆیان لە ناوچەدا لە دەست دەدەن, لە لایەکی دیکەیشەوە بە هەمان شێوە کە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هیوایەك بوو بۆ گرووپە ئیسلامی‌یەکان کە بتوانن دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، رووخانی ئەم رێژیمەش جێی دڵخۆشی دەبێت بۆ گەلانی ناوچە, کە دەزانن رێژیمێکی ئیدئۆلۆژیك و بەرتەسك ناتوانێ وەڵامدەری خواستەکانی خەڵکی ئەم سەردەمە بێ.

ئەگەرچی هێندێك جار لە قسەکانی بەرپرسانی ئەمریکا باس لەوتووێژ دەکرێ (بۆ وێنە ریچارد باوچر دەڵێ: ئەگەر بتوانین لە رێگای دیپلۆماسی‌یەوە هێندێك دەستکەوت بە دەست بێنین ئامادەین لەگەڵ ئێراندا وتووێژ بکەین.)بەڵام پێدەچێ هەمووی ئەمانە تاکتیك بن بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی پێی سەرگەرم بکەن تاك ئەفغانستان و عێراق هێوەر ببنەوە (وادیارە کۆماری ئیسلامییش ئەم راستی‌یەی دەرك کردوە بۆیە هەردەم هەوڵ دەدا ئەمریکا لە عێراق تووشی قەیران بکا, و لەم پێوەندی‌یەشدا بەتەواوی پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستی‌یەکانی نێو عێراق دەکا).وتووێژ بە مەبەستی سازیشیش بە مانای قوت کردنەوەی جۆرێك زلهێزە لە ناوچەکە, کە ئەمەش دژی سیاسەتەکانی ئەمریکایە. بۆیە ئیستا بە هیچ شێوەیەك چاوەڕوان ناکرێ ئەمریکا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا بە مەبەستی چارەسەری یەکلاکەرەوەو دایی گرفتەکانی نێوانیان و ئاسایی کردنەوەی پێوەندی‌یەکانیان وتووێژ بکات. هەرچەند کە خەرازی وەزیری دەرەوەی ئێران بە راشکاوی ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ وتوێژ راگەیاند.

سەرچاوەکان:

١ـ سایت پیك ایران

٢ـ میزگردی باشما

# روناکبیر و کەڵەشێر

مەحموود شێرزاد

کەم نین ئەو وتارنووس و پەخشان وێژە دەستکردانەی کە ڕۆژانە لاپەڕەکانی ڕاگەیەنە کاغەزی و بڵیندگۆی رادیو و شاشە ئیلکترۆنی‌یەکان ئازار دەدەن. کەم نین ئەو کەسانەی لە پێناو هەرجۆرە قازانجێکی تاکەکەسی‌دا رەساڵەتی خۆیان دەدۆڕێنن. کەم نین ئەو خوێندەوارانەی کە لەلایەن حیزب و دەزگاو ناوەندە جۆراوجۆرەکانەوە سیفەتی روناکبیریان پێ دەبەخشرێ، کەم نین ئەوانەی بەو هۆیەوە دەکەونە ناو پێکهاتەیەکی درۆینی روناکبیری و ژەنینی زۆڕنای بێهوودەیی. کەم نین ئەوانەی بەو هۆیەوە و لەرێگەی وتارە شەرمێون و پڕلە قەزوان و شویت گوڵەکانیانەوە رۆژانە کڵاو لەسەری ئەم و ئەو دەنێن، کەم نین ئەوانەی ئەقلەکان بانگهێشت دەکەنەوە بۆناو قەفەسی ئاسنینی کەسایەتی‌یەکان و رێبازە وەهمی‌یەکان، کەم نین ئەوانەی رەوتە رەسەنەکان لە چوارچێوەیەکی داخراو و پەراوێزی‌دا بە لارێ دا دەبەن. چ زۆرن ئەوانەی فیزیك و میتافیزیکیان بوارێکی ٢٤عەیارە بۆ پەرەپێدانی گەندەڵی. نازانم کەی ئەو هاوسەنگی‌یانە لە نیشتمانی ئێمەدا دەگۆڕێن، بۆ وێنە هاوسەنگی نێوان بیرکردنەوە و کەروێشك، هاوسەنگی نێوان کردەوە و رێوی، نازانم هەتا کەی دەبێ لە بیرکردنەوەدا ترسەنۆك و لە کردەوەدا فێلباز بین. بەڵام سەرجەم کەم نینە نەرێنی‌یەکانی سەرەوە و تا...هتد. لە چوارچێوەی شێواندنی واقیعەتەکان دا جێگە دەگرن یا بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبنە هۆی شێواندنی راستی‌یەکان. ئەگەر پێمان وابێ تەنانەت لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی و گشتیش دا دەتوانین واقعیتەکان بشێوینێن و ناوی تاکتیك و کایەی سیاسی و فلان و فیساریان لەسەر دابنێین. هەڵەیەکی گەورەی ویژدانی و ئەخلاقی و کەلتووریمان کردوە. واقیعیەت جگەلەوەی نەگۆڕ نیە، جگە لەوەی پیرۆز و تابۆ نیە و...هتد، شتێکیش نیە هەروا بە سانایی بشێوێندرێ و شێوێنەریش تاوانبار و سزا نەدرێ، یا لانی کەم لە داهاتوودا بەرهەمە سەرجەم نەرێنی‌یەکانی نەدروێتەوە. بەشێواندنی واقیعیەتەکان لەراستی دا خۆمان دەشێوێنین، بوارێك دێنینە ئاراوە بۆ دوڕاندن، بۆ بزربوون، بۆ دوورکەوتنەوە لە خۆمان و واقیعیەتی سروشتی‌مان. بوارێك دێنینە ئاراوە بۆ کۆمەڵە دەستێکی جۆراوجۆر کە لەسەر خواستی خۆیان تێکمان بڕۆخێن و دامانرێژنەوە لەپێناو بەرژەوەندی‌یەکانیان دا بمانکەن بە روناکبیر ـ رۆژنامەنووس، روناکبیری شۆرشگێر، رۆژنامەنووسی وڵات پارێز، خوێندەواری نەتەوە پەروەر، بکەری ئاوانگاردو...هتد. بەڵام لەراستی‌دا هەرکەس لەسەر ئاستی فیکرو کردەوەدا کەوتە ناو ئەو پرۆسەوە چیدی دیکە خۆی و خاونی خۆی نیە بەڵکوو دیاردەیەکی دروست کراوە و دەبێ بە مرۆڤێکی دەستکردی بێ ئیرادەی شوێن کەوتە. لێرەوە یەکێك لەو چەمکانە کە هەمیشە لەلایەن حیزب و گرووپو دەسەڵاتەکانەوە شێوێندراوە و بۆتە بنەماوو بوارێکی شازو لە بار بۆ هاتنە ئارای گەندەڵی روناکبیری وبە گشتی کەلتووری، چەمکی روناکبیر و روناکبیری‌یە. بەو واتایە دروست کردنی نووسەر و وتارنووس و روناکبیری کارتۆنی و پراکتیزە کردنی قسەی گیرفان و تیئۆری‌یە بستە پانتایی و ناپسپۆری‌یەکان جگە لەوەی پەرەپێدانی گەندەڵی و شێواندنی واقیعیەتەکانە، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوانیش بەشێکی هەرە بەرچاوی رەساڵەتەکانیان بدۆڕێنن و تەنانەت جەوهەری ئامانج و پێکهاتنیان بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام با لەو بەشە گەرێن. من وەك وێژدانێکی بەخەوەر، دەروەست بە بەرژەوەندی گشتی، خاوەن مەعریفەیەکی رەخنەگرانەو بنیاتنەر و گۆڕان تەوەر، تا لەدەرەوەی پێکهاتە دیاریکراوەکان دا بم دەتوانم بڵێم بەشێکی بەرچاو لە تایبەتمەنی‌یەکانی روناکبیرێکی راستەقینەم تێدایە، بەڵام تاوانی کێ‌یە کە خۆم بێمە ناو سیستمێکەوەو بەشێك لە پارادایمەکانی روناکبیربوونم بدۆڕێنم، کە لەو سیستمەش دا بووم بە خاوەن دەسەڵات یا بووم بە پاساوەدەری هەڵەکان و شیرین کردنی تاڵی‌یەکان و جوان کردنی ناحەزی‌یەکان و ...هتد ئەم جارەیان ١٠٠٪ی پارادایمەکانی روناکبیربوونم بدۆڕێنم. لێرەوە ئەگەرلە ئەنجامێکی فکری و پراکتیکی‌دا کەوتمەناو ئەو پرۆسەوە دەبمەوە بە واقیعی خۆم، واتە رووی راستەقینەم دەردەکەوێ و لە نیهایەت خوێندەوارێکم وەك زۆربەی خوێندەوارە ناروناکبیرەکانی دیکە. هەربۆیەش دەبینی زۆربەی دەسەڵات و حیزب و گرووپەکان نەك بەشێوەی کاتی بەڵکوو بەشێوەی درێژخایەن، خاوەنی کۆمەڵێك خوێندەواری تا رادەیەك باشن کە ئەوانیش زیاتر رۆڵی کەڵەشێر دەبینن، واتە لەکاتی پێویست دا دەبێ بە دەنگە دەستەمۆکراوەکانیان خاوەنە خەوتووەکانیان وەخەبەر بێنن و جاروباریش ئەگەر رێگەیان کەوتە ئەو دیوی حەوشەوە لە چوارچێوەی سیاسەتە تەسك و نەگۆڕەکانی ئەواندا شەڕە دەنووکی سیاسی و حیزبی و ...هتد بکەن، بەڵام بەقەول بۆ نێوی سوێندیش بێ قەت بۆماوەی چەند ساتێکی شایانی باسیش بێ خاونی تاکە روناکبیرێکی راستەقینە نەبوون، خاوەن بە مانای ئەوە کەکارتی ئەندامەتی و بەشێوەی فیزیکی رۆژانە لەناو پێکهاتەکەدا بژین، کەپێم وابێ چەند کەسێکمان دەزانین بۆو هەموومان نا...دەنا ئەگەر هەموومان لەوە تێگەیشتباین کە ئێمە کێن و رەساڵەتمان چی‌یە؟ جیالەوە هەرگیز لە گێژەلووکەی دۆڕاندن و ئووقیانووسی ناپاکی‌یەکان دا خۆمان لێ بزر نەدەبوو. رەنگە هەرگیزیش بەو شێوەیە تووشی قەیرانی شوناسی تاکەکەسی نەدەهاتین.

# دیاری قەرەداغی:

## نابێ تۆ دابەزیتە سەر ئاستەکانی جەماوەر، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەی جەماوەر بکەی بە بەشێك لە خۆت

هەڤپەیڤین: شەریف فەلاح (هێژا)



**پ: وەك دەزانین لەجەنابت دەنگێکی دیارو نوێخوازی لە پانتایی گۆرانی و مۆسیقای کوردی‌دا ئەو تایبەتمەندییانە کامانەن کە دیاری لە هونەرمەندەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟**

و: بەرلەوەی تایبەتمەندییەکانی خۆم باس بکەم وا باشترە تایبەتمەندییەکانی ئەوان باس بکەم تا لەو حاڵەتە تۆ بتوانی هێندێك لەو جیاکارییانە ببینی، لەناو هونەرمەندانی ئێمەدا، هەمیشە بەهای گورانی بەهایەکی‌تری هەیە ئەویش ئەوەیە ئەو بەهایەی کە بۆ گۆرانی دادەنرێت، وەك بەهایەکی کەم سەیر دەکرێ، واتە ئەو نرخ و ئەو خولقییەتە نادرێ بە رەگەز و ژانرەکانی دروست کردنی بەرهەمێکی هونەری، لە سەردەمانێکا شێعر کەم بەهایە لەلای هینێدێك لە هونەرمەندان لە سەردەمانێك دا ئاواز بریتی‌یە بەس لە جوینەوە و وتنەوەی ئەو شتە فولکلور و ئەو شتە سوننەتیانەی کە رەنگە زۆر وڵام دەری ئەو سەردەمە نەبن زۆر زەحمەتە تۆ بتوانی لەگەڵ هەموو گۆرنکارییەکانی تازەی ژیان دیسانیش دەروەست بی بە هەموو ئەو حاڵەتە تقووسی و دەروێشی و هتد.... ئێمە دەڵێین دەبێ ئەوەش هەبێ بەڵام تۆ دەبێ فەزایەك دروست بکەی کە زۆر جوانتر بێ لەوە. پاشان وتم ئەگەر ئامارێکمان لەبەردەست دا بێت، دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەواران و ژمارەیەکی زۆر لە نەخوێندەواران، خوازیاری ئەم هونەرەن بەو پێیە کە ئەم هونەرە یەعنی هونەرێکی ئاسانە هەموو کەس دەتوانێ دەرەقەتی بێ، و هەموو کەسیش دتوانێ بچێتە ناوییەوە.لێرەوە کۆمەڵێك گرفت دروست دەبێ. بواری هونەری گۆرانی بوارێکی ئاسان نییە دەرگایەکی واڵا نییە هەموو کەسێك رووی تێ بکا. پێویستی بەوە نییە کە لە شەو و رۆژێك دا خۆ دەرخا و خۆ بناسێنی، ئەگەر لەرێگەی راگەیەنێکەوە تۆ پف درایت و گەورە کرایت، ئیتر تۆ بوونت هەیە و تۆ شتت هەیە، یانی من پێم وابێت هەموو ئەو هۆکارانە وای لەمن کردوە کە پرسیار بکەم، یانی کارێکی زەحمەتە بۆ ئەم زەحمەتیەش پێویستە، ئەرك بکێشی و پێویستە خوێندەوار بی، بەلانی کەمەوە پێویستە (پرۆفیشناڵ) بی لە بابەتێکی تایبەت دا، من سرنجێکم هەیە دەبینین زۆربەی زۆری هونەرمەندانی ئێمە ئێستا لەم کاتەدا، لەم ساتەدا کە من قسەی تێدا دەکەم، ئامادە نین خەرجی بکەن بۆ گۆرانییەکانیان هێندێ ئەوەی ئەیانەوێ لەرێگای بەرهەمەکانیانەوە خەرجی وەرگرن، بەڕای من ئەمە قوربانی نییە. بە پێچەوانەوە ئەمە بە هێندەی ئەوەی تەنها کەسێکن گۆرانی و مۆزیکی کوردییان وەك دەغیلەیەك ئەوێ کە هەمیشە لێوەی وەربگرن، جوانە لە هونەردا تۆزێ خەرج بکەی، جوانە تۆزێ لە خۆشییەکانی خۆت ببەخشی بە هونەر، جوانە تۆزێ لە هیلاکییەتی خۆت ببەخشی بە هونەر.

**پ: بەرێزتان زۆر کاری گرینگتان بۆ نوێ کردنەوەی دەقە کۆن و فولکلوورەکان ئەنجام داوە، بۆ؟**

و: بەراستی رایەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە کە تۆ هەموو شتێکی جوان دەبێ سەرسامت بکا. ئیتر ئەو دەقە ئەگەر دەقێکی کۆن بێ یا دەقێکی تازە بێ. دەقێك لە سەدەکانی دەیەم دا نووسراوە، کاتێك باباتاهێری هەمەدانی چوارنییەك دەنووسێ کە یەکەم نووسراوی ئەدەبی کوردی‌یە دەبینی پڕپڕە لە فەلسەفە و پڕپڕە لە بابەت و پڕە لە فەنتازیا و ... هتد. ئەگەر بەو پێیە بێ دەبێ ئێمە ئەوە ئیلغا کەین ئەوە ئێمە دەبێ لە ٢٠٠٤ و لە ٢٠٠٥دا قسە بکەین بەڵام وا نییە بۆ خۆی لەوانەیە دەیان چوارینە و روباعیاتی خەیام تۆ سەرسام کا، دەیان شێعری وەکوو بڵێین (مەحوی) تۆ بخاتە بەردەم دەیان پرسیار و تێڕامانەوە، لەوانەیە دەقێکی فۆلکلوور کە نەزانین خاوەنەکەی کێ‌یە ئەوەندە پڕبایەخ و ئەوەندە کاریگەر بێ و ئەوەندە وەقعێکی گەورە دروست کا، لەبەردەم کۆمەڵ و کێشەکانی کۆمەڵ دا کە تۆی هونەرمەند دەرەقەتی نەیەی، پێم وابێ دەیان شێعر دروست دەبێ بە سەقەتی لەدایك دەبێ و بە سەقەتی و بە ئیفلیجی گەورە دەبێ بە ئیفلیجیش بڵاو دەبێتەوە. کەواتە لێرە ئەرکی هونەرمەندە بگەرێ لە کۆن دا چی بە جوانی دەبینێ لەتازەدا چی بەجوانی دەبینێ، چۆن دەتوانی هاوسەنگییەك دروست بکا و جارێکی کە دروستکەر بێ، خولقێنەر بی بۆ تێکەڵکێش کردن، پێم وابێ (ستانداردێك) نیە بۆ دروست کردنی فەن بەم چەشنە، دەبێ دەرباز بین لەو بیرۆکەیەی فەن کە لە حەفتاکان دا چۆن دروست کراوە، لە هەشتاکان دا چۆن دروست کراوە لێرەش ئاوا دروست بکرێ، هونەرمەند پێویستە کایەی بیرکردنەوەی کایەیەکی فراوان بێ، ئاسۆی بیرکردنەوەی دوورودرێژخایەن بێ، چاوی هونەری درێژتر بێت. پێم وابێ لەم پانتایەدا دەبێ تۆ کار بکەی، من نامەوێ وەڵامەکەم وەڵامێکی کوێرانە بێ بۆ ئەوە پێم وابێ ئیش کردنی تۆ پێویستە هەمیشە لەسەر ئەو شتانە بێ کە ویستی تۆیە و رۆشنبیرییەتی تۆ داوای ئەکا. ئیتر لە دوایی دا تۆ دەبێ جەماوەر بکەی بە هاورێی خۆت، نابێ تۆ دابەزیتە سەر ئاستەکانی جەماوەر، نابێ تۆ چیت ویست من ئەوەت بۆ بکەم، دەشێ تۆ لە ئاستی بیرکردنەوەی کارێکی هونەری من دا نەبیت، دەشێ لە ئاستێکی بەرزتری کاری هونەری من دا بیت، ئەگەر تۆ لە ئاستێکی بەرزتری کایەی بیرکردنەوەی من دا بیت، و من شتێکی خراپت بۆ بکەم، کەوابێ من بێ حورمەتی بە حەقی چێژ و بیرکردنەوەی تۆ ئەکەم و بە پێچەوانەوە ئەگەر هات و من توانیم شتێك بکەم، زیاتر لەوەی کە ئێستا کردومە بەڵام نەیکەم و هەر خوازیاری شتەکانی جەماوەربم ئەوکاتە من خیانەت بە حەقی هونەر دەکەم.

**پ: قۆناغی ئەمرۆی بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بە گشتی و گۆرانی و مۆسیقای رۆژهەڵاتی‌کوردستان چۆن دەبینی و چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و: پێم وابێ ئەوەندەی کە من ئاگادار بم، رەنگە راگەیاندن خەتایەکی زۆر گەورە بکا کە ناهێڵێ ئێمە هەموو شتەکان بە باشی ببینین. یانی هەموو گۆرانی‌یەکان بە باشی ببیسین، بەڵام خۆ مەرجیش نییە تۆ هەموو شتەکان هەرلە رێگەی راگەیاندنەوە گوێ بگری. بەڵام ئەوەندەی ئاگادارم زۆر کاری باشی هونەری دەکرێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە کوردستانی باکوور، بەداخەوە هیندێ جار لە کوردستانی باکووردا بەهۆی جیاوازی و ئایدیا و فیکر و شەڕەشەقی مابەینی هونەرمەندان، گۆرانی دەبێ بە قوربانی، بە هەمان شێوە زۆر گۆرانی چاك لێرە دروست دەکرێ لەلای ئێوە وجوودی نییە. لەبەر ئەوەی لەلای ئێوە واتە لە کوردستانی رۆژهەڵات بە هەر بیانوویەك بێ، بەهەر بەهانەیەك بێت، دەنگی ئێمە دەخنکێندرێت و تەنانەت دەنگی ئێمە لە کوردستانی باکووریش دا دەخنکێندرێ، کەواتە دەبێ ئێمە ناوچەگەرییانە قسە بکەین، من لێرە هەم، لە دەرەوە نیم، من کە ئەڵێم لە دەرەوە، لە دەرەوەی ناوچەکەی خۆم، بەداخەوە ئەمە خەسارێکی زۆر گەورەیە بۆ گۆرنی و بۆ کەسایەتی گۆرانی‌بێژی کورد کە دروستی کردوە. دەیان لاو هەیە لە کوردستانی باکوور کە رۆژانە، لە میدیا و تەلەفیزیونی "رۆژ" گۆرانییەکانیان دەردەچێ، گورانی‌یەکانیان پڕپڕن لە شتی جوان، جوان، تا ئێستا نابینین لە کاناڵەکانی کوردسات و کاناڵەکانی کوردستان تیڤی‌دا لێ بدرێن، پێمان وایە ئەمانە لە سنعەتی یەهوودییەکانن، ئاخۆ ئەمانە کانالێکی ئیسرائیلی بێت. نەخێر ئەمانە کانالێکی کوردییە، پێویستە، تەرویجی راگەیەن بکەی بۆ شتە جوانەکانیان. بەو پێیە ئەوکات خەڵك دەتوانێ بڕیاردەری شتە جوانەکان بێ. بەداخەوە ئەمرۆ کەناڵەکان راگەیەنەکان، لە راگەیاندن دا خوازیاری زۆر شتی بێ بەهاو پڕوپووچن. یانی ئەوانەی کە خەڵك دەخەنە سەر نەشوەی رەقس و نەشوەی لەحزەیەك لە سەما کردن و لە سێکس بەخشین و ئیتر ئەمجۆرە رەهەندانە، پێم وابێ ئەمەش خەتەرێك دروست دەکا، بەو خەتەرەی کە تۆ وا بە تەواوەتی ئاستەکان گۆرانی کوردی نابینی، بەڵام ئەگەر لە من دەپرسی من هیچ کاتێ ئەو پێودانگە لە رێگەی کاناڵەکانەوە ناپێوم و قیاسی ناکەم، بەڵکوو بە هێندەی وەك چۆن گەڕیدەیەکی باشم بۆ شێعرێ کە بکرێ بە گۆرانی‌یەك لە گۆرانییەکانی خۆم، ئاواش گەڕیدەیەکی باشم بۆ دەنگە چاکەکان. کۆمەڵێك دەنگی باشی تیایە و کۆمەڵێك دەنگی تیایە پێویستە سزا بدرێ، من هەمیشە ئەوەم گوتوە، هەرکەسە بەناوی ئازادییەوە هات و دەستی دایە بەنرخترین شت کە ناوی گۆرانی کوردی‌یە، کارەساتێ دروست دەکا، پێم وابێ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر هەڵدەگرێ، زۆر ناو دێنیتە ناوەوە کە ناویش هاتە ناوەوە دەبێ زۆر لایەن رووناك و تاریك بکەی، کە زۆر لایەنیشت رووناك و تاریك کرد، خۆشت تاریك ئەبیت و هیندێ جاریش خۆشت بە دیوێکی تردا رووناك دەبیتەوە.

**پ: رات سەبارەت بەو شەپوولە نوێیە و ئەو بەرە لاوەی کە ئەمرۆ گۆشەیەك لە گۆڕەپانی گۆرانی کوردی‌یان داگیر کردوە چی‌یەو چۆنی دەبینی؟**

من بە تەئکید نازانم ئەو شەپوولە لاوە کێیە، یەعنی من تەمەنم سی‌وحەوت ساڵە پێم دەوترێ لاو. من ئەوەی کە ئەمرۆ شەست ساڵە تەمەنی هونەری هەیە یان پەنجا ساڵە تەمەنی هونەری هەیە، بە قوتابخانەو رێچکە ئەزانرێ و رۆژانە تەکریك دەکرێ و رۆژانە بایەخی پێ دەدرێ و ئێستا لە سەرەمەرگایە تازە پارچەی زەوی ئەدەنێ، یەعنی ئەم ساتە دووبارە ئەبێتەوە. من تەسەور ئەکەم لە دوای شەست ساڵی تر گەورەترین پیاوی هونەری ئەبم، بۆچی؟ چونکە ئیتر تەمەنی هونەریم زۆر زۆر گەورەیە پێم ئەڵێن پیاوێکی رەسەن و داهێنەر و خولقێنەر و چووزانم ئەمانە... بەڵام لە ئێستا تۆ کەسێکی فەرامۆش کراوی لە هەموو شتەکاندا، لەرێگەی راگەیاندنەکانەوە فەرامۆش کراوی لە رێگەی بانگهێشت کردنیان بۆ دەعووەتەکانیان بۆ شتەکانیان رەنگە ئەمن قبووڵیشم نەبێ ئەو شتە، رەنگە لەوانەیە من رەت کەرەوەی بانگهێشتێکیش بم، نەزانم سەرچاوەکەی کوێیە. بەڵام من مەبەستم ئەوەیە کە هەمیشە ئێمە وا بیر دەکەینەوەکەدەبێ کەسێك چل ساڵ پەنجا ساڵ خەباتی ببێ ئینجا بەر مەکرەمەیەك ئەکەوێ، ئینجا بەر بەخشینێك دەکەوێ، دائیم هونەرمەند کە لە حاڵی کارکردن و گەنجی‌یایەتی، پێویستی بە هەموو لایەنە مەعنەوی و مادییەکان هەیە، دائیمەن کەسێکی خەسێنراو والێکراوە کە دەبێ سەری لەناو لمەکەدا بێ، بۆ ئەوەی کار بکا. بەراستی ئەم موعادیلەیە موعادیلەیەکی قورسە، جا من نازانم تۆ مەبەستت لە گەنج چی‌یە، گەنج هەیە ئەمرۆکە بە حوکمی ئەوەی کەوا چەند ساڵێك لە ئۆرووپا لە هەر رێگەیەکەوە خەریکی پارە پەیدا کردنە بەچەشنێك لە چەشنەکان سبەینێ لەهەر رێگەیەکەوە دەبێتە خاوەنی ئەلبۆمێك لە یەکێك لە مەملەکەتەکانی وەکوو ئۆرووپا بە بەرزترین کەرەسە تۆماری دەکات و سبەینێ فرۆشێکی زیاتری هەیە لەناو کوردستان دا، من پێم وابێ ئەوە پێورێك نییە بۆ بزانین ئەمە شەپۆلە، بەڵام لەنەتیجەدا لەگەڵتام، لە نەتیجەدا هەر ئەوەشە شەپۆلێکی ناشیرین دروست دەکا، لەگەلیشیا دەنگ هەیە زۆر بە جوانی دێتە پێشەوە بەس داخەکەم تۆ نایدۆزیتەو تۆ نایبینی، تۆ گوێبیستی نیت و ئیتر قسە زۆر هەڵدەگرێ بە هیوام ئێمە شەپۆلی خراپ لاواز نەبین، ئەگەریش شەپۆلێکی جوانن سوودیان لێ ببینین، دنیاش بەس بریتی نییە لە گەنجان و گۆرانی‌بێژانی کوردی شەپۆلێکی تر هەیە لە هەموو دنیایە دەکرێ ئەو شەپۆلانەی تریش بە شەپۆلی خۆت بزانی و سوود وەربگری لێیان و بتوانی تەوزیعی کەیت و بەرجەستەی کەی لە کارە هونەری‌یەکانی خۆت دا.

***

# شکست

**یونس ڕەزایی**

چیها گۆرانی لە شکست و سەرسامیم
چیها تەنیایی لە شێعر و دڵم
چیها خۆدا لە تۆ و تۆدا
شاراوە
سەرسامیم شاراوەترین گۆرانی شکست
(چیها شێعر لە تۆدا)
هەر درێژەی خۆمە ئەو دووکەڵە
سەرسامە
ئەمسوتێ وەک پەیڤ-
پەیڤی سووتانم لە ئەبەد دا
چیها تۆ دەخوازێ
هەر پێوەندی خۆمە ئەو شاراوەییە
ئەمهۆنێتەوە وەک خۆدا
خودای شێعرم لە ئەزەل دا شاراوەترین
تۆ
چیها گۆرانی لە شکست و سەرسامیم
لە تەنیایی و شێعرم
چیها خودا لە بزەت دا
ئەهۆنمەوە..
بمرە ـ تا
چیها کۆتایی....

سەرچاوە: شین ترین بەتاڵ

کورتیلە چیرۆک

# پەیکەری ئیرۆس

**شۆرش غەفووری**

دەستم دەبرد بۆ قوورەکە، خۆی لەدەستم ڕزگار دەکرد هەروەك ئەوەی کە حەزی لە هەڵگلۆفینی دەستم نەبێ. سەیر بوو... زۆری لەگەڵ خەریك بووم بەڵام بێ سوود.... دەستەکانم شوشتەوەو خۆم خستە سەر تەختەکەم. دووکەڵی جگەرەکە بە پەنگەوە بەرەو میچەکە پەلەقاژێی دەکرد. ڕۆچووبوومە نێو سەرسەختی قوورەکە.
تۆ بڵێی خاکەکەی ڕەسەن بێ؟! ئەی بۆ ڕەسەن نیە لە گووندەوە بۆیان هێنابووم. ئەی بۆ ناوەستێ بە دەستمەوە؟! لەو بیرانەدا بووم کە نیگام کەوتە سەر ئەدگاری شێواوی دووکەڵەکە. زێتر لێی ورد بوومەوە بە خۆشحالییەوە هەستامە سەرپێ و دەستەکانم لێکدی خشاند و دەستم کردە پێکەنین. چوومە پێش ئەو پێکەرە نیوە چڵەی سەرکردەکەو خستمە ناو قوورەکەو دەستم کرد بە شێلانی. تا دەهات قوورەکە زیاتر خۆی لێ ئاشکرا دەکردم و باشتر بە دەستمەوە دەهات و دەچوو. دەستم هێنا بە لاملیدا. هەستم دەکرد هەناسەکانی توندتر دەبێ. سەیری لێوەکانیم کرد. وردە لەرزینێك تیایان دا بەدی دەکرا. لێوم لێیان نزیك کردەوە، زۆر بە ئاسانی هەناسەکانی ئاوێتەی هەناسەکانم دەبوو و ڕێڕەوی خوێن لە سوولوولەکانی دا بۆم ئاشکرا بوون. دوو زمان لە ژوانی ڕامووسان تێر نەدەبوون بە تێکەڵکردنی تەڕایی دوو جەستە چێژو هالاوی ماچ دەگەیشتە ئەوپەڕی لووتکەی سێکس. دەستم بە ترسێکەوە بەرەو خوار شۆڕکردەوە. پەنجەکانم دەلەرزین بەتەواوی نەم دەتوانی خۆم کۆنترۆڵ کەم، بەڵام یەك هۆ بەخۆم دا هاتمەوە چونکە جگە لە قوورێکی خاڵی هیچی ترم بەدی نەدەکرد بۆیە دەستم برد بۆ دەسماڵەکەم و نێو زارم خاوێن کردەوە و دەستم کردەوە بە تاشینی قوورەکە.

کتێبی

# ڕێنوێنی هونەری مۆدێرن

## (لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا)

**٩**

**نووسینی:لۆردس سیرلۆت** — **و: ب. هانا**

**سووریئالیزم**
ئەو ڕۆژەی ئاندرێ بێرتۆن یەکەم بەیاننامەی سووریئالیستەکانی لە ساڵی ١٩٢٤دا لە پاریس بڵاو کردەوە، زۆرجار وەك ڕۆژی لەدایك بوونی سووریئالیزم ناو دەبرێ، بەڵام هیندێك لە کارە ئەدەبی‌یەکانی بێرتۆن کە دەتوانین بە سووریئالیستییان دابنێین، بەرلەو مێژووە نووسرابوون. بێرتۆن و تاقمەکەی، سەر بە دادائیزم بوون، بەڵام دەتوانین زۆر لە بەرهەمەکانی پێشتری ئەوان بە ئاڵاهەڵگری سووریئالیزم دابنێین.
سووریئالیزم وەك بزووتنەوەیەکی ئەدەبی دەستی پێ کرد. ئەم بزووتنەوەیە بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە کەسیەتیی بێرتۆن کە بە خێرایی ڕێبەرایەتیی ئیدئۆلۆژیکیی بزووتنەوەکەی گرتە ئەستۆ، پشت ئەستوور بوو. بێرتۆن خوێندکاری پزیشکی دەروونی بوو و ماوەی خزمەتەکەی لە نەخۆشخانەی سوپایی "نانت" دا تێپەڕ کردبوو و لەگەل نەخۆشە دەروونی‌یەکان کاری کردبوو. هەربۆیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی دەروونی و شێوەی چارەسەر کردنی نەخۆشی‌یە دەروونی‌یەکان ئاشنایی هەبوو. ناوبرا هەروەها توێژینەوی پزیشکیی کردبوو و ئۆگری کاری زیگمۆند فرۆید لەبواری دەروونناسیی شیکاری و لێکدانەوەی ڕۆئیا لەسەر بناخەی خوێندنەوەی سەربەستانەی وێناکان دا بوو. ئەو ئەزموونانە بناغەی بەرهەمەکانی ئەویان لەبواری سووریالیزم دا پێك هێنا.
ئوتوماتیزم "خۆهەڵسووڕاندن یا خۆرووژاندن" واتای سەرەکیی سیستەمی فیکریی بێرتۆنی پێك دێنا، کە بریتی بوو لە جۆرێك ڕێنوێنی کردنی جادوویی کە لە نەستەوە سەرچاوەی دەگرت و هۆنراوەکان، وتارەکان و نووسینەکانی دیکەی ئەویان دەفۆرماند. وێنەکێشان و پەیکەرتاشەکانیش، دواتر هەر لەم شێوەیە لە بەرهەمهێنانی کارەکانیان دا کەلکیان وەرگرت.
وێنەکان و پەیکەرە سووریئالیستی‌یەکان دەبن بە دوو بەش و چەمکی جیاواز. لەلایەکەوە تاقمێك لە سووریئالیستەکان خۆرووژاندنی ڕەهایان هەڵ بژارد. لەلایەکی دیکەوە گرۆپێك خۆرووژاندنیان لەگەڵ ئەزموونەکانی پێوەندیدار بەجیهانی ڕۆئیاوە لێك دا. ئاندرێ ماسۆن یەکێك لە ڕێبەرانی گرووپی یەکەم بوو. ئەو ساڵی ١٩٢٤ لە هیندێك لەو کەلالە سەرەتایی‌یانەدا کە بە کەلك وەرگرتن لە قەڵەم مورەککەب کێشانیەوە، کەلکی لە میتۆدی تۆتۆماتیزم وەرگرت. گەڵاڵەی ئەم کارانە، زۆرتر بە شێوەیەکی سەربەستانە دادەرێژران و دەربڕی ڕاپەر و زیندوویەتی و هیواو و گەشبینی بوون.
وێنە زیخی‌یەکانی ماسۆن کە لە نیوەی دووهەمی دەیەی ١٩٢٠دا دروست کران و شێوازی ئەوان لە بەرهەمەکانی دواتری دا جێگیر بوون، گۆشەیەك لە سەرنجراکێشترین بەرهەمەکانی ئەو پێك دێنن. ئەم تابلۆیانە بە تەواوی بەرهەمی ڕێکەوت بوون. ماسۆن پەردەی نیگارکێشی لەسەر زەوی دادەنا. ڕووبەری پەردەکەی بە چەسپ دادەپۆشی و پاشان زیخی بەسەردا بڵاودەکردەوە. لەو شوێنانە کە توێژی چەسپەکە ئەستوورتر بوو، چەند توێژ زیخ کۆ دەبۆوە و لەنێوان ئەو بەشانە و بەشە بەتاڵەکانی بووم دا کە هونەرمەند ڕەنگی دەکردن، ناتەبایی‌یەکە توند پێك دەهات.
یەکێکی دیکە لە پەیڕەوانی ئوتوماتیزم کەزۆریش کاریگەریی ئەم سیستمە بەسەروە نەبوو، خوان میرۆ بوو. خوان میرۆ هەر لەو ساڵەدا کە بەیاننامەی سووریئالیزم بڵاو بووە، لەپاریس نیشتەجێ ببوو. ناوبراو زۆر زوو لەگەڵ ئەو نووسەران و هونەرمەندانە کە بەرەو سووریئالیزم چووبوون، پێوەندیی گرت. بەڵام میرۆ لەوساڵەدا، ئیدی شێوازی تایبەت بەخۆی پێکهێنابوو و پەرەی پێدابوو. ئەو تەنیا ژمارەیەکی کەم لە توخمەکانەی سووریئالیستیی لە وێنەکانی‌دا گونجاند. لایەنی سووریئالیستیی بەرهەمەکانی میرۆ بەباشترین شێوە لە هیندێك لەکارە سێ ڕەهەندی‌یە سەرسوڕهێنەرەکانی‌دا کە پێوەندییان بە دەیەی ١٩٣٠یەوە هەیە و، هەروەها کە ژمارەیەك بەرهەمەکانی کە ئەرکێکی سەمبولیکیان هەیە، خۆی دەرخستوە.
شێوازی هونەریی میرۆ پڕە لە نیشانەکان و، کەلوپەلەکان کە ئەرکی سەمبولیکیان هەبوو، بەهۆی دالی‌یەوە دروست کران کە ڕوانینی تەشەراویی ئەویان بەرامبەر بە سەرجەمی ڕەوتی سووریالیزم دەردەخست.
ڕیزبەندیی وردی بەرهەمەکانی "ماکس ئەرنێست"یش کارێکی سەختە. چونکە ئەو بەرهەمانە دەکەونە نێوان سووریالیزم و کارەکانی ئاڵاهەڵگرانی ئەو قوتابخانەیە. دەسکەوتی کەسیی ئەو هونەرمەندە ئەڵمانی‌یە کە لە پاریس دەژیا، کەڵك وەرگتنی ناوبراو لە کۆلاژ بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لە کوبیستەکانە. ئەرنێست لە کۆلاژەکانی‌دا. بەجۆرێك کاغەز لەگەڵ سەرجەمی سەلیقەیەکی تایبەتیی هەیە. ئارپ لە دەیەی ١٩٤٠دا، هیندێك پەیکەرەی لە بەردوکانزا دروست کردن.
سووریئالیزم ئەم باڵادەستی‌یەی هەبووە کەلە سەرانسەری جیهان دا برەوی پەیدا بکا. ئەم ڕاستی‌یە دووهۆی هەیە. ئاندرێ بێرتۆن وشەی "سووریئالیست"ی لە زۆر وتارەکانی خۆی‌دا وەك "سووریئالیزم لە خزمەت شۆرش و مینۆتۆردا" برەو پێدا. هەروەها هیندێك کۆڕو کۆبوونەوەو وتار پێشکێش کران، شێعر خوێندنەوە و پێشانگەی لەو بوارەدا پێك هێنا.
ئەو بزووتنەوەیە دەیەی ١٩٤٠ لە ئەمریکای لاتین دا زۆر خۆشەویست بوو و تا ساڵەکانی دەیەی ١٩٨٠ ئەو خۆشەویستی‌یەی پاراست. زۆر لە هونەرمەندانی ئەورووپایی کە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ناوکەی ناوەندیی بچووکی سووریئالیزم لەپاریس دا پاراستبوو، لەماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا ڕایان کرد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
گیانی یاخیبوونی دادایزم کە لە توێی سووریئالیزم دا درێژەی هەبوو، بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی تازە لە حەزومەیل و هەڵویستە ئاوانگاردەکان. ئەم بزووتنەوەیە کە ناوی ئیکسپیرسیونیزمی هەڵبڕاو (ئابستراکت)ی لەسەر دانراوە، بەرهەمهێنانی وێنەو پەیکەرە بەتایبەتمەندیی سووریئالیستیی لێ کەوتەوە. ئەم بەرهەمانە لەسەر بناغەی کۆمپۆزیسیۆنە ئازایانەترەکانی ژمارەیەك لە هونەرمەندە سووریئالیستە پێشڕەوەکان پێك هاتن.
بەرهەمەکانی ئالبێرتۆ جاکومتی کەلە پاریس دەژیا و بە یەکێك لە ئەندامانی گرووپی بێرتۆن دەژمێردرا، بە یەکێك لە نموونە هەرەباشەکانی پەیکەرسازیی سووریئالیستی دادەنرێ. پەیکەرەکانی دەیەی ١٩٢٠ی ناوبراو پێوەندی‌یەکی یەکجار نزیکیان لەگەڵ هونەری سەرتایی‌دا هەیە. سوریئالیستەکان دیارە بێجگە لە سالڤادور دالی، ستایشی هونەری سەرتایی‌یان دەکردو، بێرتۆن بۆخۆی کۆمەڵەیەکی گەورە لە دەمامکەکان و پەیکەرەکانی ئەفریقا و ئوقیانوسییەی هەبوون.
پەیکەرە برۆنزی‌یەکانی جاکومتی، بە ڕایەڵە بەرزتر و جوانەکانیانەوە، لەهەوڵی پێشاندانی فۆرمی مرۆڤ و حەیوان دان. شێوازی بەتەواوی دیاری ناوبراو، کاریگەریی زۆری لەسەر پەیکەرسازانی دوای خۆی داناوە.



**سالڤادور دالی**
**بەردەوامیی حافیزە (زاکیرە) ١٩٣١.**
دالی زۆرجار شتومەکی خووپێگرتووی لە بارودۆخێکی ناباو و لە بوارێکی نائاسایی‌دا پێشان دەدا. لێرەدا کاتژمێرە نەرمەلیقەکان لە کەش و هەوایەکی ناسروشتی‌دا، بیرەوەری‌یەکی نەمر لەبارەی کارێکی خووپێنەگرتوو دەخاتە ڕوو. کەشوهەوایەك کە بێ ئەوەی ژیانی تێدا بەدە بکرێ، بەجۆرێکی بێ کوتایی بەرین کراوەتەوە.

لە بەرهەمەکانی‌دا ڕەنگە سەرەکی‌و لاوەکی‌یەکان لە تەنیشت هیندێك لە ڕەنگە بێکاریگەری (خنثی)یەکان دا دەبینرێن. شێوەکاری لە چوارچێوەی پەیکەرەی مرۆڤداو، گونجاندنی هەر شتێك لەو چوارچێوەیەدا بە پێویست زانرابا، لەتایبەتمەندی‌یە گرنگ و دووپاتبووەکانی میرۆیە.
هونەرمەندانێکی وەك ڕێنێ ماگرێت و سالڤادۆر دالی، بە ناسراوترین ڕووماکانی ئەو گرووپە دادەنرێن کە ئۆگری بە جیهانی ڕۆئیا بە بەرهەمەکانیانەوە دیارە. ئەم دووانە لە پێشکێش کردنی کۆمپۆزیسیۆنە وێنەیی‌یەکان بە ڕەچاو کردنی ڕیسا باوەکانی پێرسپێکتیڤی‌دا، پسپۆری و شارەزاییان هەبوو و ژمارەیەك بەرهەمی شایانی سەرنج و پڕمانایان پێك هێنا.
ماگارێت توخمگەلی زۆر جۆراوجۆری لە تابلۆکانی‌دا. تێکەڵی یەکتر دەکردن. دالی لەزۆر لەتابلۆکانی سەردەمی سووریئالیستیی خۆی‌دا کە لەساڵی ١٦٢٨بە دواوە، نزیکەی دەساڵی خایاند، لە فۆرمە زەینی‌یەکان کە دوو واتایی بوون، کەڵکی وەردەگرت.
بێگومان گەورەترین یارمەتیی دالی بە بزووتنەوەی سووریئالیزم داهێنانی شێوازێك بوو کە بە "پارانوید ـ کریتیکال" ناوبانگی دەرکرد. ئەم شێوازە لە ماناکردنەوە (تەداعی)ی سەربەستانەی سووژە دەستبەجێ و لەپڕونەکاوەکان بە نیوەڕۆکگەلی دیکەوە پێك دێ کە بە جۆرێکی تێکەڵ بە دڵەڕاوکی، لە سەرانسەری سەردەمی تێکۆشانی هونەریی ئەودا دووپات دەبنەوە. بۆ نموونە "فریشتە" بەرهەمی "میلە"و، "ویلیام تێل" لەماوەی ساڵانی دەیەی ١٩٣٠دا، بەردەوام لەکارەکانی دالی‌دا، بەدی دەکران. دالی هەروەها لەگەڵ لویی بۆنۆئێل، دەرهێنەری سینەما، لە ئامادەکردنی "سەگی ئەندۆلوسی"دا کە بە یەکەمین فیلمی سووریئالیستی دادەنرێ هاوکاریی کرد. جگە لەم بەرهەمانەش ڕستێکی تەواو لە بەرهەمەکە ئاوێتە دەکا کە جیاکردنەوەی کۆلاژ لە ڕووکەشە ڕەنگکراوەکان دەست نادا. ناوبراو تێکنیکێکی داهێنا کە بە "فروتاژ" بەناوبانگە. "فروتاژ" واتە "سوانەوە"و دروست کردنی وێنە لەڕێگای سوانی قەڵەمی دارەوە. ئەو وێنانەی بەم شێوەیە دروست دەبن، بۆ سەر بووم رادەگوێزرێن. ئەم تێکنیکە وردبینی و وردەکاری‌یەکی ئەوەندە شاز لەباری پێکهاتەو جوانکاری‌یەوە دەدا بە کۆمپوزیسیونەکانی ئەرنێستەوە کەونموونەی لەو چەشنە بەدەگمەن دیتراوە.
ژان (هانس) ئارپ، وێنەکێشێکی سووریئالیستیی دیکەیە، بەتایبەتی لەبارەی هێنانی ئیدەی چارەنووس و ڕێکەوت بۆ نێوکارەکانیەوە، شایانی سەرنج پێدانە. هەم وێنەکانی و هەم کارەکانی دروستکراو لە چێوی ڕەنگکراوی ئارپ، ئابستراکت (هەڵبڕاو ـ انتزاعی)ن، بەڵام ئەو لە دروستکردنی هیندێك فۆرمی سروشتی و زیندوو نوێنیش دا،




# بەرهەمی نوێ

**پێکهاتە و ڕافەی دەق**
**نووسەر: بابەك ئەحمەدی**
**وەرگێر لە فارسییەوە:**
**مەسعوود بابایی**

# ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو

بەشی حەوتەم

### ١ـ خۆڕاگریی قازی محەممەد لە هەمبەر گڤاشی رووسەکان‌دا

لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بە چەند هەنگاوێکی کردەکیی قازی محەممەد بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکانی کورد لە ئاستی نێوخۆدا کردو بەکورتی ئەوەمان سەلماند کە قازی بۆ چەسپاندنی

**قازی بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕە دێموکراتیك‌و ئازادیخوازانەکانی خۆی لە هەموو دەلیڤەیەك کەڵکی وەرگرت، خۆی لە شەڕو شەڕ پێفرۆشیی لەشکری کۆنەپەرستی دوور راگرت‌و لە قسەو کردەوەکانی خۆی‌دا بە تەواوی ئەو راستی‌یەی سەلماند کە لایەنگری دیالۆگ‌و چارەسەری ئاشتیيانەی دۆزی نەتەوایەتی‌یە**

بیروباوەڕە دێموکراتیك‌و ئازادیخوازانەکانی خۆی لە هەموو دەلیڤەیەك کەڵکی وەرگرت، خۆی لە شەڕو شەڕ پێفرۆشیی لەشکری کۆنەپەرستی دوور راگرت‌و لە قسەو کردەوەکانی خۆی‌دا بە تەواوی ئەو راستی‌یەی سەلماند کە لایەنگری دیالۆگ‌و چارەسەری ئاشتیيانەی دۆزی نەتەوایەتی‌یە. بۆیە رەچاوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوایەتی‌و پاراستنی تەناهی‌و هاوسەنگی لە نێوان چین‌و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەواریی بە کارێکی یەکجار پێویست دەزانی‌و لەم پێناوەداو بۆ بەشدارکردنی سەرپاکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان‌داو، گێڕانی نەخشی راستەقینەی خەڵك، کاروباری کۆماری بە چەشنێك دابەش کردبوو تا هەموان بتوانن شانبەشانی یەکدی زێدەباری پێگەی کۆمەڵایەتی، چینایەتی‌و بەرژەوەندیی جیاوازیان، بۆ پێشڤەبردنی کۆمەڵ تێ بکۆشن. نموونەی بەرچاوی ئەم روانگەیەی قازی محەممەد، پێکهاتەی هەیئەتی وەزیرانی کۆمار بوو کە رەنگدانەوەی روخساری کۆمەڵی کوردەواریی ئەوکات بووو نوێنەری هەموو چین‌و توێژێکی وەك: ئاغا، خاوەن موڵك، سەرۆك عەشیرەت، پیاوی ئایینی، رووناکبیر، کارمەند، بازرگان‌و پسپۆڕی تێ‌دا بوو.

بەشداریپێکردنی تێکڕای ئەم چین‌و توێژانە لەلایەن قازی محەممەدەوە لە کاروباری کۆماردا، بۆخۆی دەسکەوتێکی مەزن‌و خاڵێکی سەرەکیی جیاوازیی نێوان کۆماری کوردستان‌و ئازەربایجان بوو، چونکە رێبەرانی کۆماری ئازەربایجان دژی بەشدارکردنی نوێنەری هێزو گرووپ‌و توێژە جیاجیاکان بوو لە دەسەڵات‌داو دەستی دایە راوەدوونان‌و قەتلوبڕکردنی ئەندامانی سەر بە چین‌و تەخە جیاجیاکان کە ئەمەش بۆخۆی پتر لەگەڵ سیاسەتەکانی سۆڤییەت‌دا دەگونجاو دەتوانین بڵێین کە راست جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە بوو لەلایەن ئازەری‌یەکانەوەو، رادەی بەستراوەیی ئەوانی بە سۆڤییەتەوە دەسەلماندو نیشانی دەدا کە سەرانی کۆماری ئازەربایجان یەکجار کەم بە تەنگ پاراستنی بەرژەوەندیی چین‌و تەخە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکەیان‌و لەڕاستی‌دا لاوازبوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەوانی لەنێو نەتەوەکەی خۆیان‌دا دەردەخست. بەڵام بە پێچەوانەی رێبەرانی کۆماری ئازەربایجان، قازی محەممەد، پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی وەهای هەبوو کە هیچ کەس نەیدەتوانی ئینکاری بکا، چونکە قازی کەسیەتی‌یەکی نەتەوەخوازو سەربەخۆ بوو، بۆیە هەڵسوکەوتی قازی بە دڵی کاربەدەستانی سۆڤییەت نەبوو. چونکە ئەوان دەیانەویست وەك رێبەرانی ئازەربایجان دەست بە کوشتنی خاوەن زەوی‌و سەرمایەدارەکان‌و دژایەتی لەگەڵ ئایین‌دا بکاو بەگشتی لە چوارچێوەی ویستەکانی ئەوان‌دا نەترازێ تا بە کەیفی خۆیان وەك لاهێزێك بۆ فشارخستنە سەر کاربەدەستانی ئێران‌و بەدەستهێنانی ئیمتیازی جۆراوجۆر لەوان، کەڵکی لێ‌وەربگرن. بەڵام قازی محەممەد لە بەرامبەر ئەم فشارانەدا خۆڕاگریی دەکرد، وەك رێبەرێکی بێ‌هاوتای نەتەوەیی، خەباتگێڕێکی راستەقینەی دێموکرات‌و مرۆڤێکی ئازادبیر، بەرژەوەندیی نەتەوەکەی خۆی لەسەروو هەموو جۆرە بەرژەوەندی‌یەکی دیکەوە دانابوو. ئەمەشی بە مانەوەی خۆی لە نێو نەتەوەکەی‌داو بەرنەدانی ئەو پەیمانەی کە بەوانی دابوو، سەلماند. قازی محەممەد لەم بارەیەوە گوتی: "دەزانم بە مانەوە لە مەهاباددا گیانم دەکەوێتە مەترسی‌یەوە، بەڵام ئەمن لەسەر ئەو سوێندەم کە خواردوومە، خەڵك بەجێ ناهێڵم."(١)

قازی محەممەد رێبەری دێموکرات، ئازادیخوازو میللیی میللەتی کورد لە نێو بێدەنگیی مەرگئاسای رووناکبیران‌و ئازادیخوازانی ئێران‌دا لە سێدارە درا، بوو بە رەمزی راستەقینەی داخوازە نەتەوایەتی‌یەکانی کوردو بە داکۆکی لە ناسیۆنالیزمی کوردی‌و بە گیانبازیی خۆی، سەرجەم تۆمەت‌و بوختانە ناڕەواکانی حەمەڕەزا شا کە لە کتێبی "پاسخ بە تاریخ"دا نووسیویەتی: "سۆڤییەت لێبڕاوانە پشتیوانیی خۆی لە قیامی جیاوازخوازانەی "قازی محەممەد"(٢) لە کوردستان‌و "پیشەوەری" لە ئازەربایجان دەکردو، هەروەها، شۆڤینیستانی سەر بە نەتەوەی باڵادەست‌و هێزە ئیمپریالیستی‌یەکانی رەت کردەوە. چونکە بە کردەوە راستیی ئەو قسەیەی خۆی نیشان دا کە دەی‌گوت: "ئێمە بە دڵسۆزی‌و هیواو تاسەوە تێ‌دەکۆشین لە رێگا پێشڕەفت‌و پێشوەچوون هەنگاوی هەڵێنین. ئێمە نامانەوێ نە لە رووسان‌و نە لە ئامریکاییان پەیڕەوی بکەین، ئێمە نامانەوێ وەك ئاژەڵی وڵاتانی شارستانی بژین."(٣)

قازی محەممەد لە بەردەم دادگای نیزامیی رێژیم‌دا ئا بەم چەشنە ئازایانە بەرەڤانیی لە ناسیۆنالیزمی کوردی کردو وتی: "مەبەستم لەو کارانەی کە کردوومن تەنیا خزمەت بە نیشتمانەکەم، خەڵکەکەم‌و میللەتەکەم بووە".(٤)

### ٢ـ یەکدەنگیی کورد بۆ پشتیوانی لە د. محەممەد موسەددیق

خەڵکی کوردستان بەگشتی‌و خەڵکی ناوچەی موکریان بەتایبەتی کە تامی شیرینی ئازادی‌و دێموکراسییان لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا چەشتبوو، تامەزرۆی گەڕانەوەی ئەو کەشە ئازادو پڕ لە دێموکراسی‌یەی ئەودەم بوون. لە پاش رووخانی کۆماریش بەهەر شێوەیەك‌و لەهەر رێگایەکەوە بۆیان کرابا، بۆ لاوازکردن‌و پاشەکشەپێکردنی کۆنەپەرستی‌و دیکتاتۆری تێ‌دەکۆشان تا لەو هەلەی کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە لاوازبوونی کۆلۆنیالیزم‌و لە قازانجی گەشەکردنی ئازادی‌و دێموکراسی‌و دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی نەتەوە بندەستەکان رەخسابوو، کەڵك وەرگرن. بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە قانوونی ٢٠٪ی موسەددیق کە لە هاوینیساڵی ١٣٣١دا پەسند کراو بە پێی ئەو قانوونە، پاش وەرگیرانی موڵکانە لەلایەن ئاغاوە، دەبوا بڕی ٢٠٪ی ئەو موڵکانەیە بۆ جووتیاران ١٠٪و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان (١٠٪) گەڕبایەوە. ئەم قانوونە دەبوو هۆی لاوازیی مەزنترین چینی پشتیوانی شاو داروودەستەکەی‌و لە دەسەڵاتی شای کەم دەکردەوە، بە قازانجی چینی کرێکارو زەحمەتکێشی لادێ دەشکایەوە، خەڵکی کوردستان خێرا بە پێشوازیی ئەم قانوونەوە چوون‌و بۆ وەرگرتنی مافی خۆیان لە ئاغاوات وەخۆ کەوتن، بەڵام ئاغاوات رازی نەبوون مل بۆ قانوونی ناوبراو راکێشن‌و مافی جووتیاران بسەلمێنن، بۆیە کێشەو ململانێی نێوان ئاغاوات‌و جووتیاران لە ناوچەی بۆکان تەقی‌یەوەو راپەڕینی لێ‌ساز بوو. لەم ململانێ‌یەدا ئاغاو دەرەبەگەکانی ناوچەکە بە پشتیوانی ئەرتەش‌و ژاندارمری کەوتنە گیانی خەڵکی رەشوڕووت‌و دەستیان دایە کوشتاری ئەوان‌و تەنانەت سڵیان لە کوشتنی منداڵانی سەر لانکەش نەکردەوەو بە لانکەکانیانەوە فڕەیان دانە نێو چۆمەوە. لەم راپەڕینە خوێناوی‌یەدا شاو شاپەرستان‌و ئاغاکان سەرکەوتن‌و خوێن‌و مافی وەرزێرو جووتیارانی هەژاریش بە فیڕۆ چوو. کەچی لە هیچ سەرچاوەیەك‌دا نەبینراوە کە د. موسەددیق پشتیوانیی خۆی لەو راپەڕینە دەربڕیبێ‌و لە هەمبەر ئەو سەردەستی‌و زوڵمە گەورەیەی کە لەوان کرا، هەڵوێستی گرتبێ.

### ٣ـ دەنگدانی خەڵکی کوردستان لە دژی شا

بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی لەو فرتوفێڵەی کە لە هەڵبژاردنی خولی هەڤدەهەمی مەجلیس‌دا کراو ئامانج لەو فرتوفێڵەش سەپاندنی چەند کەسێکی سەر بە بەرەی کۆنەپەرستی بەسەر مەجلیس‌دا بوو تا پایەکانی دیکتاتۆریی رەها (Atocraty) زۆرتر بچەسپێن‌و رێگا لە دەستەبەربوونی مافە دێموکراتیکەکانی خەڵك بگێڕدرێ. خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر وەها پیلانێك‌دا نەدەبوو دەست لەسەر دەست دانیشن، بۆیە بە گەرمی لە ریفراندۆمی هاوینی ١٣٣٢دا بەشدارییان کرد. بۆ نموونە لە ٥ هەزار دەنگێك کە لە شاری مەهاباددا خرانە سندووقەوە، تەنیا دوو دەنگ بە قازانجی شا دران. ئەمە هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە هەنگاوەکانی موسەددیق بوو بە راگەیاندنی ئاکامی ریفراندۆمەکە خەڵکی کوردستان دەستیان بە خۆپیشاندان کردو دروشمی دژ بە شایان بەرز کردەوە. شایانی باسە کە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەخشێکی بەرچاویان لە رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك‌و هاندانیان بۆ دەنگدان دژی شادا هەبوو. لە وەها هەلومەرجێك‌دا شا خۆی بۆ رانەگیراو بەرەو بەغدا هەڵات. مامۆستا هێمن، شاعیری میللیی کورد لەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە گەوریەیەی کە بەو بۆنەیەوە (سەرکەوتنی ریفراندۆم‌و هەڵاتنی شا) پێك هاتبوو، شیعرە بەناوبانگەکەی خۆی "بڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی رێیەت بێ"ی خوێندەوە. ئەمەش بۆخۆی نەخشی چالاکی رووناکبیران، ئازادیخوازانی کورد لەوپێوەندی‌یەدا دەردەخا.

بەگشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و بەتایبەت ئازادیخوازان‌و ناسیۆنالیستانی کورد، لە قۆناغ‌و بڕگە جیاجیاکان‌دا چەندەی پێیان کرابێ بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادی هەوڵیان داوەو دژی کۆنەپەرستی سەنگەریان گرتوە. ئەم چەند نموونەیە کە باس کران، بەسن بۆ دەرخستنی قەزاوەت‌و هەڵوێستی ناڕەوای زۆر حیزب‌و رێکخستن‌و بەتایبەت بەرەی میللی دەرهەق بە ناسیۆنالیزمی کوردی. با جەلایی‌پوورو ئەو کەسانەی کە ئیددیعای هێزپێدانی ئیقتدارگەریی دەسەڵاتی ناوەندی لە لایەن ناسیۆنالیزمی کوردی‌یەوە دەکەن، چەند میناك‌و نموونەیەك لەو هەنگاوانەمان بۆ بێننەوە تا قسەکانی خۆیان بسەلمێنن. بێگومان توانایەکی ئەوتۆیان نابێ، چونکە بەڵگە مێژوویی‌یەکان پێچەوانەی ئیددیعاکانی ئەوان نیشان دەدەن.

بە سەرکەوتنی کوودتای ٢٨ی گەلاوێژ کە شاو داروودەستەکەی بە یارمەتیی ئامریکاو بریتانیا وەڕێیان خست، ئیقتدارگەری گەیشتە لووتکەی خۆی‌و بۆ جاری دووهەم لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی‌دا دیکتاتۆری رەهای رێژیمی پەهلەوی لە وڵات‌دا چەسپی‌و دیسان وەك سەردەمی رەزاشا ئەرتەش‌و ئەمنی‌یە بەسەر گیان‌و ماڵ‌و نامووسی خەڵك‌دا زاڵ بوونەوە. سەرکەوتنی کوودتا کۆمەڵی ئێرانی بە هەژاریی سیاسی، زەبروزەنگ‌و توندوتیژی بردو نەیهێشت ئازادی‌و دێموکراسی لە ئێران‌دا گەشە بکا.

**بە سەرکەوتنی کوودتای ٢٨ی گەلاوێژ کە شاو داروودەستەکەی بە یارمەتیی ئامریکا و بریتانیا وەڕێیان خست، ئیقتدارگەری گەیشتە لووتکەی خۆی‌و بۆ جاری دووهەم لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی‌دا دیکتاتۆری رەهای رێژیمی پەهلەوی لە وڵات‌دا چەسپی‌و دیسان وەك سەردەمی رەزاشا ئەرتەش‌و ئەمنی‌یە بەسەر گیان‌و ماڵ‌و نامووسی خەڵك‌دا زاڵ بوونەوە**



سەیفی قازی — پێشەوا قازی محەممەد — سەدری قازی

تێبینی: سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشەکانی شەشەم‌و حەوتەم لە ئارشیوی رۆژنامەدا هەن.

# فیدراڵیزم و دژایەتیی شوڤینیستانە لەگەڵی

## ئیددیعای "ئێمە هەمووومان ئێرانین"

یەدوڵڵا زەمانیڕاد

٢ ـ ٢

نەیارانی فیدرالیزم باسەکان پێکەوە تێکەڵاو دەکەنو دەبێژن "قەومەکانی ئێران هیچکات ناکۆکییان پێکەوە نەبووەو هەموویان لە پێکهێنانی ئێران دا بەشدارنو هەموویان ئێرانینو... ." هیچکام لەو وتانەی سەرەوە کە بە تەنیا نیوەیەك لە راستییەکانن و بەو پێیەش نیوەیان درۆن پێوەندییەکی بە بابەتەکەوە نیە:

یەکەم" ئێران وەکوو زۆربەی وڵاتانی جیهان بە درێژایی سەدەکانی رابردوو پێکهاتەیەکی نەگۆڕ نەبووە، ئەمە نە دۆزینەوەیەکی نوێیەو نە تەنیا تایبەت بە ئێرانە ئەوە ئەگەر پێوەندییەکی بە فیدرالیزمەوە بێ تەنیا دەتوانێ بە قازانجی ئەو بێ نە بە دژی.

دووهەم" باسی ئێمە لە سەر رابردووە مێژووییەکان نیە، بەڵکوو بە تایبەت لە بارەی بڕگەیەکی مێژووییە کە شۆڤینیزم بۆتە سیاسەتی سەرەکیی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانو لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە رەزا شا تێکۆشا لە جەرەیانی "نەتەوە دروست کردن"دا بە پێی بۆچوونی "یەك نەتەوە ـ یەك دەسەڵات" کە لە فەرانسەو ئیتالیای وەرگرتبوو نەتەوەکانی ئێران ئاسیمیلە بکاو لە نێو نەتەوەی فارس دا بیانتوێنێتەوە. بەم جۆرە شۆڤینیزم بوو بە بنەمای ئیدئۆلۆژیکیی دەسەڵاتدارەتیی شاهەنشاهی لە هەڵسوکەوت لە گەڵ نەتەوەکانی ئێران دا. زمانی فارسی بە زۆری سەرنێزە بوو بە زمانی فێرکاریو بەڕێوەبەرایەتیی هەموو خەڵکی، تەنانەت نامەیەکی ئەڤیندارانە کە بە زمانی فارسی نەبوایە دەبوو بە هۆی بانگ کران لە لایەن پۆلیسی سیاسییەوە. شۆڤینیزمی مەزهەبییش دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە هاتە سەر ئەو شۆڤینیزمە نەتەوەیییە. بۆیە لە پێکهێنانی ئاوەها ئێرانێکی شۆڤینیستیدا هیچکام لە نەتەوەکانی دیکە بێجگە لە [ئەوانە کە بە نەتەوە] فارسنو شیعە مەزهەبن دەستیان نەبووەو نەیانتوانیوە بەشداریش بن.

سێیەم" ئەو دروشمە کە گۆیا هەمووومان ئێرانین نە بە تەواوی راستەو نە پێوەندییەکی ئەوتۆی بەو بابەتەوە هەیە، تەنیا ئەو کاتە هەمووان بە ئێرانی دەژمێردرێن کە لە پاڵ ئەرکی یەکسان، مافی یەکسانیشیان هەبێ، نارەزایەتیی ئێمەش لەوەیە کە مافی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووریو هاووڵاتیی یەکسانمان نیە. ئەو مەسەلەیەش هەم راستییە هەست پێکراوەکانی نێو کۆمەڵگاو هەم بنەما یاساییو حقووقییەکانی وڵات دەسەلمێنن، بە تایبەتی ئەم دیاردەیەش لە ژێر دەسەڵاتی بێئەملاوئەولای یەك دینو مەزهەبەکانی دیکەی ئێرانی شکڵی گرتبوو، بیری لێبکەنەوە لە کاتێك دا لە تاران بە هۆی هێندێك تێبینی نێونەتەوەیییەوە (سەرەڕای سەرکوتی شاراوەی مەسیحییەکان) چەند کلیسایەکمان هەیە، سوننی مەزهەبە موسڵمانەکان مافی دروست کردنی مزگەوتێکی تایبەتییان لەو شارەدا نەبووە. بیر لەوە کەنەوە کە کەسێك سوننی مەزهەب بێ یان تەنانەت شیعەی دوازدە ئیمامی نەبێ ناتوانێ نە ببێتە رێبەر، نە سەرکۆمار، نە وەزیرو، ئاوەها ئێرانێك ناتوانێ هی هەموو ئێرانییەك بێ، لە ئێرانی ئەمڕۆدا هەموو جۆرە جیاوزیدانانێك لە گۆڕێ دایە. ئەو جیاوازیدانانەی تەنیا بە چین گەلێکی دەست نیشان کراو بە زمان، فەرهەنگو بۆچوونی دینیو مەزهەبیو سیاسی تایبەتەوە مافی بەشداریکردن لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگایەك دەدرێ، بەڵام هەموو جۆرە بێعەداڵەتییەك بەرامبەر بە نەتەوە، زمان، فەرهەنگ، دین، مەزهەب، تاقمو رەوتە سیاسییەکانی دیکە رەوا دەبینرێ:

ـ جیاوازیدانان لە نێوان رەگەزەکان (لە بنکە فێرکارییەکان لە سپی پێستە موسڵمانەکان بۆ فێرکاری لەش ناسی کەڵك وەرناگرن بەڵکوو رەش پێستە ئافریقاییەکان دەکرن)

ـ جیاوازیدانانی قەومیو نەتەوەیی دەرهەق بە نەتەوەکانی جیا لە فارس

ـ جیاوازیدانانی دینیو ئیدئۆلۆژیك لە پێوەندی لەگەڵ هەموو دینو ئیدئۆلوژیە نائیسلامییەکان

ـ جیاوازیدانانی مەزهەبی لە پێوەندی لەگەڵ مەزهەبی سوننی

ـ جیاوازیدانانی فیرقەیی سەبارەت بەو شیعانە کە دوازدەئیمامی نین

ـ جیاوازیدانان دەرهەق بە ژنانی ئێران

ـ جیاوازیدانانی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ هەموو جیابیران دا (تەنانەت لەگەڵ ئەو کەسانە کە وەکوو مونتەزیری کە یەکێك لە بنیاتنەرانی کۆماری ئیسلامی بووەو تەنیا تۆزێك رەخنەی لە حکوومەت هەیە)

ـ جیاوازیدانان لە دژی هەموو زمانە نافارسییەکانی ئێران

ـ جیاوازیدانان لە دژی هەموو فەرهەنگە نافارسییەکانی ئێرانی

ـ جیاوازیدانان لە نێوان چینی مەلاو چینەکانی دیکە (بە پێی دوکتورێنی زاڵو بە تایبەت یاسای بنچینەیی رێژیم، دەسەڵاتی ئێران، دەسەڵاتی خودایە کە دراوە بە نوێنەرانی واتە مەلاکان. کە واتە ئەو دەسەڵاتە رەوایی خۆی نە لە خەڵکەوە بەڵکوو لە نوێنەرانی خودا کە مەلاکانن وەردەگرێ. بۆ وێنە هیچ ئاخوندێك خزمەتی سەربازی ناکا کە ئەوە بە تەنیا بۆ مەلاکانە.

ـ جیاوازیدانانی چینایەتی بەرامبەر بەو کەسانە کە سەرمایەدارو تێکنۆکرات نین یان پێوەندییان بە رێژیمەوە نیە.

ـ جیاوازیدانانی ناوچەیی (ئەو جیاوازییە زۆرەی کە تارانو ناوچەکانی ناوەندی ئێران (کە زیاتر شیعەنشینن) لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران لە باری پەرەگرتوویی پیشەسازی، سەرمایەی دەوڵەتی، باری فێرکاریو فەرهەنگیو . . . لە گۆڕێ دایە، رادەی ئەو جیاوازیدانانە دەردەخا)

ـ جیاوازیدانانی نێوان نێوخۆی پارێزگاکان "لەو پارێزگایانە کە لە ناوەندەکانیان دا زۆرینەی دانیشتوان لە نەتەوە یان دینو مەزهەبی دیاریکراوی وڵاتن، ستەمەکان چەند بەرابەرن، هەر لە بەر ئەوەیە کە لە هێندێك لە شارەکانی ئێران جووڵانەوە گەلێك بۆ پێکهێنانی پارێزگای سەربەخۆ پێك هاتوە، ئەو جووڵانەوانە دەڵێن ئێمە هاوکات لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیو ناوەندی پارێزگاکانەوە زوڵمان لێدەکرێ، ئێستا بێڵن تا بە پێکهێنانی پارێزگایەکی نوێ لە حەشیمەتێك بە یەك زمانو نەتەوە لە ژێر چنگی ناوەندی پارێزگا بێنە دەرێ، تا بتوانین خەباتەکەمان تەنیا بە دژی دەسەڵاتی ناوەندی وەگەڕ بخەین". کە ئەوە مەسەلەیەکە جیا لەوە کە چ بۆچوونێکمان لەسەری هەیە لە بوونی ستەمی دوو هێندە ددوێ.

ـ جیاوازیدانان لە سەر پەنابەرەکانو هاووڵاتییانی بیانی (ئەفغانی، کوردی عێراقو . . .) پێشاندەری روانگەی شۆڤینیستی (پان ئێرانیستی)و فاشیستیی دەوڵەت گەلی تا ئێستا ئێران لە مەڕ دیاردەی "ئێرانی ـ نائێرانی" (فارس ـ نافارس)و . . . بێنێوەرۆك بوونی وتەی هاودەنگ نەبوونی فیدرالیزم لەگەڵ بارودۆخی ئێران.

**ئەو دروشمە کە گۆیا هەمووومان ئێرانین نە بە تەواوی راستەو نە پێوەندییەکی ئەوتۆی بەو بابەتەوە هەیە، تەنیا ئەو کاتە هەمووان بە ئێرانی دەژمێردرێن کە لەپاڵ ئەرکی یەکسان، مافی یەکسانیشیان هەبێ، نارەزایەتیی ئێمەش لەوەیە کە مافی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووریو هاووڵاتیی یەکسانمان نیە**

### پووچیی ئیددیعای ناتەبایی فیدرالیزم لەگەڵ دۆخی ئێران

من لەو رۆژەوە ئاماژەم پێکرد کە ئێران هەمووی ئەو مەرجانەی هەیە کە بۆ بنیاتنانی پێکهاتەیەکی فیدراڵ پێویستن. لە راستیدا فیدرالیزم توانای بەڕێوەبردنی وڵاتێك بە رابردوویی مێژووییو فەرهەنگی هەیە.

تەنانەت ئەگەر ئێران پێکهاتوو لە یەك نەتەوەو یەك زمان بوایە، نەمان دەتوانی بڵێین بە هۆی ئەوە کە فیدرالیزم تەنیا لەو وڵاتانە کە نەتەوەو قەومی جۆراوجۆری تێدایە شانسی سەرکەوتنی هەیە، ئەو پێکهاتەیە لە ئێرانی "یەك نەتەوە ـ یەك دەسەڵات" شانسی سەرکەوتوویی نیە. بۆ وێنە ئاڵمان ئەو راستییە دەسەلمێنێ، لەم وڵاتە جیا لە کەمایەتییەکی بچووکی دانمارکی زمان هەمووی ویلایەتەکانی ئاڵمانی زمانن. بەو پێیە دەبینین کە فیدرالیزم بەکەڵك بوونی خۆی لەو وڵاتانە کە یەك زمانو یەك نەتەوەیان هەیە دەسەلمێنێ.

هەروەها کارێکی هەڵەیە کە بەو ئاکامە بگەین بڵێین لەبەر ئەوەی ئێران تەنیا قەومێك یان نەتەوەیەك ویستی نەتەوەیی هەیەو فیدرالیزم ناتوانێ وێنەیەکی کاریگەر بۆ پێکهاتەی سیاسیی وڵات بێ (هێندێك لە تاقمە چەپ ئامالەکانو رادیکالەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە داخوازیی نەتەوەیی تەنیا لە کوردستان دا هەیەو ناوچەکانو نەتەوەکانی دیکەی ئێران وشیاریی نەتەوەیییان نیە!!و لەو بارەوە فیدرالیزم بۆ ئێران گونجاو نیە). ئەگەر ئەو وتەیە پەسند بکەین بۆ رەت کردنەوەی دەتوانین وێنەی کاناداو ئیسپانیا بێنینەوە، کە لە هەرکام لەوانەدا کەمایەتییەکی نەتەوەیی هەیە، لەگەڵ ئەوەش دا دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە فیدرالیستییە، هەر ئەوە بەشێکی گرینگ لەو داخوازیی نەتەوەیییەکانی "کێبێك"و "باسکی" وەڵام داوەتەوەو پێشی لە پارچە پارچە بوونی یەك جارەکیی ئەو وڵاتانە گرتوە.

ئەگەر ئێران وەکوو وڵاتێکی چەند نەتەوەیی دابنێین لەو کاتەشدا فیدرالیزم مانای خۆی هەیە هەر وەکوو سویس ـ بلژیكو هیند پێشانیان داوە.

ئەگەر پێ لە سەر ئەوە دابگیرێ کە فیدرالیزم تەنیا بۆ وڵاتانی پانوبەرین وەکوو رووسیە، هیند، کانادا باشە وڵاتانی سویسو بلژیك چی لێبکەین.

ئەگەر بیانوو بهێنرێتەوە کە فیدرالیزم تەنیا بە کەڵکی وڵاتانی بچووك دێ، ئەو وڵاتانە کە ئاماژەیان پێکرا کە گەورەترینو پڕ حەشیمەتترین وڵاتانی جیهانن، چی؟

ئەگەر بگوترێ کە فیدرالیزم تەنیا لە وڵاتانی رۆژئاواییدا سەرکەوتووە بۆ وێنە ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی، هیندو ژاپۆن ئەو وتەیە رەت دەکەنەوە.

ئەگەر بگوترێ ئابووریی تاك بەرهەمی (نەوت) رێگری بنیاتنانی فیدرالیزمە، جێگایەتی بپرسین کە بۆچی لە ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی کە لە بابەتی تاکە بەرهەمییەوە لە ئێران بانترە، کێشەیەکی دروست نەکردوە.

هێندێك لە شۆڤینیستەکان بۆ رەت کردنەوەی فیدرالیزم لە هەبوونی جیاوازیدانانی قەومیو نەتەوەییو زمانی لە ئێران حاشا دەکەن. لە وڵاتی ئەواندا دەبێ بگوترێ کە: یەکەم ئەوان راستییەکە بە مەبەستێکی سیاسیی دیاریکراو لە ژێر پێدەنێن، دووهەم: تەنانەت ئەگەر ئەو وتەیە راست بێ، ناتوانین بۆ رەتکردنەوەی فیدرالیزم بە کەڵکی بێنین، لەبەر ئەوەی بۆ بنیاتنانی فیدرالیزم پێویستییەك کە سیستمی فیدرالییان هەڵبژاردوە، فیدرالیزم بە پێویستییە جۆراوجۆرەکان وەڵام دەداتەوە کە تەنیا یەکێك لەوانە مەسەلەی نەتەوایەتییە. بەو پێیە تەنانەت ئەگەر باوەڕیان بە هەبوونی ستەمی نەتەوەیی لە ئێران دا نەبێ دەتوانین بەو هۆیانەی سەرەوە داوای بنیاتنانی پێکهاتەیەکی فیدراڵ بکەین.

### فیدرالیزم پێشەکییەکە بۆ "پارچە پارچە بوونی"(!!) ئێران؟

١ـ جیابوونەوەو پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆ (کە پان ئێرانستەکان پێی دەڵێن پارچە پارچە بوون) نەك تاوان نیە بەڵکوو مافی بێ ئەم لاو ئەولای هەر نەتەوەو قەومو خەڵکێکە، هیچ نەتەوەو قەومو خەڵكو دەوڵەتێکی دیکە ناتوانێ ئەو مافە لە خەڵکی راپەڕیو بستێنێ. سنوورەکان دیاردەگەلێکن بە بڕیار پێك هاتون ئەو بڕیارانە دەتوانن هەڵوەشێنەوە. ئێمە لە سەرەتادا چوارو دوایی دە ئیمپراتۆری زیاترمان نەبووە، کە لە کاتێك دا ئێستا نزیکەی ٢٠٠ وڵاتی سەربەخۆمان هەن. ئێمە لە بارودۆخی ئێستادا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە شاهیدی کەم رەنگ بوونەوەی سنوورە سیاسییەکانین، دەبینین کە نەتەوەی زیاتر سەربەخۆیی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان رادەگەیەنن.

٢ـ زۆربەی ئەو نەتەوانە کە سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندوە بە هۆی ستەمی نەتەوایەتییەوە بووە نە بە هۆی بوونی فیدرالیزم. بە پێچەوانە زۆربەی وڵاتانی چەند نەتەوەیی بە هۆی بوونی فیدرالیزمەوە هەروا ماونەتەوە. تەنانەت لەو وڵاتانە فیدرالیزم بۆتە رێگری هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی هاوبەش. بۆ نەتەوەکانی ئێرانی فیدرالیزم لانی کەمە نە لانی زۆر. ئەگەر بینای وڵاتو دەسەڵاتێکی فیدراڵ ئاکامێکی پۆزێتیڤی نەبێو کۆنەپەرستیو شۆڤینیزم بتوانێ رێگری بێ، پارچە پارچە بوونی ئێران شتێکی حاشا هەڵنەگرەو هیچ هێزێك ناتوانێ پێشی پێبگرێ.

٣ـ لە وڵاتانی چەند نەتەوەییدا فیدرالیزم بەبێ دیموکراسی جێبەجێ نابێ، بە هۆی بوونی دێموکراسییە کە پێکهاتەی سیاسیی وڵات لەسەر بنەمای هۆکارە جۆراوجۆرەکانی دیموکراتیكو ئێتنیکی سەر لەنوێ دادەڕێژێتەوە. شۆڤینیستەکان دەزانن کە بە تەنیا ئەوانن لەو رێگایەدا زیانیان پێدەگا، هۆی سەرەکیی دژایەتیی ئەوان لەگەڵ فیدرالیزم هەر لەو لایە. خودی ئەم دژایەتییانەش دەری دەخەن کە دەسەڵاتی سیاسی، لە ئێران تا چ رادەیەك ناعادیلانە لەسەر بنەمای شۆڤینیستی لە ژێر چنگی تەنیا قەومێك دا کۆکراوەتەوە. لەو بارەیەوە وێنەیەك دێنمەوە: کۆمپانیایەکمان هەیە کە هی شەش کەسە، پێنج کەس لەوانە دەیانەوێ پێکهاتەو مافو ئەرکەکان سەرلەنوێ دابڕێژنەوە. ئەو تاقە کەسە کە لە گەڵ ئەو ویستە دژایەتی دەکاو دەڵێ "تێکۆشانی ئەو پێنج کەسە پێشەکییەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیاکە" هەر لە بەر ئەو هۆیە دەیەوێ بە هەر شێوەیەك لە دارشتنەوەی سەر لەنوێ بەرگری بکا چ ئاکامێکی بەدواوەیە؟ ئایا جیا لەوەیە ئەو یەك کەسە لە چاو رابردوو زیان دەکاو پێنج کەسەکە قازانج دەکەن؟ ئایا خودی ئەم دژایەتییە هەبوونی بێعەدالەتی لەو کۆمپانیایە دەرناخا؟ یان ئەوە کە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ئەو پێنج کەسە نازانن کە بەرژەوەندییەکانیان کامانەنو ئەو بە تەنیا دەتوانێ بە جێگای ئەو پێنج کەسە بیر بکاتەوەو هەڵوێست بگرێ؟! روونە کە نا... .

٤ـ ئەگەر تا ئێستا بەشگەلێك لە ئێران جیابووەتەوە، ئەوە ویستی نەتەوەکانی ئێران نەبووە، بەڵکوو لە ئاکامی نەزانیو گەندەڵیو شەڕخوازیی دەسەڵاتی ئەو کاتە بووە، بە تایبەتی ئەوە کە سنوورەکانی لە نێو ناوچەی ئەو نەتەوانە دا کێشراوەو ئەوانی بێبەزەییانە بەچەند بەش، دابەش کردوە.

سەرنجراکێش ئەوەیە کە لە داروودەستەی ئەو پان ئێرانیستو شۆڤینیستانە بوون کە لەو کاتانەی رابردوودا بەشگەلێك لە ئێرانیان دوو دەستی داوەتە دەست وڵاتانی دراوسێ. ئێستا وا لە هەمووان زێدەتر هاواری "پاراستنی تەواوەتی خاکی ئێران دەکەن"و بەمو بەو دەڵێن "جوداییخواز".

هەروا کە دەبینین هیچکام لەو بەڵگانە کە نەیارانی فیدرالیزم بۆ رەت کردنەوەی ئەو شێوە دەسەڵاتە دەیهێننەوە بنەمایەکی عاقڵانەیان نیە. فیدرالیزم شێوەیەکە لە نێوان سەربەخۆیی سیاسیو دەوڵەتی، لە لایەکەوەو لە نێوبردنی ناوەندخوازی کە گەلێ جیاوازیدانان لە لایەکی دیکەوە بۆ هاوژینی ناوچەو نەتەوە جۆراوجۆرەکان، بە جۆرێك کە هەرکام لەوانە لە ناوچەی خۆیدا لە ئازادیی سیاسیو فەرهەنگیو ئابووریو نەتەوەیی هەبێو هاوکات لە هەموویان دەوڵەتێکی هاوبەشی فیدراڵو دیموکراتیك لە ناوەند پێك بێ. لە فیدرالیزم دا دەوڵەتی ناوەندی چی دیکە بە تەنیا لە ژێر چنگی نەتەوەیەکدا نیە بەڵکوو پێك هاتوو لە ویستی هەموو نەتەوەو ناوچەو هاووڵاتیانی ئەو وڵاتەیە. دابەشبوونە سیاسییەکانی وڵات سەرلە نوێ دادەڕێژرێنەوە، بە جۆرێك کە بە جێگای پارێزگا، هەرێمێکمان هەیە، هەر هەرێمێك لە سەر بنەمای خواستی دانیشتوانو رابردووی مێژوویی ناوچەکانی لە چەند پارێزگای ئێستا پێك دێ. بۆ وێنە هەرێمی کوردستان لە هێندێك ناوچەی (ئازەربایجانی رۆژئاوا، پارێزگاکانی کوردستانو کرماشانو ئیلام پێك دێ. لەو هەرێمەدا بە دوای هەڵبژاردنە دیموکراتیکەکانی پارلمانی هەرێم پێك دێ، پارلمانیش دەوڵەتی هەرێم هەڵدەبژێرێ، هاوکات یاساگەلی هەرێم دەبنە بنەمایەك بۆ بەڕێوەبەردنی ئەو هەرێمە. کوردستانیش لە پارلمانی فیدراڵ لە ناوەند لە دەوڵەتی فیدراڵ پێك دێنێ نوێنەری خۆی هەیە. بێجگە لەوە پارلمانێك پێکهاتوو لە نوێنەرانی هەرێمە جۆراوجۆرەکان بۆ چاوەدێری کردەوەکانی دەوڵەتی فیدراڵ پێك دێ ئەوە گرینگترین هێڵەکانی فیدرالیزمن.

ئەو نووسینە کورتکراوەی باسێکە کە ماوەیەك لەوە پێش لەلایەن نووسەرەوە لە یەکێك لە ئەیالەتەکانی ئاڵمان لە کۆڕێك دا پێشکەش کراوە.

*

**بە هۆی بوونی دێموکراسییە کە پێکهاتەی سیاسیی وڵات لەسەر بنەمای هۆکارە جۆراوجۆرەکانی دیموکراتیك و ئێتنیکی سەر لەنوێ دادەڕێژێتەوە**

**لە فیدرالیزم دا دەوڵەتی ناوەندی چی دیکە بە تەنیا لە ژێر چنگی نەتەوەیەکدا نیە بەڵکوو پێك هاتوو لە ویستی هەموو نەتەوەو ناوچەو هاووڵاتیانی ئەو وڵاتەیە**

# دەربازبوون لە بەندی کۆنە پەرستی

## دیمانەیەکی تایبەتی بە بۆنەی ساڵیادی دەربازبوونی پۆلێك لە تێکۆشەرانی دیموکرات لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا

**دیمانە: عەولا بەهرامی ـ ڕەسووڵ سوڵتانی** — **بەشی یەکم**

**پێشەکی:**

**٩ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ساڵیادی ڕزگاربوونی سەربەرزانەو دەربازبوونی قارەمانانەی ٣ کەس لە کادرە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەهاباد. ئەو تێکۆشەرانە کە ناوەکانیان بریتییە لە: ١ـ حەسەن جەزایرچی، ٢ـ مەجید سەدەفی، ٣ـ کامیل ئوستاد ئەحمەدی، ڕۆژی ٣١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٢ لە کاتێکدا کە خەریکی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی بوون، بە پێی پیلانێکی خائینانەی دەزگای ئیتلاعاتیی ڕێژیمی ئیسلامی دەسگیر کرابوون.**

**شیاوی وەبیرهێنانەوەیە ئەو تێکۆشەرانە دوای ماوەیەک مانەوە لە زیندان، حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاندبوون و لە کاتێکدا بە یارمەتیی ڕاستەوخۆی ڕۆڵەیەکی خەباتگێڕی گەلەکەمان بە ناوی کارۆ ڕەسووڵی لە زیندان دەربازبوون کە لە چاوەڕوانیی ئیعدامدا بوون.**

**هەرچەند باسکردنی وردەکارییەکانی ڕووداوی پڕ لە شانازیی دەربازبوونی بە کۆمەڵی ئەو تێکۆشەرانە لە بەندی کۆنەپەرستی، لە هەلومەرجی ئێستادا ناگونجێ، بەڵام بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی ئەو ڕووداوە، دیمانەیەکمان دەگەڵ ئەو بەڕێزانە پێک هێناوە.**

**تێبینی ئەم دیمانەیە هاوکات لەلایەن ڕۆژنامەی "کوردستان" و "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران"ەوە پێک هاتوە.**

**پرسیار: بەڕێز کاک حەسەن جەزایرچی! سەرەتا سەبارەت بە ساڵوەگەری دەربازبوونی قارەمانانەتان لە زیندان پیرۆزبایی‌تان پێدەڵێین.**

**وەڵام:** زۆر سوپاس، بەخێر بێن، ئەمنیش بەر لە هەموو شتێك پێم خۆشە پیرۆزبایی بکەم لە خەڵکی کوردستانی عێراق بە بۆنەی ڕەخساندنی ئەو فرسەتە تەلایی‌و تاریخی‌یەی کە بۆ کورد لەو پارچەیە ڕەخساوە بۆ دەنگدان. بێشك ئەو پرۆسەی ئازادی‌یەش لە ئایندەدا لەگەڵ ئێمەی کوردو کوردستانی ئێران لە ئارادا دەبێ‌و لە ئینتزارمان دەبێ و ئینشائەڵڵا وەها فرسەتێکی ئاوا تاریخی بۆ ئێمەش بڕەخسێ‌و ئێمەش بتوانین مافەکانی خۆمان لە ڕێگەی دەنگدانەوە لە


حەسەن جەزایرچی

چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتیکدا دابین بکەین.

**پ: وەك دەزانین تۆو هاوڕێیانت هاوینی ساڵی ڕابردوو لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی پێئەسپێردراوی حیزبی‌دا لە شاری مەهاباد دەسگیرکران دەکرێ سەبارەت بە چۆنیەتیی ئەو ڕووداوە هێندێك بۆمان بدوێن؟**

و: ئەوەی ڕاستی بێ لە واقیع دا پیلانێك بوو کە زەمینەی پێشووی هەبوو، بۆ دارشتنی ئەو پیلانە، دیارە ئامادەکاری زۆری بۆکرابوو لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سیاسی‌یەوە، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم بەداخەوە لەو پیلانەی‌دا ئیتلاعاتی سیاسی سەرکەوتوو بووو، ئێمەیان دەسگیر کرد.

**پ: دیارە ڕێژیم بە گرتنی ئێوە هەستی بە شانازی دەکرد، پێمان خۆشە بزانین ئێوە چ ئیحساسێکتان لە لادروست ببوو لەو کاتەدا؟**

و: ئەوەی ڕاستی بێ دەوڵەت زۆر خۆشحاڵ بوو بۆ ئەوەی کە توانیویەتی سێ موبارێزی کورد، سێ خەباتگێڕی کورد کە لە پێناوی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی میللەتێك دا خەبات دەکەن، توانیویەتی ئەوانە بە وەسیلەی ئەو پیلانە کە بۆ خۆی دای ڕشتبوو دەسگیریان بکا، بەڵام لە ئیرتیبات لەگەڵ ئەو ئیحساسەدا من ئەوەی ڕاستی بێ، ئیحساسێکم هەبوو کە ئێستا ناتوانم وەسفی بکەم یانی بە هیچ نەوع ناتوانم ئەو هەستەی کە ئەو لەحزەیە بۆ من دروست بوو تەوزیحی بدەم یان تەشریحی بکەم، ئەو لەحزەیە لە واقیع دا ئەوەندە بۆ من ناخۆش بوو، ئەوندە بۆ من

**لە ٥ی ڕێبەندان‌دا ئیبلاغی حوکم بە ئێمە کرا لە لایەن ئیجرای ئەحکامەوە، مەحکووم کراین بە پێی ماددەی ١٨٦، موحتەوای ماددەی ١٨٦یش عیبارەتە لە "مفسدفی الارض" "اقدام علیه امنیت ملی و محارب با خدا"**

شکەنەندە بوو کە لە ڕاستی‌دا ناتوانم تەعریفی بکەم.

**پ: لە جەرەیانی بازجوویی‌دا، بازجوویەکان بۆ ڕووخاندن‌و لاواز کردنی بیروباوەڕی ئێوە کەڵکیان لە چ میتۆدو شێوازگەلێ وەرگرت؟**

و: ئەوەی ڕاستی بێ لە زۆر ڕەوش ئیستفادە دەکەن، یەکێك لە ڕەوشەکان‌و میتۆدەکانیان ئەوەیە کە لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی بە قەول هێمنانەو لەسەرەخۆو بە هێدی‌و هێوری بەرخورد دەکەن.

بۆ ئەوەی کە نفووز بکەنە ئەو شەخسەو ئەو شەخسە بڕووخێنن لە باری دەروونی‌یەوە، لە باری ئیرادەوە، ڕەوشێکی دیکە هەیە کە بە قەول بە فشار، بە خشوونەت بە زەخت کردن لە ئەفرادو تەنانەت تەهدید کردن، بە لێدان، بە کوتان ئەو جۆرە میتۆدانە ئیستفادە دەکەن، بۆ ئەوەی لەهەر حاڵەتێك دا هەدەف ئەوەیە کە نفووز بکەنە نێو ئەشخاس‌و بتوانن ئەو ئەشخاسە بەچۆك دا بێنن یا خێر بتوانن ئیعترافیان لێ‌بکێشن.

**پ: بەچاوبەستراوی بازجوویتان لێ‌دەکرا یان بە چاوی ئاوەڵاوە؟**

و: ئەوەی ڕاستی بێ لە ئیدارەی ئیتلاعاتی سیاسی‌دا لەو زیندانە مەخسووسەی کە لە وەزارەتی ئیتلاعات دا هەیە لە ورمێ، هەر کەس واریدی ئەو موحیتەی بێ چاویان دەبەستن‌و هەروەها بازجوویەکانیش، چاوی ئەو ئەشخاسە دەبەستن کە بازجوویی‌یان لێ‌دەکەن، بەڵام من چاوم کراوە بوو، من هەموو کەسم دەدی بە دەلیلی ئەوەی کە ئەوان فکری ئەوەیان کردبوو دەیانزانی کە ئەمن حوکمی سەنگین وەردەگرم‌و ئێعدام دەکرێم‌و ئیدی هیچ مەجال‌و فورسەتێکی دیکەم بۆ زیندانی کردن‌و ژیان کردن نەماوە، هەر ئەوە بوو کە چاویان نەدەبەستم، هەموو بازجووەکانی خۆم ئەدی‌و لە نزیکیشەوە لەگەڵ من دادەنیشتن‌و قسەیان دەکرد لە سەر ئەو مەسائیلە، جا هەر بەو دەلیلە بوو کە چاوی منیان نەدەبەست.

**پ: پاش ئەوەی کە ئێوە لە بازجوویی تەواو بوون بردیانن بۆ دادگا، پێمان خۆشە سەبارەت بەو دادگایەی ئێوەیان لێ‌دادگایی کردو ئەو کەسەی کە دادگایی دەکرد واتە قازی‌یەکە، هێندێ زانیاری‌مان پێبدەن؟**

و: ئێمە لە دادگای شوعبەی دووی ئینقلابی مەهاباد دادگایی کراین، دادگایی‌یەکەی ئێمە بە قەول زۆر مەحرەمانە بوو، سەعات ٥/٨ی شەوێ بوو، لەو دادگایی کردنەدا، زۆر تاوانی بێ بنەمایان خستە ئەستۆی ئێمە، بەڵام بە دەلیلی ئەوەی کە ئیدارەی ئیتلاعاتی سیاسی لە سەری ساغ ببۆوە، بە سەر ئێمەدا تەحمیل دەکراو دوایی ئەو حوکمەش لەسەر ئەساسی ئیعتراف نەبوو کە دەدرا، بەڵکوو لەسەر ئەساسی ئەو ئیتیهامەی بوو کە ئیدارەی ئیتلاعات بەسەر ئێمەی دا تەحمیل کردبوو. لە ئیرتیبات لەگەڵ مەسەلەی دادگادا ئەوەندەی کە ئەمن زانیاریم لەسەری هەبێ، خودی دادگای ئینقلاب هیچ جایەگایەکی لە نێو بە قەول قانوونی جمهووریی ئیسلامی یا قانوونی ئەساسیی جمهووری ئیسلامی‌دا نیە، بەڵکوو شتێکە دروست کراوەو چۆنی پێخۆش بێ وا حوکم سادر دەکاو حوکم دەداو هەر کەسێکی پێخۆش بێ مەحکوومی دەکا. کەسێك لەوێدا قازی‌یە، کە لە واقیع دا خوێندەواری زانکۆی نیەو کەشوهەوای زانکۆشی هەر نەدیوە. بەڵکوو کەسێکە لە جەبهەدا پێگەیشتوە، هێندێك ئوسوول‌و مەبانیی ئیبتدایی قەزای فێربووەو حوکمی سەنگین سادر دەکا.

**پ: پاش ئەو دادگا ناعادڵانەیە ئێوە چ حوکمێکتان بەسەردا سەپێنرا؟**

و: لە ٥ی ڕێبەندان‌دا ئیبلاغی حوکم بە ئێمە کرا لە لایەن ئیجرای ئەحکامەوە، مەحکووم کراین بە پێی ماددەی ١٨٦، موحتەوای ماددەی ١٨٦یش عیبارەتە لە "مفسدفی الارض" "اقدام علیه امنیت ملی و محارب با خدا"، یانی خودی دادگا ئەو ماددیەی بەسەر ئێمەدا تەحمیل کرد کە بێشك حوکمی ئیعدامی هەیەو لە دیدگای جمهوری ئیسلامی‌یەوە هیچ لێبووردن‌و مەجالێکی تێدا نیە بۆ ئیسلاحی ئەو شەخسە، دەرنەتیجە مەحکووم دەبێ ئێعدام بکرێ.

**پ: ئێوە کاتێك ئەو حوکمە قورسەیان بەسەردا سەپاندن داوای تەجدیدنەزەرتان کرد؟**

و: ئێمە زەمانێ ئەو حوکمەیان پێ ئیبلاغ کردین، ڕێك سەعات ١٠/٢٠ی بەیانی بوو، ئێمە کە ئەو حوکمەیان پێ ئیبلاغ کریدن لە وەڵام‌دا پێمان گوتن کە ئایا ئەو حوکمە زەرفیەتی زیاتری تێدا نیە کە ئەویشمان بدەنێ، یانی ئەوەی کە نهایەتی حوکم بە ئێمە دراوەو فەوقولعادەش ناعادڵانەیە، بەڵام بەهەرحاڵ حوکمەکە بە ئێمە ئیبلاغ کرا ئێمە لە جواب دا ئەوەمان گوت‌و هیچ ئیعترازێکیشمان نەدا چونکی قەتعەن‌و یەقینەن دەشمانزانی کە شەخسێك کە مەحکووم بێ بە ماددەی ١٨٦ مەحکوومە بە ئێعدام‌و هیچ مەجالێکی تەجدیدنەزەری تێدا نیەو هیچ


کامیل ئوستادئەحمەدی

**لە زیندانی تاکەکەسی‌دا یادی زۆر ڕۆڵەی بە ئەمەگ‌و شۆڕشگێڕ‌و خەباتکاری کوردم دەکردەوە کە ڕۆژانێك لە هەمان ئەو ژوورە تاکەکەسی‌یانەدا بوون، بۆیە لە ژووری تاکەکەسی‌دا دەتوانم بڵێم بە تەنیا نەبووم، چونکە یادی هەموو ئەو کەسانەم دەکردەوە کە لە تاکەکەسی‌دا بوون، کەوابوو چونکە لەگەڵ وان‌دا دەژیام، هەستم بە تەنیایی نەدەکرد**

ئینتیزارێکیش ناکرێ کە ئەو مەجالەی تێدا هەبێ.

**پ: ئێوە بێجگە لەو حوکمە ناقانوونی‌یەی کە بە قەولی وان قانوون، حوکمی شەرعیشتان بۆ دەرچووبوو؟**

و: بەڵێ، حوکمە شەرعی‌یەکەی "موحارب با خدا" یانی شەڕکردن لەگەڵ خودا، زەمانێ کە موبارێزێکی کورد مەحکووم دەکرێ بەوەی یانی ئەو کەسە شەڕی لەگەڵ خودا کردوە، ئەو حوکمەی بەسەردا تەحمیل دەکەن‌و هەمچون شەخسێکیش لە جامیعەی ئێران دا قابلی ئیسلاح نیەو دەرنەتیجە مەحکوومە بە لەنێوچوون‌و دەبێ لەبەین بچێ.

**پ: ئێوە کە خەباتگێڕێکی بزووتنەوەی سیاسی‌و نەتەوەیین، بۆ بەشەڕ لەگەڵ خودادا تاوانبار کراون؟**

و: ئەوەی ڕاستی بێ، جمهووری ئیسلامی بە ئیستلاح خۆی بە نوێنەری خودا دەزانێ لەسەر زەوی‌و ئەو سیستمە کە نوقتەی سقڵ‌و پێکهاتی ئەسڵی‌یەکەی ویلایەتی فەقیهو هەر شەخسێك‌و هەر جەرەیانێك‌و هەر حەرەکەتێك کە موخالفەت لەگەڵ ئەو نیزامە بکا ئەوان بەو تەعبیرە بەرداشت دەکەن کە موخالیفەت لەگەڵ ویلایەتی فەقیه کراوەو هەرکەس موخالیفەتی ویلایەتی فەقیه بکاو بە قەول لە مەوزعی خەلافی وان قەرار بگرێت، دەچێتە قالبی "محارب با خدا" بە پێی ماددەی ١٨٦ حوکمی لەسەر دەدرێ. دیارە ئەوە شتێکی تازە نیە بۆ وێنە هەر پێش ئێمە کەریم تووژاڵی یەکێك لەو خەباتگێڕانەی کورد کە لە حیزبی دیموکرات دا فەعالییەتی هەبووە کە موتەئەسیفانە گیراو تەحویل دراوە کە لە شاری مەهابادێ دا ئەو حوکمەی بەسەردا تەحمیل کراو مەحکووم بوو بە ئێعدام‌و حوکمی ئێعدامەکەشیان بەسەردا ئیجرا کرد. ئەو یەکێك لە نموونەکانە، بەڵکوو سەدانی ئاواش ئەو حوکمەیان بەسەردا تەحمیل کراوەو چوونە ئەو قالبەوە "محارب با خدا" تاونبار کراون.

**پ: لە ماوەی گیرانت دا زیاتر لە ئینفرادی دا بووی یان لە بەندی گشتی‌دا؟**

و: دیارە بۆ ماوەی چوار مانگ‌و سێزدە ڕۆژان ڕێك لە سلوول دا بووم واتە زیندانی ئینفرادی، دوای چوار مانگ‌و ١٣ ڕۆژان ئێمەیان کە برد بۆ دادگایی کردن دوای ئەوەی کە ئێمەیان دادگایی کرد ئێمەیان برد بۆ زیندانی عموومی‌و تا کاتی هەڵاتن ئێمە لە زیندانی عموومی‌دا بووین‌و لەوێدا ماینەوە.

**پ: بەڕێز کامیل ئوستاد ئەحمەدی، یادی یەك ساڵەی دەربازبوون لە بەندی کۆنەپەرستی لە بەڕێزیشت پیرۆز بێ.**

و: منیش بەنۆبەی خۆم پێشەکی سوپاسی ئێوە دەکەم‌و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یە لە هەموو هاوڕێیانی حیزبی‌و لە هەموو خەڵکی کوردستان‌و بەتایبەتی لەو کەسانە دەکەم، لە بنەماڵەی ئەو کەسانە دەکەم کە چاوەڕوانی ئەوەن ڕۆژێك ئەوانیش لە هەڵمەتێکی قارەمانانەو لە ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوان نەکراودا بە خۆشەویستانی خۆیان شاد ببنەوە.

**پ: کاتێك لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بەو شێوە ناجوامێرانەیە دەسگیر کرای،**

←

**هەستت بە چی دەکرد؟**

و: بە واقیعییەت من زۆر نارەحەت بووم، نارەحەتییەکانیشم هەموو ئەوە بوو کە ئاوا بە ئاسانی کەوتووینە دەست جەللادەکانی ڕێژیم، بەڵام، ئەوەی کە وەك پێشمەرگەیەك وەك ئازادیخوازێك دەسگیر کرابووم، شانازیم بە خۆم دەکرد، هەموو ئەشکەنجەیەکو هەموو بێحورمەتییەکیش کە بە چاوی خۆم دیتم، هەموو ئەوانم چاوەڕوان دەکرد: ئێعدام، ئەشکەنجەو لێدانی وەحشییانە، پێشێلکردنی هەموو مافەکانی ئینسانی، تەنانەت دیفاع کردن لە خۆشم. لەگەڵ ئەوەی کە من زۆر نارەحەت بووم بەو دەسگیرکرانەم، بەڵام شانازییەکی یەکجار گەورەشم بە خۆم دەکرد کە من پێشمەرگەیەکمو تێدەکۆشم بۆ مافی نەتەوەکەم.

**پ: سەبارەت بە جەرەیانی بازجوویییەکان بۆمان بدوێ کە بازجووەکان چۆن هەوڵیان دەدا نهێنییەکان بە ئێوە بدرکێنن؟**

و: لە ڕاستیدا ئەوانە تەخەسوسیان هەبوو لە باری رەوانییەوە، لە زۆر بوارەوە، تێیاندا هەبوو مەسەلەن ٢٤ ساڵ، ٢٥ ساڵ بوو لە کوردستاندا بازجوویی کردبوو، بە شێوەی جۆراوجۆر خەڵکی ئازارو ئەزیەت دابوو. هەبوو هەوڵی دەدا بە شێوەیەکی توندوتیژ نهێنییەکانمان پێ ئاشکرا بکا، یەکێکی دیکە دەهات بە زمانی خۆشو بە پێکەنینەوە دەیدواندین بۆ ئەوە نهێنییەکان بدرکێنین. دەیگوت: تۆ بیلێیو نەیلێی هیچ منەتێك نیە، بەڵام ئەگەر نەیلێی حوکمەکەت زیاتر دەبێو هاوڕێکەشت ئەو شتەی باس کردوە. دەمگوت: ئەمن هیچ رفێقێکم نیە. دەیگوت مەسەلەن فلان کادری دیکە هاتۆتەوە بەدوای ئێوەدا دەسگیر کراوە ئەو شتانەی گوتوە. مەسەلەن بە منی دەگوت: ئەوە زۆر لەو خەڵکانەی ناوچەو ناوشاریمان گرتوە کە لەسەر تۆ قسەیان هەیە، ئەتۆ دەناسن. دەمگوت: هەموویان درۆیە، هەموویانم بە درۆ دەخستنەوە. بەشێوەی شووڕای چەند کەسی دەهاتن، هەر یەکێ پرسیارێکیان دەکرد بۆ ئەوەی ئەمن شتێك بدرکێنم کەچی بە خۆشییەوە نەیانتوانی بە هیچ شێوەیەك هیچ شتێکم لێ دەربکێشن، لەگەڵ ئەوەی کە بازجووەکان لە هەموو کاتێکدا دەهاتن. ئەو کاتانەی کە ئەمن بازجوویی دەکرام لە سلوولی تاکەکەسیدا بووم، لە ژێر فشارێکی رۆحیو رەوانیی یەکجار زۆردا بووم. بۆ وێنە جاری وابوو دەهاتن دەیانگوت: ئەوە خێزانو ماڵو منداڵەکەت لەبەر دەست ئێمە دایەو هاتوونەتەوەو ئەو کەسانەی کە هاتوچۆی ماڵی ئێوەیان کردوە، گوتویانە ئێستا دەیانهەوێ بەرەڕووت بن. ئەتۆ نەزەرت چیە؟ دەمگوت: ئێوە درۆ دەکەن. دەمزانی کە ئەو شتە واقیعییەتی نیە. پاشان بەهەر جۆرێك کە ئەوان پێیان وابوو ئەوان تەخەسوسیان هەیەو دەورەیان دیتوە سەبارەت بە نهێنییەکانی حیزبی، بەڵام، هەر نەیانتوانی لە من شتێك دەرکێشن، کەچی لە نیهایەتدا بە تورکی، بە فارسی جنێویان دەداو بێحورمەتییان دەکرد. دەیانگوت ئەوانەش دەورەیان دیوە، پێمان بڵێن کێ دەورەی پێ داون، ئێوە دەورەی ئەمنییەتیتان دیوە. لەڕاستیدا زۆر دەورەش هەبوو کە ئێمە نەشمان دیبوو، بەڵام ئەوان پێیان وابوو دیتوومانە. ئەوەش دەتوانم بڵێم هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئیرادەیەی ئینسانێکی شۆڕشگێڕ کە لە خۆیدا پێکی هێناوە، چونکە ئەو باوەڕی بەخۆی هەیە، باوەڕی بە ئازادیی میللەتەکەی هەیە کە نهێنییەکانی نەدرکێنێو لە مەرگو لە ئێعدامو لە هەرچەشنە ئەشکەنجەیەکی روحیو رەوانی بێ باکە. لە بازجوویییەکاندا کەسانێکی ریش سپییان دەهێنا کە بە زمانی خۆش دەهات دەیگوت: ئەمن وەکوو بابی تۆ قسەت لەگەڵ دەکەم، پێم خۆش نیە ئێعدام بکرێی، منداڵەکانت چاوەڕوانتن، ماڵو منداڵت هەیە، ئەتۆش ئازاد دەبیو خەڵکانێکی دیکە، زۆر کەس هەن شتیان لە لای ئێمە باس کردوە، ئێمە دەزانین تۆ شتەکانی خۆت بڵێی، ماوەیەك لە زیندانت دەکەینو... . من دەمگوت ئەمن هیچ نازانم. زۆر جار دەیانگوت: ئەو هاوڕێکانت بۆ هێندێ بابەت دێنە رووبەڕووی تۆ، دوایی دەمزانی ئەوە درۆیە. لە ئەوەڵو دووهەمو سێهەم رۆژی بازجوویییەکاندا شێوەی بازجوویییەکە بە تەواوی هاتە دەستمان، بۆیە ئەوە ئیدی نەیانتوانی بە هیچ جۆرێك سەرکەوتوو بن کە نهێنییەك لە ئێمەوە وەدەست بخەنو، منیش لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم کە لە چوارچێوەی نهێنیدا هەموو کەس دڵنیا دەکەین کە هیچ شتێك لەلایەن ئێمەوە نەدرکاوەو ئەوە کە ڕێژیمیش بۆخۆی بڵاوی دەکاتەوە، لە پیلان زیاتر نیە.

**پ: کامیل ئوستاد ئەحمەدی! دێینە سەر باسی دادگا، لە بێدادگای ئینقلابدا ئێوە مافی بەرگریکردن لە خۆتانتان هەبوو؟**

و: کاتێ کە دادگایی دەکراین، لە سەریشمان رادەوەستان جوابی پرسیارەکان بدەینەوە، بەڵام بۆ وان موهیم نەبوو کە ئێمە چ دەڵێینو چییان وەڵام دەدەینەوە، ئەوەی کە بۆ ئەو بەناو دادگایە مەسەلە بوو، لەڕاستیدا هەر ئەو پەروەندەیە بوو کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بۆمانی دروست کردبوو. وەکوو حوکمو تاوان بەسەر ئێمەیدا سەپاندبوو. لەڕاستیدا دیفاعمان لە خۆمان دەکرد، بەڵام ئەو [قازی] هەر ئەوەی کە لە پەروەندەدا هەبوو، هەر باوەڕی بەوە بوو. بەڵام من من نموونەیەك دێنمەوە لە داسەپاندنی ئەو حوکمە" عەمەلییاتی قارەمانانەی هێزی پێشەوایە کە لە کەشتو سەنعەتی شاری مەهاباد بەڕێوە چوبوو. ئەسڵەن من ئەو کات هەر لەو جەرەیانەدا نەبوومو لەو عەمەلییاتەدا بەشدار نەبووم، بەڵام یەکێك لەو تاوانانە بوو کە بەسەر منیاندا سەپاند. ئەوە سەلماندنی ئەو راستییەیە کە ئەوەی کە لە پەروەندەکەی ئیتلاعاتیشدا هەبوو، هەر ئەوەیان بەسەر ئێمەدا سەپاند. لەو بارەوە من تەنیا هیوادارم پەروەندەکان لە دوارۆژدا بکەونە بەر دەست خەڵكو راستییەکانیش دەرکەون.

**پ: هەڵسوکەوتی بەناو قازیی ئەو دادگایە لەگەڵتان چۆن بوو؟**

و: زۆرم پێ سەیرە کە ناوی قازی دێنن، چونکە ئەوەی لە دادگای کۆماری ئیسلامیدا نەبێ قازییە. کەسانێکیان بەناوی قازی لە پشت میز داناوە کە پاسدارو بەسیجێکی بە تەواو مەعنا جێگای متمانەی کۆماری ئیسلامیو ئەو کەسانەن کە دەستیان بە خوێنی دەیان رۆڵەی کوردستان سوور بووەو بە پووڵو پارە لە خزمەت جمهووری ئیسلامی دانو ئەوەی پێیان خۆش بێ بەسەرتیدا ئەسەپێنن. ئەو بەناو قازییانە کەسانێکن کە دوژمنایەتییەکی بنەڕەتییان لەگەڵ کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی میللەتی کورد هەیە، سروشتییە وەك دوژمن چاویان لێ دەکردین.

**پ: وەك ئێمە ئاگادارین حوکمی ئێعدامیان بەسەر تۆو هاوڕێیانتدا سەپاندبوو، تۆ پێشبینیی حوکمێکی وەها قورست دەکرد؟**

و: لە دووهەمین جەلسەی دادگاییدا کە ٢٢ی بەفرانباری ساڵی ٨٢ بەڕێوە چوو، هەر سێکمان براین بۆ دادگای ئینقلاب، لەوێ بە تەواو مانا دەرکەوت کە حوکمی ئێعدامان بەسەردا دەسەپێنن، چونکە ئەوە لە مێژە باوە کە کەسێك کە کورد بێو بەڕاستی بیشیهەوێ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد بکا، لە روانگەی جمهووری ئیسلامیی ئێرانەوە هەر مەحکووم بە ئیعدامە.

**پ: دوای ئەوە کە ئەو حوکمە زاڵمانەو قورسەیان بەسەر ئێوەدا سەپاند، چ هەستێکت هەبوو؟**

و: لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەو دوو هاوڕێ ئازیزو خۆشەویستو خەباتگێڕە، هەم کاك حەسەنو هەم کاك مەجید ناو دەبەم کە پێکەوە بووین، ئەو کاتەی کە ئەو حوکمەیان بەسەر ئێمەدا سەپاند، لەڕاستیدا من پێکەنیم، پێکەنینەکەشم بە مانای خۆشحاڵی بووە، بۆ؟ چون هەر لەوێ بەوانم گوت کە: ئیفتیخاری ئێمە ئەوەیە کە ئێمە وەکوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دیفاع لە مافو ئازادییەکانی میللەتی کوردە ئێعدامان بەسەردا سەپاوەو ئێعدام دەکرێین. زۆر جاریش بە شۆخی لەنێو هاوڕێیاندا پێیم دەگوتن، دەمگوت: لە ساڵی ١٣٢٦دا قازیو دوو کەس لە هاوڕێکانی ئێعدام کران، ئەمڕۆش سێ رۆڵەی دیکەی پێشەوا قازی محەممەد لە دادگای کۆماری ئیسلامیدا مەحکووم دەکرێنو ئێعدام دەکرێن.

**پ: چ ماوەیەك لە ژووری تاکەکەسیو ئینفرادیدا بووی؟**

و: لەڕاستیدا لە سەرەتادا، ٧ شەوان لە مەهاباد بازادشت بووین. دوای ئەوەی کە گواستیانینەوە بۆ بازداشتگای ئیتلاعاتی ورمێ، سەرجەم ٤ مانگو نیو ئێمە لە سلوولی تاکەکەسیدا بووین، بەڵام ماوە ماوە خەڵکانێکیان لەگەڵ دەکردین کە ئەوانیش بۆ ئێمە جێگای متمانە نەبوونو دڵنیاش بووین لەوەی بەشی هەرە زۆریان ئیتلاعاتیو مۆرەی ئیتلاعاتی بوون" بۆ ئەوەی لەگەڵیان دەکردین لە سلوولی تاکە کەسیشدا کەڵك وەرگرن، بەڵام ئەوان هەر نەیانتوانی. لەو ماوەیەدا کە لە زیندانی ئینفرادیدا بووم، لەڕاستیدا زیندانی ژووری تاکەکەسی لە کۆماری ئیسلامیدا دیوێکی ٣ میتر لە میترێك دایە کە میترێکیان بۆ حەمامو تەوالێت تەرخان کردوە، ٢ میتر لە یەك میتریش بۆ ئێستراحەت.

لە زیندانی تاکەکەسیدا یادی زۆر رۆڵەی بە ئەمەگو شۆڕشگێڕو خەباتکاری کوردم دەکردەوە کە رۆژانێك لە هەمان ئەو ژوورە تاکەکەسییانەدا بوون، بۆیە لە ژووری تاکەکەسیدا دەتوانم بڵێم بە تەنیا نەبووم، چونکە یادی هەموو ئەو کەسانەم دەکردەوە کە لە تاکەکەسیدا بوون، کەوابوو چونکە لەگەڵ واندا دەژیام، هەستم بە تەنیایی نەدەکرد.

**پ: کاك مەجید ئێوە لە کاتێکدا دەستگیر کران کە خەریکی چالاکیو کاری حیزبی بوون لە نێو شاری مەهاباددا، دەکرێ بە کورتی باسی ئەو پیلانە بکەن کە دەستگیرکرانی خۆتو هاوڕێیانتی لێ کەوتەوە؟**

و: سەرەتا بەبۆنەی ساڵیادی رزگاربوونمان لە بەندو چاڵە رەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پیرۆزبایی لە هاوڕێیانمو هەموو زیندانییانی سیاسی لە سەرتاسەری کوردستان دەکەم.

بەڵێ ئێمە لە حاڵێکدا خەریکی چالاکیو تێکۆشانی حیزبی بووین لە نێو شاری مەهاباد، بە پیلانێکی خیانەتکارانەو لەپێشدا داڕێژراو بە داخەوە لە لایەن هێزەکانی دەزگای ئیتلاعاتیی ڕێژیمەوە دەسگیر کراینو خراینە بەندیخانەوە.

**پ: کە گیرای چ هەستێکت هەبوو؟**

و: شتێکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو کە بەو شێوەیە کەوتینە بەردەستی کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی، بۆیە هەستێکی ناخۆشم هەبوو، نەك من، هاوڕێیانیشم کە بەو شێوە کەوتبوینە بەردەستی جەللادەکانی ڕێژیم، ئەوانەی بە دەیانو سەدان تێکۆشەری کوردیان خستۆتە ژێر تیغی ئێعدام، ئەشکەنجەو ئازاریان داون بۆ ئەوەی سەریان پێ شۆڕ بکەن.

**پ: سەبارەت بەو شێوازانەی لە بازجوویییەکاندا بەکاریان دێنا بۆ ئەوەی نهێنییەکان بدرکێنن، هێندێك بۆمان بدوێ؟**

و: لە ماوەی بازجوویییەکاندا بە زۆر شێوەی جۆراوجۆرو فریودەرانە هانیان دەداین بۆ ئەوەی نهێنییەکان بدرکێنین. بۆ وێنە دەیانگوت ئێمە باشیی ئێوەمان دەوێو رەنگە رۆژێك لە رۆژان ئێوە ئازاد بکرێنو بچنەوە نێو بنەماڵەکانتان، بۆچی ئاوا خۆتان دەخەنە ژێر ئازارو نارەحەتییەوەو... . لە هەموو ماوەی بازجووییدا لە ژووری تاکەکەسیدا رایان گرتینو وەڵامی هیچ داواکارییەکیان نەدەدایەنەوەو بە دەیان جار لە سەعاتی ٣و ٤ی بەیانی ئێمەیان بانگ دەکرد بۆ بازجوویی. سەرەڕای ئەوەی چاومان بەسترابوو نەك دەستیان نەدەگرتین، بەڵکوو لە پشتەوە پاڵیان پێوە دەنایەنو لە سەریان دەگوڕاندینو بێ حورمەتییان پێ دەکردین.

شتێکی دیکە کە پێویستە ئیشارەی پێ بکەم، ئەوەیە کە لە بازجوویییەکاندا یەکێك لەو شتانە کە بۆ منیان زەق دەکردەوە، پەروەندەی گیرانم بوو لە ساڵی ٦٦دا. ئەو ساڵە لەگەڵ رەفیقیکمدا لە کاتی چوون بۆ پێشمەرگایەتی گیرابووینو کەوتبووینە زیندان. ئەوان ئەوەیان دەقۆستەوەو دەیانگوت ئەگەر ئەتۆ بێی هاوکاریمان بکەی، ئەو پەروەندانە هەمووی لا دەبەین، بەڵام من دەمزانی کە پەروەندەی من قورستر بووە.

بێجگە لە دانی وەعدەو وەعید، شێوازێکی دیکە کە بەکاریان دەهێنا، ئەوە بوو کە دەهاتن دەیانگوت: ئەوە رەفیقەکەت زۆر شتی گوتووە، بۆ ئەتۆ نایلێی؟ یا رەفیقەکەی دیکەت شتی لەسەر تۆ گوتووە بۆ ئەتۆ نایلێی؟ منیش دەمگوت، هیچ شتێکمان نیە کە بیلێین، جگە لەوەش هیچ هیوایەکمان بە بازجوویییەکانتان نیەو... .

**پ: جەرەیانی دادگایی کردنتان لە دادگای "ئینقلاب" چۆن بەڕێوە چوو؟**

و: دادگای ئینقلاب دادگایەکە کە لە سەرەتای دەسەڵاتی ڕێژیمەوە حوکمی نادادپەروەرانەو نامرۆڤانە دژی موخالیفان دەدا، بۆیە ئێمە هیچ ئومێدێکمان پێی نەبوو. دادگاییکردنی ئێمە زۆر فەرمایشی بووو زیاتر بۆ تێپەڕکردنی کاتو بۆ ئەوە بوو بڵێین کە ئەوانەمان دادگایی کردووەو لە دادگادا حوکممان داونەتێ، ئەوەش دوور لە راستییە، چونکە هیچ کەس باوەڕی بەو دادگایە نیە. لەو دادگایەدا بە پێی ئەو تاوانانە کە دەزگای ئیتلاعات هەڵیان دەبەستێ، حوکم دەدرێ.

**پ: چ شتێکت لەو بەناو دادگایە لە بیر ماوە، بۆمان بگێڕیەوە؟**

و: لە کاتی دادگایی کردنماندا جەللادێك بەناوی "هاشمی" رەئیسی دادگا بوو (دادگای ئینقلابی مەهاباد). ئەو بەناو قازییە کەسێکی داخ لە دڵە سەبارەت بە کوردو هەمیشە دژی گەلی کورد بووە. ئەوەندەی من بزانم هەر لەم دواییانەدا ٢ کەسی لە تێکۆشەرانی حیزب بە ناوەکانی کەریم تووژەڵیو جەلیل زێوەیی بە ئێعدام مەحکووم کردبوو. ئەویش لە دادگادا هەر قسەی بازجوویییەکانی دەکرد. "ئێوە دژی ئەمنییەتی وڵات جووڵاونەتەوە، ئێوە دێموکراتن، ئێوە شەڕتان لەگەڵ سەربازی ئێمەدا کردوە، سەبازی ئێمەتان کوشتوە، ئێوە حیزبو شۆڕشو لە خوێنتان دایە، پاك نابێتەوە". تەنانەت ئەوەشی گوت کە: ئێوە دەبێ باش حوکمی خۆتان بزانن". دیارە مەبەستی "ئێعدام" بوو. ئەو بەناو قازییە بۆ ئەوە دانەنیشتبوو کە گوێ لە ئێمە بگرێ، بەڵکوو بۆ ئەوە دانیشتبوو حوکمە لەپێشدا دیاریکراوەکانمان بەسەردا بسەپێنێ.

*



مەجید سەدەفی

**مەجید سەدەفی:**

**دادگای ئینقلاب دادگایەکە کە لە سەرەتای دەسەڵاتی ڕێژیمەوە حوکمی نادادپەروەرانەو نامرۆڤانە دژی موخالیفان دەدا، بۆیە ئێمە هیچ ئومێدێکمان پێی نەبوو. دادگاییکردنی ئێمە زۆر فەرمایشی بووو زیاتر بۆ تێپەڕکردنی کاتو بۆ ئەوە بوو بڵێین کە ئەوانەمان دادگایی کردووەو لە دادگادا حوکممان داونەتێ**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 406 3 Feb 2005

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom


## هوتێلداری بە شێوەی بەندییەوانەکانی کۆماری ئیسلامی!

"هەواڵنێرانی هەواڵدەرییەکانو ژمارەیەك لە ڕۆژنامە نێوخۆیییەکان، ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندان سەردانی بەندیخانەکانی ئێوینو ڕەجایی شاریان کرد. لە زیندانی ئێوین زیاتر لە ٢ هەزار زیندانی (یا بە وتەی بەرپرسانی زیندان زیاتر لە ٢ هەزار یارمەتیخواز) گیراون. بە گوتەی سلیمانی بەڕێوەبەری گشتیی زیندانەکانی ئوستانی تاران، نوێکردنەوەی ئەم بەندیخانەیە لەساڵی ١٣٨١ەوە دەستی پێکردوەو، لە بەهاری داهاتوودا کۆتایی پێدێ. لەم زیندانەدا [بە گوتەی سلیمانی] زۆرتر ئەنجامدەرانی تاوانی ماڵیو ئەمنییەتی رادەگیرێن. زیندانی ڕەجایی شاری کەرەجیش زیاتر لە ٢ هەزارو ٨٠٠ زیندانیی تێدایەکە بەشی زۆریان ئەنجامدەرانی تاوانی چەکدارانە، کوشتنو تاوانی کەیفەرین.

هێندێك لە بەندییەکانی ئەو دوو زیندانە کە لەگەڵ هەواڵنێران وتووێژیان کرد، سکاڵایان لە پەروەندەی خۆیان هەبووو دەیانگوت بێتاوانن بەڵام کەس گوێ لە قسەی ئەوان ڕاناگرێ. بەڕێوەبەری زیندانەکانی پارێزگای تاران وێڕای ئاماژە بە ئیمکاناتی زیندانو ئەو پێویستییانەی بۆ زیندانییەکان دابین کراون، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئێمە زیاتر خەریکی هوتێلدارین تا بەندییەوانی"

هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران (ئیسنا) ـ تاران



### ڕوونکردنەوەیەکی کورت بەڵام پێویست

١ـ وەك هەمیشە، "سلیمانی"یش وەك هەموو بەرپرسەکانی کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر ئامادە نیە ددان بەوەدا بنێ کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، زیندانیی سیاسیو عەقیدەتی هەن. ئایا بەڕاستی لە نێو ئەو ٤٨٠٠ زیندانییەدا تەنانەت تاقە یەك زیندانیی سیاسییش نیە؟

٢ـ داخوا ئەو "ئیمکانات"ەی لەو دوو زیندانەدا هەنو خراونە بەرچاوی هەواڵنووسان، ئەو گرتووخانە نهێنییانەش دەگرێتەوە کە لە لایەن دەزگای قەزاییو سوپای پاسدارانەوە سەرپەرستی دەکرێن؟

٣ـ ئەگەر بەندییەوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەشکەنجەو بەدرەفتاری، بە ئیمکاناتێکی وەك ئیمکاناتی هوتێلەکان پێشوازی لە زیندانییەکان دەکەن، بۆچی ڕێگا بە نوێنەرانی ڕێکخراوێکی وەك "هیومن رایتس واچ" نادەن ـ کە لە ١٣ی ژانویەی ئەمساڵ دا پەردەی لەسەر ڕەفتاری وەحشیانەی بەندییەوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گیراو و زیندانییەکان لا دا ـ سەردانی گرتووخانەکانی سەربەدەزگای قەزاییو سوپای پاسداران بکەن.

٤ـ بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز، "زارا کازمی" وێنەگری ئێرانیی دانیشتووی کانادا، چەند شەوێك میوانی یەکێك لەم بەندیخانانە (ببوورن هوتێلانە) بوو کە لە ئاکامی خزمەتی زۆری هوتێلدارانی خانەخوێ دا ـ لە خۆشیان ـ گیانی دەرچوو!



٥ـ بڕواننە وێنەکانی ئەم دوو زیندانییە سیاسییە کوردە کە یەکێکیان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست داوە، تا بۆتان ڕوون بێتەوە هوتێلداریو بە میوان ڕاگەیشتن لە قامووسی ئەشکەنجەگەرانو جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی دا یانی چی؟!

## مانگرتنی زیندانییە سیاسییەکان لە بەندیخانەی گەوهەردەشتو ئێوین دا



لە ڕۆژی ٢٥ی بەفرانبار (١٤ی ژانویە)ەوە چەندکەس لە زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بە ناوەکانی حوججەت زەمانی، جەعفەر ئێقدامیو وەلیئەڵڵا فەیز مەهدەوی کە لە زیندانی گەوهەردەشتی ڕەجایی شاری کەرەج دان، مانیان لە خواردن گرتوە. ئەو زیندانییانە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە پێشێل کرانی بەردەوامی مافی مرۆڤـ، سەرکوتی چاپەمەنیو خوێندکارانو وێکڕا بەندکرانی ئەوان لەگەڵ بەندییە ئاسایییەکان مانیان گرتوەو داواکاری بەڕێوەچوونی بەتەواویی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤـ لە ئێران دان.

بەندییە ناوبراوەکان لە سەرەتای ڕێبەندان دا نامەیەکیان بۆ کوفی عەنان سکرتێری گشتیی ڕێکخرای نەتەوە یەکگرتووەکان نووسیوەو داوایان لێ کردوە فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن تا ڕێز لە نێوەرۆکی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤـ بگرێ.

لە ٥ی ڕێبەندان (٢٤ی ژانویە)شەوە، ژمارەیەکی دیکە لە بەندییە سیاسییەکان بە پشتیوانی لەو مانگرتووانە، مانیان لە خواردن گرت کە بریتین لە: دوکتور فەرزاد حەمیدی، میهرداد سوهرابی و ئەرژەنگ داودی. بەگوێرەی دوا ڕاپۆرتەکان ژمارەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی خوێندکاران لە زیندانی ئێوین دا، یەك لەوان حیشمەتوڵڵای تەبەرزەدی لە ٢٢ی ژانویەوە، بە پشتیوانی لە مانگرتووانی زیندانی گەوهەردەشت، مانگرتن لە خواردنیان دەست پێکردە. ڕێکخراوە خوێندکارییەکان وەزعی سلامەتیی زیندانییە سیاسییە مانگرتووەکانیان بە جێگەی نیگەرانی ناوبردوە.

ڕادیۆ فەردا

## دیسان تاوانی وەحشیانە بە ناوی پارێزگاری لە شەرەف



ڕۆژی شەممە ١٥ی ژانویە، لە شاری "کولەمبۆرخ"ی هولەند کچێکی کوردی تەمەن ١٨ ساڵ بە ناوی "چیمەن کۆچی"، لە ژێر ناویپارێزگاری لە شەرەفی خێزان، لە لایەن برایەکییەوەو لەبەر چاوی دایكو خوشکەکەیەوە، بە چەقۆو بە شێوەیەکی وەحشیانە گیانی لێئەستێنرا. چیمەن کە لە ساڵی ١٩٨٦ەوە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لە ناوچەی سەرتەنگی کوردستانەوە چووبوونە هولەند، بەو تاوانە کە لە دەرەوەی فەرهەنگو ڕەسمو عادەتی خێزانو کۆمەڵگاکەیدا، خۆشەویستی کردبوو،کوژرا.

کوردستان نێت

## برایم خانی یوونسی: ئازادیو دیموکراسی مەرجی هەرچەشنە گۆرانێکە



وەرگێڕو ڕۆماننووسی بەناوبانگی ئێران، برایم خانی یوونسی کە بۆخۆی کوردەو ئێستا لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا هەروا ڕووخۆشو بەگوڕو پڕکارە، لەم دواییانەدا، بیروڕای خۆی لە بارەی ئازادیو دیموکراسیو سانسۆر لە وتووێژێك دا بەم چەشنە دەربڕیوە:

ئازادیو دیموکراسی مەرجی هەرچەشنە گۆڕانێکەو بە تایبەتی هونەرمەندان بۆ خوڵقاندنی داهێنەرانە دەبێ بەبێ هیچ کۆسپو سانسۆرێك دەرەتانی پشکوتنو گەشەکردنیان هەبێ.

برایم خان پاشان داستانی دێوەزمەی سانسۆر لە ڕۆمانی "گۆرستانی غەریبان"دا بەم چەشنە دەگێڕێتەوە:

وابزانم لە بارەی ئەو کتێبەی منەوە، هەر ئەو ڕۆمانی "گۆرستانی غەریبان"ە بوو کە ڕۆژێك ئاغای ئەحمەد مەحموود گوتی دەچمە وەزارەتی ئیرشاد بۆ لای بەڕێزێك کە وادیار بوو لە ڕادیۆو تەلەویزیۆنەوە ڕاگوێزرابوو بۆ هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ئیرشاد. گوتی من زۆرم ڕێز هەیە بۆ جەنابتو جێی خۆیەتی بچم قسەیەکی خێر بۆ ئەو کتێبەی تۆ بکەم. گوتم زۆرم پێخۆشەو زۆریش مەمنوون دەبم. کاتژمێرلای ١٢ بوو کە تەلەفونی بۆ کردمو گوتی هەر ئێستا بە بڵاوکەرەوەکەت بڵێ هەر ئێستا بچێ ئیجازەی کتێبەکەت وەربگرێ. من هەرچی زەنگم لێدا، بڵاوکەرەوەم نەدۆزیەوە، سبەینێ دۆزیمەوەو هەرچۆنێك بوو ناردم. جارێ ١٥ ڕۆژ بردیانو ئەم لاو ئەولایان پێکردو کابراشی نەدی. پاش ١٥ ڕۆژ دیتم کاغەزێکی پێیە، ئەگەر پێشتر حەفتا هەشتا جێگایان دەستنیشان کردبوو تا لای بەرم، ئەمجار کردبوویان بە ١٢٠ جێگا! هەروا سووكو هاسان! گوتم ئاغای مەحموود بەڕاستی زۆر سوپاست دەکەم. گوتی وەڵڵاهی زۆرم پێخۆشە ئەم کارەم بۆ کردی گوتم براگیان! سی جێگای دیکەشیان بۆ سانسۆر پێوە زیاد کردوە!

بەڕاستی زۆر سەیرە بابایەك کە نە داستان نووسە، نە قەتی ڕۆمان نووسیوە، نازانێ ئەم پاڵەوانەی نێو ڕۆمانەکەم، ماتۆری داستانەکەمە. پاڵەوانەکانی چیرۆك ماتۆرەکانی داستانن، تۆ نازانی کاتێك پاڵەوانێکم پێفڕێ دەدەی، من ماتۆرێکم لەکار دەکەوێو . . .

ڕادیۆ ئەڵمان، بەشی فارسی DW

## گیانی نەتەوەیی بەرلەماڵاوایی و تاکی کورد

ع. وریا

ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، کوردستانی ئێران بە گشتیو شاری مەهاباد بە تایبەتی شاهیدی ڕێزگرتنی ئازایانەی خەڵك لە بیرەوەریی دامەزرانی کۆماری کوردستانو یادو ناوی سەرکۆمارە شەهیدەکەیان بوون. ئەگەر لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان، خەڵك، بەتایبەتی لاوانی نیشتمانپەروەرو ئازادیخوازی کورد، بە دروشم نووسین لە دارودیوارو هەڵمەتی بەرینی تەبلیغاتی بە کەڵکوەرگرتن لە تاریکیی شەو، نیشانیان دا کە بە ڕێبازی کۆماری کوردستانو پێشەوا قازی محەممەد وەفادارن، لە مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستان، بە ڕۆژی ڕوونو، ڕاست لە ٥٩ ساڵەی دامەزرانی ئەو کۆمارە جوانەمەرگەدا، چوونە سەر مەزاری سەرکۆماری شەهیدو کۆمەڵێکی دیکە لە ڕەمزو سیماکانی خەباتی نەتەوەییو ئازادیخوازیی گەلی کورد. بەڵێ ئەمساڵ بەسەدان ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری کوردستان نەترسانەو بە ئاشکراو لەبەر چاوی غەزەب لێباریوی کاربەدەستانی دژ بە کورد، ڕێزیان لە ٢ی ڕێبەندانو بیرەوەریی دامەزرانی کۆماری کوردستان نا.

ئەوەی ئەمساڵ لە ٢ی ڕێبەندان دا لە شاری مەهاباد ڕووی دا، پێشتریش هەر لەم شارەو لە بیرەوەریی تاڵی لە داردرانی قازی محەممەدو هاوڕێیانیدا، چەند جار دووپات ببۆوە. چەند ساڵێکە ئازادیخوازانو نیشتمانپەروەرانی ئازاو نەترسی ئەو شارە، نەریتی نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازو ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەیان دا، کردوە بە ڕێورەسمێکی ئاشکراو، بە سەدان چەپکەگوڵو بە شێعرو پەخشانو سروودو وتاری حەماسیو نەتەوەییو ئازادیخوازانەوە لە سەر مەزاری ڕەمزی کۆڵنەدانو سەردانەنواندنی گەلی کورد، ئامادە دەبن تا بە میراتگرانی بکوژانی قازی محەممەدو کۆماری کوردستان ڕابگەیەنن کە پێشەواو کۆماری کوردستان لە یادو بیرەوەریی گەلەکەیان دا هەروا لە زیندوونو خەباتو تێکۆشان تا وەدیهاتنی ئامانجی بەرزی ئەوان کە گەیشتنی گەلی کورد بە ئازادیو بە دەستەوەگرتنی مافی چارەنووسی خۆیەتی، هەر بەردەوام دەمێنێ.

ئاماژە بەو حەرەکەتە ئازایانەو شایانی ڕێزلێنانەی خەڵکی مەهاباد، بەو بۆنەیەوە بوو کە لە چاو نموونەکانی دیکەی لەو چەشنەی خەڵکی کوردستان، تازەیەو، هێشتا ٢ حەوتووی بەسەردا ڕانەبردوە. ئەگینا بە خۆشیو شانازییەوە دەبێ بڵێین ئەوەی لە ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵو ١٠ی خاکەلێوەی ساڵانی ڕابردوو لەو شارەدا ڕووی داوە، بە بۆنەی دیکەوەو لە شکڵو شێوەی جیاوازدا، لە زۆر شارو ناوچەی کوردستان دووپات بۆتەوە کە دیارە زۆرجار ئەمجۆرە کردەوەو هەڵوێستانە لایەنی سەرانسەریو گشتییان هەبووەو، خەڵکی کوردستان بە تێکڕا تێیان دا بەشدار بوون. وەك نموونە ئاماژە بە هێندێك لەوان دەکەم:

نزیکەی ١٠ ساڵە بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز لە کوردستانی ئێران، سیمایەکی نەتەوایەتیو خەباتگێڕانەی بەخۆوە گرتوە. توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵكو بە تایبەتی ڕووناکبیرانو لاوانی وشیارو تێگەیشتوو نەورۆزیان لە جێژنی پێشوازی لە وەرزو ساڵێکی نوێوە، بردوە بۆ ئاستێکی پڕماناترو بەرزترو، کردوویانە بە ڕەمزی سەرکەوتنی ژێردەستان بە سەر زۆردارانو زاڵبوونی داواکارانی سەربەستیو دادپەروەریو ڕووناکی بەسەر دیکتاتۆریو بێدادیو تاریکیدا. هەرکەس لە نزیکەوە شایەدی ئەو ڕێورەسمو بەرنامانە بێ کە لە پێشوازی نەورۆزداو بە بۆنەی نەورۆزەوە بەڕێوە دەچن، لەگەڵ بیستنیسروودە نەتەوایەتییەکانی "ئەی ڕەقیب"و "ئەم ڕۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە"داو، وێڕای دیتنی شەکانەوەی ئاڵای کوردستانو، دووپاتبوونەوەی بەڕێزەوەی یادو ناوی ڕێبەرانی شەهیدی گەلی کورد، هەست بەو گیانە نەتەوایەتییەی تینووی ڕزگاری لە سەرانسەری کوردستان دا دەکا کە تا دێ پتر دەبووژێتەوەو، بووە بە کانگاو سەرچاوەی هێنانی خەڵك بۆ سەر گۆڕەپانەکانو شەقامەکان.

ساڵی ڕابردوو هەم ئەو کاتەی بە هەوڵو تێکۆشانی ڕێبەرانو نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی کاتیی فەرمانڕەوایی عێراق دا سیستمی فیدراڵی بۆ حکوومەت پەسند کراو، ددان بە زۆربەی مافەکانی کورد لەو وڵاتە دا نرا، هەم کاتێك لە یەکی شوبات تیرۆریستان لە ڕۆژی جێژنی قوربان دا، دوو بارەگای سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستانیو یەکیەتی نیشتمانیی کوردستانیان لە هەولێر تەقاندەوەو، نزیك دووسەد سەرکردەو کادری ڕێبەریو مرۆڤی لێوەشاوەو هەڵکەوتەی ئەم دوو حیزبەو خەڵکی کوردستانیان شەهید کرد، خەڵکی کوردستانی ئێران هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ خوشكو براکانیان لەم دیوەی سنوور بە جوانترین شێوە پێشان داو، لە هەر دوو بۆنەو حاڵەتەکەش دا، دەریان خست ئەو مافو ئازادییانەی گەلی کورد لە عێراق خەریکە بە شێوەی ڕەسمی وەدەستیان بێنێ، یا لەگەڵ دژایەتیو دوژمنایەتیی شۆڤینیستانو کۆنەپەرستان بەرەوروو بوونەوە، هەر ئەو مافو ئازادییانەن کە ئەوان لە ئێران دا لێیان زەوت کراوەو خەباتی بۆ دەکەن.

لێرەدا ناگونجێ هەموو نموونەکانو تەنانەت هەموو یا بەشێك لەو ڕەوتو وردە بزووتنەوەو تێکۆشانو چالاکییانە کە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێرانو بە هۆی توێژە جۆراوجۆرەکانەوە بە ئامانجی نەتەوەییو ڕزگاریخوازانەوە بەرەوپێشەوە دەبرێن، ناو ببەم یا ئاماژەیان پێبکەم. بەڵام بە پێویستی دەزانم بڵێم لەو دیوی یا لە پشت هەموو ئەو هەڵوێستو ڕەفتارو تێکۆشانە ئامانجدارانەوە گیانێکی نەتەوەیی هەیە. ئەم گیانە ئەگەر جاران لە وجوودی چەند حیزبو ڕێکخراوی نەتەوەیی یا لە لەشی هەزاران تێکۆشەری نەتەوەپەروەری کورددا، دەژیا، ئەمڕۆ لە ئاکامی وەئاگاهاتنەوەی نەتەوەیی، لە وجوودی هەر تاکێکی کورد دا دەژیو خۆی دەنوێنێ. ئەمەش بێگومان وەرچەرخانێکی گرنگو مزگێنییەکی گەورەیە. ئەمە دەتوانێ سەرەتای قۆناغێکی نوێو بەرایی زۆر ئاڵوگۆڕی گەورەبێ.

## مرواریی دەریای وشە

**ئەگەر واز لە هەوڵدان بێنی، دەستت لە ژیانیش هەڵگرتوە. (پەندی چینی)**

**باشترین سیاسەت، سەداقەتە. (سیروانتس)**

**ئەوەی دەیزانین دڵۆپێکە، ئەوەی نایزانین ئوقیانووسێك. (ئیسحاق نیوتون)**

**بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو دەتوانین لە ژیان تێبگەینو بە ڕوانین لە داهاتوو، دەتوانین بژین. (سوورێن کیەر کێگارد)**

**مەبەست لە ژیان تەنیا بەختیاری نیە، بەڵکوو کامڵتر کردنیەتی. (مادام واستاهیل)**



زستانو پەیکەرەیەکی بەفرین